# ئایینناسی


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

ژمارە(٦)ساڵی دووەم، نیسانی ٢٠٢٤


- ئیسلام و پلورالیزمی ئایینی
- ئێزدییەکان؛ دیرۆك، ئایین و دابونەریتیان
- پێکەوەژیان و گفتوگۆی نێوان ئایینەکان
- مەلا ئەفەندی هەولێری زانایەك لە لوتکەدا
- فیقهی پێکەوەژیان؛ نامسوڵمانان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا




پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستان
ئاڵنگاری و دەرفەتی بەهێزکــردن

# وەرزنامەی
# ئاییناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئاییناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

ژمارە (٦)، ساڵی دووەم، نیسانی ٢٠٢٤

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
سەرنووسەر: ئیدریس سیوەیلی
بەڕێوەبەری نووسین:
ئارام مەحموود

بۆردی ڕاوێژکاران:
د.یوسف گۆران
د.ئومێد رەفیق فتاح
د.عابد خالد رسول
د.هەردی مەهدی میکە
د.فاروق عبدول

نەخشەسازی: شاهۆ عەبدوڕەحمان

شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠) ٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠) ٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: center_fs
Email: info@center.org

# ئایینناسی

ئایینناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە.

تەرخانکردنی گۆڤارێکی تایبەت بەم بوارە لە ئێستادا، چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە وڵاتانی تری ناوچەکە و جیهان، جێی بایەخ و گرنگیپێدانی فراوانە و ئێستای کۆمەڵگای کوردستانیش زۆرتر لە جاران پێویستی پێیەتی.

گۆڤاری ئایینناسی تایبەتمەند نییە بە لێکۆڵینەوە لە ئایینێك، یان ئایینزایەکی دیاریکراو، هەروەها پرسی ئیمان، باوەڕی ئایینی، خودی ئایینەکان، جێگا و بواری لێکۆڵینەوەی ئەم گۆڤارە نین. ئەم گۆڤارە هەوڵ دەدات زیاتر لەو دیاردە و کایانە بکۆڵێتەوە کە بەناوی ئایینەوە دەردەکەون، یان لەبەر هەر هۆیەك بێت بەرگی ئایینی لەخۆدەگرن، یان کاریگەی ئایینیان پێوە دیارە بە هەردوو ڕەهەندی ئەرێنی و نەرێنییەوە.

ئەم گۆڤارە گرنگی بە خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی دەدات.

# ناوەڕۆك


**سەروتار**

◇ **بەهای پێکەوەژیان**...................................................................................د. فاروق عەبدول | ٥

**توێژینەوە**

◇ **ئیسلام و پلورالیزمی ئایینی**.............................................................................د. ئومێد عوسمان ئەحمەد | ٩

◇ **ئێزدییەکان؛ دیرۆك، ئایین و دابونەریتیان**...............................................................د. عەدنان نیلوفەڕی | ٢٥

◇ **مەنزیل، گرووپێکی ئایینی، سیاسی و ئابووری**..........................................................حەمزە محەممەد ساڵح | ٣٩

**وەرگێڕان**

◇ **پێکەوەژیان و گفتوگۆی نێوان ئایینەکان**.................................................................وەرگێڕانی: عومەر ڕەشید | ٥٩

**گفتوگۆ**

◇ **د. مەهدی قادر: هزری میانەڕەوی ئایینی گەورەترین خزمەت بە پێکەوەژیان دەکات**....گفتوگۆی: ئیدریس سیوەیلی | ٨٧

**مێژگرد**

◇ **پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستان ئاڵنگاری و دەرفەتی بەهێزکردن**...............................ئامادەکردن: ئایینناسی | ١٠٣

**بیرمەندان**

◇ **مەلا ئەفەندی هەولێری زانایەك لە لوتکەدا**................................................هاوکار عەبدوڵڵا شێخ وەسان | ١١٥

**ڕانانی کتێب**

◇ **فیقهی پێکەوەژیان؛ نامسوڵمانان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا**.............................................ئلیاس تاهیر | ١٣١

**زاراوەناسی**

◇ **پێکەوەژیان**...............................................................................................ئامادەکردنی: ئایینناسی | ١٤٣

# بەهای پێکەوەژیان



د. فاروق عەبدول

پێکەوەژیان، چەمکێکی فراوانە و زادە و گرێدراوی چەمکی هەمەچەشنی (التنوع) کۆمەڵگەکانە، فرە دیاردە سروشتییەکەیە و پێکەوەژیان (التعایش) بەرهەمی مرۆڤەکانە و ئەوانن بڕیار لەسەر بوون و نەبوونی ئەم چەمکە دەدەن، مرۆڤایەتی لە دێرزەمانەوە دیاردەی جیاوازی لە چەند فۆرمێکدا بە خۆیەوە بینیوە لەوانە (ڕەگەزی، دینی، کولتووری، ئایدیۆلۆژی) زۆرجار ئەم دۆخە سروشتییە لە ڕێچکەی ئاسایی خۆی لایداوە و توندوتیژی بەرهەم هێناوە و هەندێک جاری تر لە قاڵبە سروشتییەکەی خۆیدا ماوەتەوە و پێکەوەژیانی لێ بەرهەم هاتووە.

لە ڕاستیدا هیچ کاتێک جیاوازییەکان کێشە نییە و نەبووە، تەنانەت هەندێک لە بیرمەندانی ئەم بوارە دیاردەی هەمەچەشنی بە سەرچاوەی هێز و دەوڵەمەندی کۆمەڵگاکان پۆلێن دەکەن، بەڵام ئەوەی کێشەیە چۆنێتی (ئیدارەدانی جیاوازییەکان)ە، لە مێژوودا سەلمێنراوە ئەو فۆرمەی کە توانای لەخۆگرتنی جیاوازییەکانی نییە، لەخۆبایی و تاکڕەو و خۆسەپێنە، لە بنەڕەتدا ئەمانە باوەڕیان بە پێکەوەژیان و ئاشتەوایی نییە. سروشتی ئەمانە گۆڕین و بەلاڕێدابردنی ڕێڕەوی جیاوازییەکانە بە ئاراستەیەکی ترسناک و خوێناویدا لەپێناو مەبەستێکی تایبەتیدا.

ئەگەر بمانەوێت باڵادەستی ئەمانە لە کۆمەڵگەیەکدا سنووردار بکەین و ڕێگە بۆ قبووڵکردنی جیاوازییەکان بکەینەوە، پێویستمان بە چەند ڕێوشوێنێکە، لە سەروو

هەموویانەوە کولتووری پێکەوەژیانە کە کاری ورد و زەمینەسازی دەوێت، پرۆسەیەکی هێواش و پلەبەندییە، بەهێزکردن و چەسپاندنی ئەم کولتوورە یاسا و دامەزراوەکانی دەوێت، کە هەموو ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بگرێتەوە و بتوانێت دەستەبەری یەکسانی بکات لە هەموو ئاستەکاندا، هەر کاتێک مرۆڤەکان هەستی پەراوێزخستنیان لانەما، لەو شوێنەدا پێکەوەژیان بە شێوەیەکی خۆڕسک چەکەرە دەکات.

لە ڕاستیدا گرنگی و بەهای پێکەوەژیان، لە پێکەوەنەژیان و نەگونجاندایە، هەموو ئەو کۆمەڵگانەی لە قۆناغی پاشەکشە و دواکەوتوویدا ماونەتەوە، ئەو کۆمەڵگانەن کە نەیانتوانیوە پەرە بە کولتووری پێکەوەژیان بدەن و ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکەن، یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی پێشکەوتنی گەلان بەندە بەو فۆڕمەی کە پێکەوەژیانی لەسەر بیناکراوە، فۆڕمێک کە دوور بێت لە پێکەوەژیانی لاواز و فشەڵ و لەرزۆک کە هەرگیز جێگەی دڵنیایی نین.

لە کوردستان هەموو شێوەکانی پێکەوەژیان لە دۆخێکی جێگیردان، بەتایبەتیش پێکەوەژیانی ئایینی، ئەم جێگیرییەش بەرهەمی کولتووری کوردییە کە باڵادەستی ئیسلامی میللی لە کوردستان ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە پاڵپشتیکردنی پێکەوەژیان، کولتووری کوردی لێبوردە بووە و هەرگیز باوەڕی بە دەستدرێژی و زەوتکردنی مافی ئەوانی دیکە نەبووە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە پێکەوەژیانمان پارێزراو بێت، بەڵکو کاریگەرە بەو گۆڕاوە ناوخۆیی و دەرەکییانەی کە نزیکن لێمانەوە، کاریگەرە بە تەفسیرە هاوردەکراوەکان، بەتایبەتی دەرگای سنوورەکان لە بەردەم تەوژمە خێراکانی گەیاندندا قابیلی داخستن و ڕێگری لێکردن نییە، بیری توندڕەوی و پۆپۆلیست و خۆسەپێن لە گەشە و جووڵەی خێرادایە، ئەمانە هەڕەشەی بەردەوامن لەسەر کۆمەڵگەکان ئەگەر بە پلان و بەرنامەوە کار لەسەر دەورەدانیان نەکرێت، لە چەند ساڵی ڕابردوودا و بە ئێستاشەوە کوردستان بەدەر نەبووە لەو مەترسییە دەرەکی و ناوخۆییانەی کە هەڕەشە بوون بۆسەر پێکەوەژیان.

لەم ڕوانگەیەوە، پێکەوەژیانی ئایینی-ش کە تەوەری ئەم ژمارەیەی وەرزنامەی ئایینناسییە و بەشێکە لە فۆڕمی گشتی پێکەوەژیان، بەدەر نەبووە لەو هەڕەشە و مەترسییانە کە بەم دواییە ڕوویان لە ژینگەی کوردستان کردووە، هەڵبەت ئەمەش زادەی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لەدوای بەهاری عەرەبییەوە شەپۆلێک لە بیری توندڕەوی ئایینی لە ناوچەکەدا بەخێرایی گەشەی کردووە و هەندێک جار تارماییەکەی لە ناوخۆی کوردستاندا بەدی دەکرێت و لە چەند ڕووداوێکی تێپەڕدا بەڕوونی ڕەنگدانەوەی هەبووە، ئەگەرچی ئەو دۆخە نەبووەتە هەڕەشەیەکی جێگیر لەسەر ژینگەی پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستان، بەڵام بەردەوام پرسیار و پرسکی هەبووە و دەبێت، مادام ئێمە بەشێکین لە ژینگەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

توێژینەوەکان

ئایینناسی

# ئیسلام و پلورالیزمی ئایینی
# گرفتی ڕەوایەتی و ڕزگاربوون

د. ئومێد عوسمان ئەحمەد

بابەتی پلورالیزمی ئایینی ( التعددیة الدینیة) یەکێکە لەو بابەتە هەستیارانەی لە ئەمڕۆدا مایەی گرنگیپێدان و قسەلەسەرکردنی زۆرە، ئەمەش بەهۆی پەیوەندی توندوتۆڵ و بەهێزی بەچەمکگەلێکی وەك ئازادی، دیموکراسی، یەکسانی، لێبوردن، پێکەوەژیان و شەرعیەتی ڕای جیاوازەوە.

بەلەبەرچاوگرتنی واتای زمانەوانی پلورالیزم کە واتای فرەیی و زۆری دەدات بەدەستەوە(١)، هاوکات خستنە پاڵی ئایین و گرێدانی بە چەمکە پەیوەندیدارەکانییەوە، دەتوانین لە دوو ڕەهەندی سەرەکییەوە بچینە نێو بابەتی پلورالیزمی ئایینییەوە:

**یەکەم- ڕەهەندی پراکتیکی:** بەلای زۆرێك لە بیریار و توێژەرانەوە، دەتوانرێت لەم ڕەهەندەوە گوزارشت لە مەبەستی سەرەکی و جەوهەری پلورالیزمی ئایینی بکرێت کە بریتییە لە مامەڵەکردنی دروست و ئەرێیانە لە گەڵ واقیعی فرەیی و جیاوازییە ئایینییەکاندا، هاوکات خۆبەدوورگرتن لە وروژاندنی گوتاری ڕەوایەتی و دروستی و نادروستی لە بیر و بۆچوونەکاندا.

لەم سەربەنەوە وتراوە پلورالیزمی ئایینی بریتییە لە "دانـانـان بە بوونی فرەیی و جۆرایەتی ئینتیمای ئایینی لە کۆمەڵگەدا، هاوکات رازیبـوون بە ئەنجامەکانی لە سەر بنەمای رێزگرتنی یەکتر و پێویستیی لێبوردن و پێکەوەژیانی هاوبەش"(٢).

**دووەم: ڕەهەندی تیۆری:** سەرجەم ئەو پێناسانەی هەڵقوڵاوی ئەم ڕەهەندەن، باگراوندێکی فەلسەفیان هەیە و جەخت لە شەرعیەت و ڕەوایەتی فرە ئایینی دەکەنەوە و سەرجەم ئایینەکان بە فۆرمی جۆراوجۆری یەك حەقیقەت لە قەڵەم دەدەن.

لەم ڕوانگەوە پلورالیزمی ئایینی ئەو تێڕوانینەیە کە پێیوایە: کۆی ئایینە جیهانییەکان وەڵامدانەوە و وێناکردنی جیاوازن بۆ خودی حەقیقەتێکی باڵاو شـــاراوەی دوور لـە هەست و درکی مرۆڤەکان، کە هەمیشە حزوری هەیە لە بوونیاندا و ئاشنا دەبن پێی لە ڕێگەی سیستمە ئایینییە جۆراوجۆرەکانەوە(٣).

لێرەدا دەشێت بپرسین: ئەگەر جەوهەری پلورالیزم بریتی بێت لە شەرعیەتی جیاوازی و فرەیی بنیاتنراو لە سەربنەماکانی ئازادی و یەکسانی و لێبوردن و پێکەوەژیان، ئایا ئیسلام ئەمەی لا پەسەندە؟ ئایا لە مێژوی ئیسلامیدا نموونەی شایستە و جوانی پێکەوەژیانی ئایینەکان بەدی دەکرێت؟ ئایا هیچ دەقێکی ئیسلامی، یان تێڕوانینێکی ئیسلامیانە بوونی هەیە کە ساز و کۆك بێت لەگەڵ دیوەکەی تری پلورالیزمی ئایینی، کە بریتییە لە ڕەوایەتی و دروستی سەرجەم ئایینەکان و دواتر رزگاربوونی شوێنکەوتەکانیان لە سزای خودایی؟

هەوڵدەدەین وەڵامی ئەم پرسیارانە دابەش بکەین بۆ دوو وێستگەی سەرەکی:

**یەکەم:** تێڕوانینی ئیسلام بۆ ڕەهەندی پراکتیکی پلورالیزمی ئایینی،

**دووەم:** تێڕوانینی ئیسلام بۆ ڕەهەندی تیۆری پلورالیزمی ئایینی.

## تێڕوانینی ئیسلام بۆ ڕەهەندی پراکتیکی پلورالیزمی ئایینی

ئەگەر مەبەستی سەرەکی پلورالیزم بە گشتی و پلورالیزمی ئایینی بە تایبەتی بریتی بێت لە دانـان بە واقیعی فرەیی و جیاوازییەکاندا و دۆزینەوەی میتۆد و شێوازی گونجاو و شیاو بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەدا لە سەر بنەمای لێبوردن و یەکتر قبوڵکردن و پێکەوەژیانی ئاشتیانە، گومانی تێدا نییە کە ئایینی ئیسلام ئەمەی قبووڵە و بگرە وەکو بنەمایەکی سەرەکی و جێگیر کاری لەسەر کردووە.

فرەیی و جیاوازی مرۆڤەکان لە سروشت و زمان و کولتوور و بیرکردنەوەیاندا یاسایەکی خودایی بۆ گەیشتن بە چەندین مەبەستی باڵا، لەوانە:

**یەکەم**- کاراکردنی بنەمای بەریەککەوتنی شارستانی کەلتوورە جیاوازەکان و کێبڕکێ لە چاکسازی و چاکەخوازیدا، لە پێناوی

جێبەجێکردنی یاسای جێنشینایەتی مرۆڤ و ئاوەدانکردنەوەی زەویدا(٤).
خودای بێهاوتا دەفەرموێت:{ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ۚ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ ۚ إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ} [المائدة: ٤٨]. {وَهُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَائِفَ الْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ} [الأنعام: ١٦٥].

**دووەم-** چەسپاندنی بنەمای پێکەوەژیان و یەکترناسین و بە یەکگەیشتن و هاریکاریکردن و وتووێژ و بیروڕا گۆڕینەوە، هاوکات دوورکەوتنەوە لە شەڕ و پێکدادان و ڕقلێبوون و توندوتیژی، لە پێناو بەرژەوەندی گشتی مرۆڤەکاندا بە جیاوازی بیروباوەڕ و بیرکردنەوە و ڕێبازیانەوە. هەروەك لە قورئاندا هاتووە:{ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا } [الحجرات:١٣] { وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَىٰ وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ} [المائدة:٢].

سێیەم- جێگیرکردنی بنەمای ئازادی بیرکردنەوە و دینداری، کە بەیەکێك لە گرنگترین بنەما قورئانییەکان دادەنرێت، خودای پەروەردگار عەقڵی بەخشیوەتە مرۆڤەکان و لە ڕێگەی پێغەمبەرانیشەوە ئاگاداری کردوونەتەوە و ڕاستی و چەوتی و حەق و ناحەقی بۆ دەستنیشانکردوون، لە هەمان کاتدا ئازادی هەڵبژاردنی داوەتە دەستیان و لە ڕۆژی دواییشدا لەسەر هەمان بنەما لێپێچینەوەیان لە گەڵدا دەکرێت، هەروەك لەم ئایەتە قورئانیانەدا هاتووە:
{ لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ } [البقرة:٢٥٦]. { وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَن فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا ۚ أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ} [يونس: ٩٩]. {وَعَلَى اللَّهِ قَصْدُ السَّبِيلِ وَمِنْهَا جَائِرٌ ۚ وَلَوْ شَاءَ لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ} [النحل:٩] {وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ} [الكهف:٢٩].

قورئانی پیرۆز بە ئاشکرا بانگەشەی فرەیی و پێکەوەژیان و ڕێزگرتنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان دەکات، کار دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی کولتووری خۆشەویستی و ئاشنابوون بە یەکتر، هەتا ئەگەر کەسی بەرامبەر کەسێکی بێباوەڕیش بێت، بەڵام ئاشتیخواز بێت، قورئان داوای کردووە لە موسڵمانان کە بە شێوازێکی شیاو و دادپەروەرانە مامەڵەی لە گەڵدا بکەن و ستەمی لێنەکەن {لَّا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ} [الممتحنة:٨].

لەمەش زیاتر کەسی بێباوەڕ با شەڕکەریش بێت ئەگەر داوای ئەمانی کرد و ویستی ئاشنا بێت بە ئیسلام، دەبێت ئەمانی بدرێتێ و کاروباری ئایینی بە جوانی بۆ باس بکرێت، ئەگەر باوەڕی هێنا باشە، باوەڕیشی نەهێنا واجبە

مامەڵەی دروستی لەگەڵدا بکرێت و بە پارێزراوی بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو شوێنەی دەیەوێت.(٥)، لەمبارەوە خودای گەورە دەفەرموێت: { وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ } [التوبة:٦].

سەبارەت بە شوێنکەوتەی ئایینە ئاسمانییەکانی تر، قورئانی پیرۆز داوا لە موسڵمانان دەکات گفتوگۆی ئاشتیانەیان لەگەڵدا بکەن و بگەڕێن بە شوێن خاڵە هاوبەشەکاندا { قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ } [آل عمران: ٦٤].

لەلایەکی ترەوە قورئانی پیرۆز بە ئەمانەتەوە بیر و بۆچوونی نەیارانی دەگێڕێتەوە، کە زۆرێك لەو ڕا و بۆچوونانە تانە و تەشەر و قسەی زۆر نەشیاو لەخۆدەگرێت، لەگەڵ ئەمەشدا قورئان باسی کردوون و بە شێوازێکی لەسەرخۆ و بابەتییانە وەڵامیان دەداتەوە.

لەکاتی شایەتیدان و دەرکردنی حوکم و جێبەجێکردنی یاساشدا تاکە شتێك کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت بریتییە لە هەقبێژی و دادپەروەری، بەبێ گوێدان بە کەسایەتی و پلە و پایە و ئایینداری کەسەکان، خودای بێهاوتا دەفەرموێت: { إِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ} [النساء:٥٩]. { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَىٰ أَنفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ} [ النساء:١٣٥]. { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَىٰ أَلَّا تَعْدِلُوا ۚ اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ } [المائدة: ٨].

لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ئەو بنەما قورئانیانە بە کردار جێبەجێکراون لەسەر دەستی پێغەمبەری سەروەر (دروودی خودای لێبێت)، لەمبارەوە پەیماننامەی (سەحیفە) لە نێوان موسڵمانان و جولەکەکانی مەدینەدا دیارترین نموونەی زیندووی پێکەوەژیانی موسڵمانان و شوێنکەوتوانی ئایینێکی ترە، کە سەرجەم بڕگە و بەندەکانی جەخت لە فرەیی ئایینی و یەکسانی لایەنە جیاوازەکان دەکاتەوە لە ماف و ئەرکەکاندا لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی یەکتر لە چوارچێوەی دەوڵەتۆکەیەکدا(٦).

بەهەمانشێوە کاتێك لە ساڵی هاتنی وەفدەکاندا، وەفدی مەسیحییەکانی نەجران دێنە مەدینە، پێغەمبەر (دروودی خودای لێبێت) ڕێزی زۆریان لێدەنێت و دەرگای مزگەوتیان بۆ واڵا دەکات تا نوێژی جەژنی فەسحی تێدا ئەنجام بدەن، دواتریش پەیماننامەیەکیان لەگەڵدا دەبەستێت کە مافەکانی یەکسانی و ئازادی دینداری و هاووڵاتیبوونی تیادا دەستەبەر دەکرێت(٧).

دەیان نموونەی زیندووی تر هەیە لەو پەیماننامە و ڕێککەوتنانەی پێغەمبەری

ئیسلام (دروودی خودای لێبێت) لەگەڵ بێباوەڕان و شوێنکەوتەی ئایینە جیاوازەکاندا، کە سەرجەمیان تەئکید لە بەهێزکردنی بنەماکانی لێبوردەیی و ئاشتی و پێکەوەژیان و هاریکاری نێوان لایەنە جیاوازەکان دەکەنەوە(٨).

کەواتە هەڵەیە ئەگەر وا هەست بکەین پەیوەندی موسڵمان بە ناموسڵمانەوە لەسەر بنەمای توندوتیژی و رقلێبوون و ڕەتکردنەوە بنیاتنراوە، نەخێر ئیسلام مامەڵە لەگەڵ ناموسڵماندا دەکات لەسەر بنەمای میهرەبانی و دادپەروەری و لێبوردەیی، پیغەمبەر (دروودی خودای لێبێت) لە مەدینەدا ڕێزی جولەکە و مەسیحییەکانی دەگرت، سەردانی بەساڵداچوان و نەخۆشەکانیانی دەکرد، کڕین و فرۆشتنی لەگەڵ دەکردن، داوەت و بەخشینیانی قبووڵ دەکرد، هەروەك عائیشە دەیگێڕێتەوە: "پێغەمبەر (دروودی خودای لێبێت) هەندێك خواردنی لە جولەکەیەك کڕی، قەڵغانەکەی بە ڕەهن لا دانا تا نرخەکەی دەداتێ"(٩) لە گێڕانەوەیەکی تردا: "پێغەمبەر (دروودی خودای لێبێت) وەفاتی کرد قەڵغانەکەی بە ڕەهن لای جولەکەیەك بوو لەبری سی هۆقە جۆدا"(١٠).

باشە خۆ لەناو موسڵماناندا ئەو کات دەوڵەمەندی وەك عوسمانی کوڕی عەففان و عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف هەبوو، دەیانتوانی بە ئاسانی نرخی سی هۆقە جۆ دابین بکەن، بەڵام پێغەمبەر (دروودی خودای لێبێت) بەو کارەی مەبەستی زۆر گەورەتری هەبوو.

هەر سەبارەت بەو ناموسڵمانانەی پەیمانیان پێدراوە لەناو موسڵماناندا پارێزراو بن، پێغەمبەر (دروودی خودای لێبێت) فەرموویەتی: "ئاگادارتان دەکەمەوە هەر کەس ستەم لە پەیمانپێدراوێك بکات، یان مافی پێشێل بکات، یان لە سەروو توانای خۆی ئەرکێکی پێبسپرێت، یان بەبێ ڕەزامەندی خۆی شتێکی لێوەربگرێت، لە ڕۆژی دواییدا من لە بەرامبەر ئەو کەسەدا دەوەستمەوە"(١١).

## پلورالیزمی ئایینی ئەو تێڕوانینەیە کە پێیوایە: کۆی ئایینە جیهانییەکان وەڵامدانەوە و وێناکردنی جیاوازن بۆ خودی حەقیقەتێکی باڵا و شاراوەی دوور لە هەست و درکی مرۆڤەکان

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: "جارێکیان جەنازەیەك تێپەڕی پیغەمبەر (دروودی خودای لێبێت) لەبەریدا هەستا، وتیان: ئەوە جەنازەی جولەکەیەك بوو، فەرمووی: ئایا مرۆڤ نییە"(١٢).

ئیسلام ڕاشکاوانە بانگەشەی کاراکردنی بنەمای برایەتی مرۆڤایەتی و پاراستنی دەکات، مرۆڤەکان بە جیاوازی بیر و بۆچوون و زمان و ئایینیانەوە، پەیوەندی

مرۆڤبوون کۆیان دەکاتەوە، ئەگەر ئەم پەیوەندییە لە بەرچاو نەگیرێت، بە هیچ شێوەیەك ئاشتی و ئاشتەوایی و ئەمان بەرقەرار نابێت، بەڵکو جیهان دابەش دەبێت بۆ چەندین بەرە و کۆمەڵگەی شەڕەنگێز، ئەوکاتیش شەڕ و توندوتیژی و ستەم و چەوسانەوە باڵ دەکێشێت بەسەر گرۆی مرۆڤایەتیدا.

لێرەدا دەگەینە ئەو راستییەی کە بنەماکانی دادگەری و ئازادی و یەکسانی و پێکەوەژیان و نەهێشتنی ستەم و گەندەڵی و ناعەدالەتی لە گرنگترین ئەو بنەمایانەن کە ئیسلام بە جددی کاری لەسەر کردوون، بە جۆرێك لە پێناو چەسپاندنیاندا هیچ رێگریەك نییە لە قبوڵکردنی هاریکاری و هاوپەیمانێتی لەهەر کەس و لایەنێکەوە بێت بە جیاوازی بیروباوەڕ و ئایدیایانەوە.

پێغەمبەر (درووودی خودای لێبێت) زۆر بە گرنگییەوە ئاماژە بە هاوپەیمانییەکی سەردەمی پێش ئیسلام دەدات (حلف الفضول) کە لە ماڵی عەبدوڵلای کوڕی جودعان بەستراوە بۆ هاریکاری ستەملێکراوان و گەڕاندنەوەی مافەکانیان لە ستەمکاران، کە ئەویش ئامادەی بووە، بە راشکاوانە دەفەرموێت:"....ئەگەر لە سەردەمی ئیسلامیشدا بانگ بکرێم بۆ هاوپەیمانێتی لەوجۆرە ئامادەی دەبم"(١٣).

هەروەها لە ئیمام عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە گێڕدراوەتەوە، کاتێك پرسیاری لێکراوە: کامیان چاکترە؟ حاکمێکی موسڵمانی ستەمکار، یان حاکمێکی کافری دادپەروەر؟ فەرموویەتی: حاکمێکی کافری دادپەروەر، چونکە کوفرەکەی بۆ خۆیەتی، بەڵام دادپەروەرییەکەی بۆ ئێمەیە(١٤).

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیەش پشتگیری ئەم رایەی کردووە و وتویەتی: "وتراوە کە خودا دەوڵەتی دادپەروەر راگیر دەکات هەرچەندە بێباوەڕیش بێت، بەڵام دەوڵەتی ستەمکار راگیر ناکات هەرچەندە موسڵمانیش بێت، دەوترێت: دنیا بەردەوام دەبێت و کاروبارەکانی بەرێوە دەچێت لەگەڵ کوفر و دادپەروەریدا، بەڵام لەگەڵ ستەم و ئیسلامدا بەردەوامی نابێت"(١٥).

لەدوای وەفاتی پێغەمبەر(درووودی خودای لێبێت) خەلیفەکانی راشدین و هاوەڵان هەوڵیان دا بەجوانترین شێوە و لە ڕوانگەی قورئان و سوننەتەوە مامەڵە لەگەڵ فرەیی و جیاوازییە ئایینی و هزرییەکاندا بکەن.

هەربۆیە پەیماننامەی ناسراو بە(العهدة العمرية) کە لە نێوان خەلیفەی دووەمی راشدین و مەسیحییەکانی ئیلیا (قودس) دا بەسترا، بە یەکێك لە گرنگترین دۆکۆمێنتە مێژووییەکان دادەنرێت لە بە یاساییکردنی ئازادی ئایینداری و مافی هەڵبژاردنی ئاییندا، هەروەك لە دەقی پەیماننامەکەدا هاتووە "بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان، ئەمە ئەو

پەیمانەیە بەندەی خودا عومەر ئەمیری موسڵمانان دەیدات بە خەڵکی ئیلیا، ئەمانیان دەداتێ کە خۆیان و ماڵ و سامان و کەنیسە و خاچەکانیان پارێزراو بن... کەس لە نێو کەنیسەکانیاندا نیشتەجێ نەکرێت، کەنیسەکانیان نەڕوخێنرێن و لە رووبەریان کەم نەکرێتەوە، زۆریان لێنەکرێت واز بهێنن لە ئایینیان، کەس زیانیان پێنەگەیەنێت"(١٦).

هەرلەوساتە وەختی پەیمان نووسینەدا خەلیفە دەچێتە نێو کەنیسەی (قیامە) وکاتی نوێژی عەسر دەبێت، هەندێك لە مەسیحیەکان داوای لێدەکەن لە کەنیسەکەدا نوێژبکات، بەڵام خەلیفە داواکەیان رەتدەکاتەوە، وەکو رێزگرتنێك لە تایبەتمەندی شوێنەکە لەلایەك و، لەلایەکی ترەوە دووربینیەك بۆ داهاتووی کەنیسەکە، نەوەك موسڵمانان بەبیانووی ئەوەی خەلیفە نوێژی تیاکردووە، داگیری بکەن و بیکەنە مزگەوت(١٧).

هەروەها دەگێڕنەوە جارێك ئافرەتێکی مەسیحی دێتە لای خەلیفە عومەر، شکات لە والی میسر دەکات، کە خانووەکەی بەبێ رەزامەندی خۆی خستۆتە سەر مزگەوت، خەلیفەش پرسیار لە والی دەکات سەبارەت بەو کارە، والی هەواڵی دەداتێ کە موسڵمانان ژمارەیان زیادی کردووە و مزگەوتەکەش بچووکە، ماڵی ئەو ئافرەتەش دراوسێی مزگەوتەکەیە و زۆر زیاتر لە نرخی خانووەکەی پارەیان داوەتێ، بەڵام رازی نەبووە، بۆیە ناچاربوون خانووەکەی بڕووخێنن و بیخەنە سەر مزگەوتەکە و نرخەکەشیان بە زیادەوە لە بەیتولمال بۆ داناوە، لێرەدا دەبێت هەڵوێستی خەلیفە چی بێت؟ خێرا فەرمان دەدات ئەو زیادەیەی خراوەتە سەر مزگەوتەکە بڕووخێنرێت و خانووی ئافرەتەکە وەك خۆی دروست بکرێتەوە(١٨).

## فرەیی‌وجیاوازی مرۆڤەکان لە سروشت‌و زمان‌و کولتوورو بیرکردنەوەیاندا یاسایەکی خودایيە بۆگەیشتن بە چەندین مەبەستی باڵا

لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێین: بنەمای ئەو پەیوەندییەی ئیسلام دروستی دەکات لەگەڵ بەرامبەرەکانیدا بریتییە لە رەچاوکردنی هەق و جێبەجێکردنی دادپەروەری و بەهێزکردنی برایەتی مرۆڤایەتی، ئیسلام دانیناوە بە پلورالیزمی ئایینیدا وەکو سوننەتێکی گەردوونی و حەقیقەتێکی فیتری و بەخششێکی خودایی، بۆ جێبەجێکردن و کاراکردنی بنەمای جێنشینایەتی مرۆڤ و ئاوەدانکردنەوەی زەوی و کێبڕکێ لە سەر چاکە و چاکسازی و بەرژەوەندییە باڵاکان، هاوکات دەقەکانی قورئان و سوننەت بە شێوازێکی شیاو و گونجاو

میتۆدی مامەڵەکردنیان لەگەڵ واقیعی فرەیی و جیاوازییەکاندا دارِشتووە.
مێژووش شایەتی ئەوە دەدات کە جیهانی ئیسلامی بەدرێژایی کات و زەمینە فراوانەکەی تیکەڵەیەك بووە لە زمان و رِەگەز و ئایین و مەزهەب و بیروبۆچوونی جۆراوجۆر، سەرجەمیان بەشداربوون لە دروستکردنی شارستانیەتی ئیسلامی و برەوپێدانی زانست و هونەر و سیستم و دەزگا بەرِێوەبەرییەکاندا.
زۆربـــــەی کـــار و پـلـە و پـایـە و لێپرسراویەتییەکان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا دەدرایە کەسی شیاو و لێهاتوو، بێگوێدان بە بیر و بۆچوون و رێبازی، مێژوو ناوی زۆرێك لەو مەسیحی و جولەکە و سابیئانەی تۆمار کردووە بە پلەی وەزیر و راوێژکار و کۆکەرەوەی باج و بەرِێوەبەری دیوان و پزیشك و وەرگێرِ و نووسەر لە سەردەمی ئومەوی و عەباسی و فاتیمی و عوسمانییەکاندا.(١٩)
رۆژهەڵاتناسی سویسری ئادەم مەتز دەڵێت: "لە تەشریعی ئیسلامیدا دەرگای کاروبارەکان بە رِووی ئەهلی زیممەدا دانەخرواە، بەڵکو پێیان چەسپیو بووە لە زۆربەی ئەو هونەر و پیشەسازییانەی کە قازانج و داهاتی زۆری لێدەکەوتەوە، ئەوان زەرِنگەر و بازرگانی گەورە و خـــاوەن زەویـــوزار و پزیشك بوون، بەجۆرێك خۆیان ساز کردبوو، زۆرینەی زەرِنگەرەکانی وڵاتی شام جولەکە بوون، زۆربەی پزیشك و نووسەری دیوانەکان مەسیحی بوون، گەورەی مەسیحییەکان لە بەغدا پزیشکی خەلیفە بوو، چەندین گەورە پیاوی جولەکەی لەبەردەستدا بوو"(٢٠).
لە شوێنێکی تردا دەڵێت: "حکومەتی ئیسلامی خۆی هەڵنەدەقورتاند لە بۆنە و یادە ئایینییەکانی ئەهلی زیممەدا، بەڵکو هەندێک لە خەلیفەکان بەشداری بۆنە ئایینییەکانیان دەکرد و فەرمانیان دەکرد بە پارێزگاریکردنیان، لە حاڵەتی باران برِانیشدا حکومەت فەرمانی دەکرد شانبەشانی موسڵمانان، مەسیحییەکانیش کەژاوەی خۆیان هەبێت و ئوسقوف لە پێشیانەوە بێت، جولەکەکانیش لەگەڵ بوقبەدەستەکانیان لە رِیزی تایبەت بە خۆیاندا بن"(٢١).
بە هەمان شێوە خەلیفە مەئمونی عەباسی چەندین کۆرِ و ئەڵقەی زانستی هەبوو، زۆربەی پسپۆرِ و شارەزا لە ئایین و مەزهەب و فەلسەفە جیاوازەکاندا بەشدار دەبوون تێیدا، مەئمون پێی دەوتن: بە ئارەزووی خۆتان گفتوگۆی زانستی بکەن و خۆتان بە دوور بگرن لە وروژاندنی گرفتی تائیفی و بریندارکردنی هەستی ئایینی یەکتر(٢٢).
لە کۆتایی ئەم وێستگەیەدا دەڵێم: موسڵمانان لە ئەمرِۆدا زۆر پێویستیان بە زیندوو راگرتن و تازەکردنەوەی ئەو کولتوورە پرِ لە ئازادی و خۆشەویستی و برایەتی و مرۆڤدۆستییەیە و زەرووره

لە واقیعدا بەرجەستەی بکەن، تا بیسەلمێنن کە ئیسلام ئایینی خۆشەویستی و ئاشتی و لێبوردن و پێکەوەژیان و قبووڵکردنی جیاوازییەکانە، پێغەمبەر محەمەد(دروودی خودای لێبێت) نێردراوە بە ڕەحمەت بۆ گرۆی مرۆڤایەتی، نەک ڕەحمەت بێت بۆ موسڵمانان بە تەنیا.

**تێڕوانینی ئیسلام بۆ ڕەهەندی تیۆریی پلورالیزمی ئایینی**

زۆرینەی ئایینە جیهانییەکان بە ئاسمانی و زەمینییەوە، هەر کامیان بگریت لە لای خۆیەوە پێی وایە خۆی لەسەر حەقە و بە تەنیا شوێنکەوتوانی دەگەن بە پاداشت و سەرفرازی و ڕزگاربوون، هاوکات بەرامبەرەکانی ناڕاست و لادەر و ئایینی شێواون.

ئەم بۆچوونە ڕەها و حەتمییە لەلایەنی دنیاییەوە لەوانەیە لە زۆر کۆمەڵگە و ژینگە جیاوازەکاندا ڕۆڵێکی ئەرێنیی بگێڕێت لە ڕێکخستنی خودی و دواتریش جێگیرکردنی سیستمی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام لە هەمان کاتدا باوەڕ بوون بە ڕەوایەتی ڕەها و بەرتەسککردنەوەی سەرفرازی و ڕزگاربوون لە ئایینێکی دیاریکراودا و داخستنی سەرجەم دەرگاکانی حەقیقەت و سەرفرازی و وەرگرتنی پاداشت بەڕووی ئەوانی تردا، گومانی تێدا نییە سەر دەکێشێت بۆ شەڕ و توندوتیژی و پێکدادان لە نێوان لایەنە جیاوازەکاندا بە تایبەتی لەو ژینگە و کۆمەڵگایانەی فرە ئایینی تێیاندا باڵادەستە.

فەیلەسووفی لاهووتیی ئینگلیزی (جۆن هیک) پێی وایە لەسەدا نەوەد و نۆی حاڵەتەکانی باوەڕ و ئاییندارى ئاماژە بەوە دەدەن کە پەیوەستبوونی مرۆڤ بەو ئایینەی کە بە تاکە ڕێگەی حەقیقەت و سەرفرازی دەزانێت، هەڵقوڵاوی کات و شوێنی لەدایکبوون و پێگەیشتنیەتی، ئەمەش ئەو پرسیارە دەورووژێنێت کە چۆن دەبێت ڕزگاربوون و پاداشتی خودایی گرێدراو بێت بە ڕێکەوتی لەدایکبوونی کاتی و شوێنی؟ چۆن دەبێت ئەو ڕزگاربوونە پەیوەست بێت بە کۆمەڵە فاکتەرێکەوە کە مرۆڤ دەسەڵاتی نییە لە هێنانە کایەیاندا؟ ئایا ئەمە لەگەڵ دادی خوداییدا دەگونجێت؟(٢٣).

**بنەمای ئەو پەیوەندییەی ئیسلام دروستی دەکات لەگەڵ بەرامبەرەکانیدا بریتییە لە ڕەچاوکردنی هەق و جێبەجێکردنی دادپەروەری و بەهێزکردنی برایەتی مرۆڤایەتی**

لێرەدا جۆن هیک بۆچوونی خۆی سەبارەت بە پلورالیزمی ئایینی دەخاتە ڕوو، داوا دەکات بە گۆڕینی ئاڕاستەی

سەنتەربوونی ئایین بۆ سەنتەربوونی خودا، ئەو پێی وایە: ڕەوایەتی و ڕزگاربوون و گەیشتن بە پاداشتی خودایی لە ئایینێکدا بەرتەسکنەکراوەتەوە، بەڵکو سەرجەم ئایینەکان هاوبەشن تێیدا، یاخود بە دەربڕینێکی تر حەقیقەت لە کۆمەڵێک بەش پێکدێت، هەر بەشێک لەو بەشانە لە ئایینێکدا خۆی دەبینێتەوە و ئایینەکان هەموویان ڕووکەشی جیاوازی یەک حەقیقەتن(٢٤).

ئەم بیرۆکەی جۆن هیک خستوویەتییە ڕوو، ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ هەندێک لە پەیامەکانی (إخوان الصفا) و دەربڕینی هەندێک لە سۆفی و عارفە موسڵمانەکانی وەک ئیبن عەرەبی و جەلالەدینی ڕۆمی و ئیبن فاریز و چەندانی تر، هاوکات بیریاری ئێرانی عەبدولکەریم سروشیش، بیرۆکەی ناوبراوی لا پەسەندە و هەوڵی داوە لە کتێبەکەی (الصراطات المستقیمة)دا بیچەسپێنێت.

جۆن هیک و لایەنگرانی پێیان وایە ڕەنگدانەوەی بیرۆکە و بۆچوونەکەیان لە واقیعدا دەبێتە تاکە ڕێگەیەک بۆ بەهێزکردن و گەشەکردنی ئاین و هزری ئایینی لەبەرامبەر تەوژمە بێ دینییەکاندا لە لایەک و بالادەستی کولتووری لێبوردەیی و خۆشەویستی و نەهێشتنی ململانێی توندی نێوان ئایینەکان لە لایەکی ترەوە.

بەلام سروشتی ئایینەکان لە لایەک و واقیعی مرۆڤایەتی لە لایەکی ترەوە پێچەوانەی ئەو ئەنجامە دەسەلمێنێت، چونکە بیرۆکەی ناوبراو دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی زۆرێک لەو بنەما جێگیرانەی ئایینە جیاوازەکانی لەسەر بنیاتنراوە و لایەنگرانیان بەتوندی دەستیان پێوە گرتووە.

پلۆرالیزمی ئایینی بەو شێوەی جۆن هیک خستوویەتییە ڕوو لە کۆتاییدا هیچپەیەتی حەق و حەقیقەت دەدات بەدەستەوە، ئەمەش سەر دەکێشێت بۆ لاوازبوونی هەستی ئایینی و بێهێزکردنی جێگیری دەروونـی لای ئایینداران، دواتریش خوڵقاندنی ژینگەیەکی پڕ لە ڕاڕایی و قەلەق و بێئومێدی و گومان، کە دوور نییە کاردانەوەی خراپ و نەرێنی لێ بکەوێتەوە لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ(٢٥).

لەگەڵ ئەوەی ئایینی ئیسلام کۆتا ئایینی ئاسمانییە و محەممەدیش کۆتا پێغەمبەری خودایە نێردراوە بۆ گرۆی مرۆڤایەتی، دەبینین لە دیدی ئەم ئایینە بۆ پلورالیزم بەگشتی و پلورالیزمی ئایینی بە تایبەتی، زۆرتر جەخت لە ناوەندێتی و سەنتەربوونی مرۆڤ کراوەتەوە وەک لە ڕەوایەتی، ئەو ئایەت و فەرموودانەی پێشتر ئاماژەمان پێدان دەرخەری ئەم ڕاستییەن.

ئایینی ئیسلام وەک ئایینێکی خودایی و ڕەوا بانگەشەی مرۆڤەکان دەکات بۆ هاتنە ناوی و باوەڕهێنان بە بنەماکانی، بەلام لە هەمان کاتدا کار دەکات بۆ

بەهێزکردنی بنەماکانی خۆشەویستی و لێبوردەیی و برایەتی مرۆڤایەتی و دروستکردنی ژینگەی لەبار و گونجاو بۆ پێکەوەژیانی لایەنە جیاوازەکان و پاراستنی تایبەتمەندییە ئایینییەکانیان.

هەر بۆیە لە چەندین شوێندا قورئانی پیرۆز کە دێتە سەر باسی پاداشت و سزا و ئەنجامی کار و کردەوە و بۆچوونەکان، بڕیاری یەکلاکەرەوە هەڵدەگرێت بۆ ڕۆژی دوایی، خودای گەورە دەفەرموێت:{وَقَالَتِ الْيَهُودُ لَيْسَتِ النَّصَارَىٰ عَلَىٰ شَيْءٍ وَقَالَتِ النَّصَارَىٰ لَيْسَتِ الْيَهُودُ عَلَىٰ شَيْءٍ وَهُمْ يَتْلُونَ الْكِتَابَ ۗ كَذَٰلِكَ قَالَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ مِثْلَ قَوْلِهِمْ ۚ فَاللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ} [البقرة: ١١٣] {لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ۚ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ ۖ فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ ۚ إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ} [المائدة: ٤٨].

واتە: دەمەقاڵێی زۆر مەکەن لەسەر جیاوازی لە شەریعەتەکاندا، بەڵکو هەوڵ بدەن ئەو فرەیی و جۆرایەتییە لە شەریعەتەکاندا بکەنە سەرچاوەی هاریکاری یەکتر و پێکەوەژیان و کێبڕکێ لەسەر چاکە، چونکە هەمووتان دەگەڕێنەوە بۆ لای خودا، هەر ئەویش حەقیقەت و ئەنجامی جیاوازییەکانتان پێ ڕادەگەیەنێت (٢٦).

لە چەندین ئایەتی تردا ئەم واتایە بەدی دەکرێت، بۆ نموونە: { إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئِينَ وَالنَّصَارَىٰ وَالْمَجُوسَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا إِنَّ اللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ} [الحج:١٧] {وَإِن جَادَلُوكَ فَقُلِ اللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَعْمَلُونَ، اللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ} [الحج:٦٨-٦٩].

لە لایەکی ترەوە قورئانی پیرۆز قبووڵنەکردنی حەق و ڕەتکردنەوەی بە چەندین شێواز و لەسەر چەندین ئاست باس کردووە، هەیە حەق دەناسێت بەڵام بەهۆی بەرژەوەندییەکی دنیاییەوە ئینکاری دەکات، هەیە بەهۆی سەرسەختی و کەلله‌ڕەقی و خۆبەزلزانینەوە ڕەتی دەکاتەوە، هەیە بەهۆی نەزانینییەوە، هەیە بەهۆی چاولێکەری دەوروبەر و کۆمەڵگەکەیەوە یاخود پەیوەستبوونی تەواوی بە ئایین و هزرێکی ترەوە ناتوانێت بگەڕێت بە شوێن حەقیقەتدا.

**موسڵمانان لە ئەمڕۆدا زۆر پێویستیان بە زیندوو ڕاگرتن و تازەکردنەوەی ئەو کەلتوورە پڕ لە ئازادی و خۆشەویستی و برایەتی و مرۆڤدۆستییەیە و، زەرورە لە واقیعدا بەرجەستەی بکەن**

هەر بۆیە هەندێک لە زانایان پێیان وایە ئەو کافر و بێباوەڕەی کە شایانی

تۆڵەی خودایی و سزای هەتا هەتاییە ئەو کەسەیە کە بە شێوازێکی ڕاست و دروست و بێ هیچ گرێ و قۆرتێک بانگی حەقی پێ گەیشتبێت و بنەماکانی ئیسلامی بۆ ڕوون کرابێتەوە، ئەویش لەبەرامبەردا بە مەبەست و بە هۆی عینادی و سەرسەختی و خۆبەزلزانینەوە وەرینەگرێت و ڕەتی بکاتەوە، بەڵام ئەو کەسەی بانگی ئیسلامی پێ نەگەیشتبێت، یاخود بە ناتەواوی پێی گەیشتبێت، یان ئەو کەسەی پێی وا بێت ئەو بیر و ڕێباز و هزرەی لەسەریەتی ئەوە تاکە ڕێگەی حەقە، بەهۆی چاولێکەری دەوروبەر و کۆمەڵگەکەیەوە، یان ئەو کەسەی هەردەم لە لێکۆڵینەوە و کۆششدایە بۆ گەیشتن بە حەق و ئایینی حەق بەڵام پێی ناگات و لە کاتی هەوڵدانەکەیدا دەمرێت، هەموو ئەمانە و هاوشێوەکانیان بیانوویان هەیە و شایانی سزای خودایی نین.

لە گرنگترینی ئەو زانایانەی خاوەنی ئەم بۆچوونەن، لە پێشینەکان: عوبەیدوڵڵای کوڕی حەسەنی عەنبەری و جاحیز و سومامەی کوڕی ئەشرەس لە موعتەزیلە و سەدرەدینی شیرازی و ئیمامی غەزالی، هاوکات ئەم بۆچوونە دراوەتە پاڵ داودی زاهیری پێشەوای مەزهەبی زاهیری، لە زانایانی سەردەمیش هەر کام لە مەحموود شەلتوت (شێخی پێشووتری ئەزهەر)و، شێخ عەبدولموتەعال سەعیدی و شێخ محەممەدی غەزالی و زۆربەی زانایانی شیعەی وەک تەباتەبائی و خومەینی و چەندانی تر بۆچوونی ناوبراویان پەسەند کردووە (٢٧).

شێخ شەلتوت دەڵێت: "هەرکەسێک باوەڕی نەبێت بە بوونی خودا و تاک و تەنیایی و بێگەردیی لە لێکچوون و هاوشێوەیی و ئاوێتە بوون و... ئەو شتانەی لە ئاییندا بە زەروورەت ناسراون، ئەو کەسە موسڵمان نییە و حوکمی موسڵمانانی بەسەردا ناسەپێنرێت،... ئەمە واتای ئەوە نییە هەرکەسێک باوەڕی بەم شتانە نەبوو لای خوداش کافر و بێباوەڕە و بە هەتایی لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە، بەڵکو واتای ئەوەیە ئەو کەسە لە دنیادا ئەحکامە دینییەکانی ئیسلامی بەسەردا ناچەسپێنرێت... سەبارەت بە کافربوونیشی لای خودا ئەمە بەندە بەوەوە کە دەبێت ئینکاری و بێباوەڕییەکەی لە دوای ئەوە بێت، کە بە شێوازێکی دروست ئایینی پێ گەیشتبێت و لە ناخی خۆیدا هەست بە ڕاستێتی بکات، بەڵام بەهۆی عینادی و خۆبەزلزانینەوە ڕەتی دەکاتەوە ، یان بەهۆی تەماعی گەیشتن بە سامانێک یان پلەیەکی دنیایی، یان ترسان لە لۆمەکردن، بەڵام ئەگەر بیروباوەڕی ئیسلامی پێ نەگەیشتبێت، یان پێی گەیشتبێت بە شێوازێکی شێواو و نادروست، ئەویش کەسێکی بەتوانا و خاوەن بیرکردنەوە و تێڕوانین نەبێت، یاخود خاوەن بیرکردنەوە و تێڕوانین بێت بەڵام نەگەیشتبێتە قەناعەت و بەردەوام

له هەوڵی گەیشتن بە دینی حەقدا بێت و لە کاتی هەوڵدانەکەیدا بمرێت، ئەمانە لای خودا کافر و بێباوەڕ نین، بە جۆرێک کە شایانی سزای هەتا هەتایی بن" (٢٨).

بە هەمان شێوە شێخ محەممەد غەزالی پێی وایە کەسی بێباوەڕ کە شیاوی سزای خودایی بێت ئەو کەسەیە کە حەقیقەتی ئیسلامی وەک خۆی خرابێتە بەردەم و لە ناخیدا هەست بە ڕاستێتی بکات، بەڵام لەبری باوەڕهێنان، ئەو دێت بە ویستی خۆی ڕەتی دەکاتەوە و باوەڕی پێ ناهێنێت، لەگەڵ ئەوەی توانای قبووڵکردنی هەیە، بەڵام ئەوانەی حەقیقەتی ئیسلامیان پێنەگەیشتووە بە دروستی و ڕاست و ڕەوانی، بەڵکو بەپێی شوێن و دابونەریتی بۆماوەیی خۆیان ئایین و ڕێباز و میتۆدێکیان هەیە لەسەری دەڕۆن، ئەمانە بێباوەڕ نین و لە حوکمی نەزاندان (٢٩).

لە کۆتایی ئەم وێستگەیەشدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە زۆرینەی شوێنکەوتوانی ئایینەکانی وەک مەسیحی و بوزی و هندوسی و تاوی و ئەوانی تر بە یەقینی باوەڕیان بە ڕاستی و دروستی ئایینەکەی خۆیان هەیە و پەیوەستن بە بنەماکانییەوە، ئەمەش بەهۆی چاولێکەری دەوروبەر و دابونەریتی بۆماوەییانەوە، زۆرینەی ئەمانە یان هیچ لە ئیسلام نازانن ، یان ئەگەر لەملاولا یان لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە شتێکیان لەسەر ئیسلام بەرگوێ کەوتبێت، هیچ بۆیان گرنگ نەبووە بەدواداچوونی بۆ بکەن و لێی بکۆڵنەوە، بەهۆی ئەو یەقینەی لایان دروست بووە، یان لەوانەیە ئیسلام و موسڵمانیان وەک هێزێکی مەترسیدار و تۆقێنەر خرابێتە بەرچاو و نموونەی بەرزی ئیسلامیان لە بن لادن و بەغدادی و قاعیدەو داعشدا بینیبێتەوە، لەمەشدا تاوان و لێپرسراویەتی دەکەوێتە ئەستۆی موسڵمانان یە بەهۆی کەمتەرخەمییان و دابەشبوونیان بۆ چەندین گرووپ و دووچاربوونیان بە چەندین گرفتی ناوخۆییەوە.

**شێخ محەممەد غەزالی پێیوایە کەسی بێباوەڕکە شیاوی سزای خودایی بێت ئەوکەسەیە کە حەقیقەتی ئیسلامی وەك خۆی خرابێتە بەردەم ولە ناخیدا هەست بە ڕاستێتی بکات، بەڵام لەبری باوەڕهێنان، ئەو دێت بە ویستی خۆی ڕەتیدەکاتەوەو باوەڕی پێناهێنێت**

لەبەر ئەوە زۆربەی ئەو ناموسڵمانانە بە هۆی ئەو بیانوانەی ئاماژەیان پێ درا لە لایەک و بە پشتبەستن بە دادی خودایی و بەزەیی فراوانی لە لایەکی ترەوە، دەکەونە بەر لێبوردنی خودایی و دووچاری سزای هەتایی نابن، ئەو دەقە شەرعییانەشی

هەرەشە لە کافر و بێباوەڕان دەکەن بە سزای هەتایی و مانەوەیان لە دۆزەخدا، تایبەتن بەوکەسانەی کە حەقیقەتی ئیسلامیان پێگەیشتووە وەک خۆی و بەڵگەیان لەسەر ساغ بووەتەوە، بەڵام بەهۆی عینادی و سەرسەختیان، یان بەهۆی بەرژەوەندییەکی دنیاییەوە ڕەتی دەکەنەوە و باوەڕ ناهێنن.

**سەرچاوە و پەراوێز**

١- بڕوانە: البعلبكي، منير و رمزي منير: المورد الحديث، قاموس إنكليزي- عربي، دار العلم للملايين، بيروت، د.ط، ٢٠٠٨، ص ٨٨٤.

٢- بڕوانە: اليوسف، عبدالله أحمد: شرعية الاختلاف، دراسة تأصيلية منهجية للرأي الآخر في الفكر الإسلامي، دار الهادي، بيروت، ط٢، ٢٠٠٤، ص ١٣٨ .

٣- بڕوانە: قانصو، وجيه: التعددية الدينية في فلسفة جون هيك، المرتكزات المعرفية واللاهوتية، الدار العربية للعلوم-ناشرون، بيروت، ط١، ٢٠٠٧، ص١٢.

٤- بڕوانە: عمارة، محمد: الإسلام والتعددية، الاختلاف والتنوع في إطار الوحدة، سلسلة :هذا هو الإسلام (١٠)، القاهرة، مكتبة الشروق الدولية، ط١، ٢٠٠٨، ص ٢٦. البنا، جمال: التعددية في مجتمع إسلامي، دار الفكر الإسلامي، القاهرة، د.ط، د.ت، ص ١٢.

٥- بڕوانە: القرطبي: الجامع لأحكام القرآن، تحقيق: عبد الله بن عبد المحسن التركي وآخرون، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط١، ٢٠٠٦، ١١٤/١٠.

٦- بڕوانە: العمري، أكرم ضياء: السيرة النبوية الصحيحة، مكتبة العلوم والحكم، المدينة المنورة، ط٦، ١٩٩٤، ص ٢٨٢.حميد الله، محمد: مجموعة الوثائق السياسية للعهد النبوي والخلافة الراشدة، دار النفائس، بيروت، ط٥، ١٩٨٥، ص٥٩.

٧- بڕوانە: حميد الله، محمد: المصدر السابق، ص ١٧٥. عمارة، محمد: احترام المقدسات، سلسلة: هذا هو الإسلام(٣)، مكتبة الشروق الدولية، القاهرة، ط١، ٢٠٠٥، ص ١١.

٨- بڕوانە: حميد الله، محمد: المصدر السابق، ص ٦٦- ٣٣٢.. المطعني، عبد العظيم إبراهيم: مباديء التعايش السلمي في الإسلام، منهجًا وسيرة، دار الفتح للإعلام العربي، القاهرة، ط١، ١٩٩٦، ص٤٦.

٩- أخرجه البخاري في صحيحه (٢٠٦٨) ومسلم في صحيحه (١٦٠٣)

١٠- أخرجه الترمذي في سننه (١٢١٤) وابن ماجه في سننه (٢٤٣٩) والنسائي في الكبرى(٦٢٤٧) وقال الترمذي: هذا حديث حسن صحيح.

١١- أخرجه أبو داود في سننه (٣٠٥٢) والبيهقي في السنن الكبرى(١٨٧٣١) وأورده الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة (٤٤٥).

١٢- أخرجه البخاري في صحيحه (١٣١٢).

١٣- أخرجه البيهقي في السنن الكبرى (١٣٠٨٠.) ونحوه أحمد في المسند (١٦٥٥، ١٦٧٦) وقال محقق المسند شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح.

١٤- هەندێك توێژەران ئەم وتەیان داوەتە پاڵ زانای شیعه ئیبن تاوس، بڕوانە: محمد، يحيى: فهم الدين والواقيع، نسخة ألكترونية بصيغة PDF ص١٠٠.

١٥- ابن تيمية: مجموعة الفتاوى، اعتنى بها وخرج أحاديثها: عامر الجزار وأنور الباز، دار الوفاء، المنصورة، ط٣، ٢٠٠٥، ٨٤/٢٨.

١٦- الطبري: تأريخ الرسل والملوك، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، دار المعارف، القاهرة، ط٢، د.ت، ٦٠٩/٣.حميد الله: سەرچاوەی پێشوو ، ص ٤٨٨.

١٧ - بڕوانە: السباعي، مصطفى: من روائع حضارتنا، دار السلام، القاهرة، ط١، ١٩٩٨، ص ٦٥. عمارة، محمد: احترام المقدسات، سەرچاوەی پێشوو ، ص ١٢.
١٨- بڕوانە: السباعي، مصطفى: سەرچاوەی پێشوو ، ص ٦٦.
١٩- بڕوانە: السباعي، مصطفى: سەرچاوەی پێشوو ، ص ٦٧.
٢٠- متز، آدم: الحضارة الإسلامية في القرن الرابع الهجري، ترجمة: محمد عبد الهادي أبو ريده، دار الكتاب العربي، بيروت، ط٥، د.ت، ٨٦/١.
٢١- هەمان سەرچاوەی پێشوو ٨٧/١.
٢٢- بڕوانە: السباعي، مصطفى: سەرچاوەی پێشوو ، ص ٦٩.
٢٣- بڕوانە: قانصو، وجيه: سەرچاوەی پێشوو ، ص ٤٩.
٢٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل١٢.
٢٥- بڕوانە: حب الله، حيدر: سەرچاوەی پێشوو ، ص ٤٨.
٢٦- بڕوانة: رضا، محمد رشيد: تفسير القرآن الحكيم، دار المنار، مصر، ط٢، ١٣٦٧هـ، ٤٢٠/٦.
٢٧- بڕوانە: الغزالي، أبو حامد: فيصل التفرقة بين الإسلام والزندقة، تحقيق: حكة مصطفى، دار النشر المغربية، الدار البيضاء، ١٩٨٣، ص ٣٨. عياض، القاضي أبو الفضل: الشفا بتعريف حقوق المصطفى، تحقيق: عبد السلام محمد أمين، دار الكتب العلمية، بيروت، ط٣، ٢٠٠٦، ١٦٩/٢. شلتوت، محمود: الإسلام عقيدة وشريعة، دار الشروق، القاهرة، ط١٨، ٢٠٠١، ص ١٩. الغزالي، محمد: مع الله، دراسات في الدعوة والدعاة، شركة نهضة مصر، القاهرة، ط٦، ٢٠٠٥، ص ٥٦.البنا، جمال: سەرچاوەی پێشوو ، ص ٣٠. صليل، مهدي: التعددية الدينية، قراءة في المعنى، محاضرات الشيخ حسن الصفار، القطيف، المملكة العربية السعودية، ط١، ٢٠١٥، ص ٣٠.
٢٨- شلتوت، محمود: سەرچاوەی پێشوو ، ص ١٩.
٢٩- بڕوانە: الغزالي، محمد: مع الله، دراسات في الدعوة والدعاة، ص ٥٦.

# ئێزدییەکان؛ دیرۆك، ئایین و دابونەریتیان

د. عەدنان نیلوفەڕی

**پێشەکی**

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لانکی شارستانییەکان و ئایینە جیاوازەکانە و لەم نێوەندەدا جوگرافیای کوردستان یارمەتیدەرە بۆ شرۆڤەکردنی فرەچەشنەی ئایینەکان و بەتایبەتی ئایینی (ئێزدی) کە ئایینێکی دێرین و ڕەسەنی کوردییە، ئێزدییەکان خاوەنی دیرۆکێکی فراوان و جەنجاڵن، لەم بەرکوڵەدا پوختەیەک لە دیرۆک و ئایین و دابونەریتیان دەخەینە پێشچاو.

**باسی یەکەم: ئایین لە کوردستان**

کوردستانی گەورە خاوەنی دەیان ئایین و ئایینزای جۆراوجۆرە، هەر لە زەردەشتی و مانی و جولەکە و کریستیان و سابیئە و دەیانی تر بە ناونیشانە جۆراوجۆرەکانیانەوە، هەروەها موسڵمانی سونی و شیعی و سۆفی و ...... کە هەموویان بەیەکەوە بە

درێژایی ڕۆژگار لە سەر ئەم خاکە ژیاون، کوردەکان بە نەوەی (مادەکان) دادەنرێن، ئەو خێڵە ئارياییانە بوون کە لە هەزارەی دووەمـــی پـێـش زایـیـنـدا نیـشـتـەجێی بـاکووری ڕۆژئـاوای خـاکی ئێران بـوون و میرنشینە جیاوازەکانی ماد کە لەگەڵ ئاشـووریـیـەکـانـدا لـە شـەڕی بـەردەوامـدا بـوون، لـە کـۆتـایی سـەدەی حـەوتـەمی پێش زایین، مادەکان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر وڵاتی فارسدا سەپاند و لە ساڵی (٦١٢) پێش زایین بە هاوکاری بابلییەکان نـەبـوخـزنـەسـر بـە تـەواوی کۆتـایی بـە دەسەڵاتی ئاشوورییەکان هێنا و لە ساڵی ٥٥٠ پێش زایین سەرۆکی هۆزێکی فارس بە ناوی (کیرۆس ئەخامینش - کیرۆسی مەزن) دەستی بە سەر میدیادا گرتەوە و کردی بە بەشێک لە ئیمپراتۆری فارس، دواییش بوو بە بەهێزترین دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.(١)

زەردەشتی ئایینی فەرمی ئەخمینی بوو، وا پێدەچێت بە سەر مادەکانیشدا سەپێنرا بیت، بەڵام مادەکان پەرەیان بە ئایینی تایبەتی خۆیان دابـوو، کـە بیروباوەڕی فریشتەکان بـوو، ئەسکەندەری گەورە لـە سـاڵی (٣٣٠) پێش زایـین، میدیای داگیر کرد و میدیا ئیتر وەک بەشێک لە ئیمپراتۆری یۆنانی کەوتە ژێر کاریگەری قـووڵی هێلینیەوە و بیرورا ئایینییەکانی یۆنان بە سەر دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ئـەو نـاوچـەی وازیـان لـە بـڕوا کۆنەکانی خـۆیـان نـەهـێـنـابوو، سـەپـێـنرا، دواتـر ئایینێک بەناوی میترایزم بە شێوەیەکی خێرا لە ئێران سەری هەڵدا، میترا خودای ڕۆژ بوو، ئەم میتراییزمە لە کوردستاندا سەرکەوتنێکی خێرای بەدەست هێنا، سەرکەوتنێک کە تەنانەت بۆ ماوەیەکی دوور و درێـژ پـاش هـاتـنـەوەی ئایینی جولەکە و کریستیان جێی خۆی هێشتەوە و کاریگەرییەکەی پاراست.(٢)

لە مـاوەی ئیمپراتۆری نوێی ئاشووریدا ڕەوەنـدێـکـی گـــەورەی جـولـەکـەکـان ئـاوارەی کوردسـتـان بـوون و لـەدوایـیدا مەسیحیەت دەرکـەوت و لـە سـەدەی پێنجەمدا بزووتنەوەی مەزدەکی سەری هەڵدا و دژ بە بنەماکانی توندی ئایینی زەردەشتی ئیمپراتۆری ساسانی فارسی یاخی بوو، کاتێکیش ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاو بووەوە، ئیدی زۆرینەی گەلی کورد ئایینی ئیسلامی پەسەند کرد و لە سەدەی ١٦دا زۆربەی هەرە زۆری کورد بوونە موسڵمان، بەڵام تا ئێستاش زۆر لە دابونەریت و بیروباوەڕەکانی خۆیان پاراستووە و ئەمڕۆ نزیکەی (٧٠٪)ی خەڵکی کورد موسڵمانن و (٤٪)ی ئێزدی و (٤٪)ی مەسیحین، باسی ئێمە لێرەدا و لەناو ئەم ژمارە زۆرەی ئایینە جیاوازەکانی کوردستاندا توێژینەوەیەکی پوختی ئایینی ئێزدییە.(٣)

**باسی دووەم: ئێزدی یان یەزیدی چییە؟**

لەو کتێبانەی کە لە سەدەی شەشەم بەدواوە بڵاوکراونەتەوە زیاتر وشەی

(ئێزدیان) بەکارهێناوە، بەڵام لەوەو پێش پێیان وتراوە: (داسنی)، ئەمەش لەوەوە هاتووە کە زەردەشتییەکان بە پەیڕەوکارانی سروشتیان دەوت (دئیوەیسنا) یان (دیوبندە)، کە ئەم ناوەش لە کتێبی (زند ئاڤێستا)دا، هاتووە و لەلای ئێرانییەکان بە مانای (دێو) دێت، بەزمانی ئارامی و سامی بە مانای (شەیدا) هاتووە و واتای (شیدادات) لە (زند ئاڤێستا)دا بە ئەهریمەن دەوترێت، یان پێیان دەوترێت (شەیدا)، چونکە لە کتێبی ئاڤێستادا (شەیدا) (ان)ی چووەتە سەر و بە درێژایی ڕۆژگار لە نێو خەڵکدا بووە بە (شەیدا بندگان)، یان شەیداپەرستان، کە بە پەیڕەوکارانی هێزە سروشتییەکان دەوترا.(٤)

(شەیداپەرستان) بڕوایان بە دوو هێز بوو، (هێزی چاکە) و (هێزی شەڕ)، لەبەر ئەوەی کە هێزی شەڕیان زیاتر بەلاوە گرنگ بوو لە جیاتی ئەوەی دژی بوەستن قوربانیان بۆ دەکرد، بۆ ئەم کارەشیان سێ مەبەستیان هەبوو:

١-دوورکەوتنەوە لە خراپەکاری هێزی شەڕ.

٢- وەرگرتنی یارمەتی لە کاتی شەڕدا.

٢-بێباکانە بەرووی خەڵکدا هەڵدەشاخان، چونکە ئەوان پەیڕەوکاری هێزی سروشتی بوون و ئەم کارەشیان بە شیاو زانیوە و بەردەوام خۆیان بەهێز دەکرد، لە هەمان کاتدا ئەوان بڕواشیان بە خودای چاکە هەیە و پێی دەڵێن (دیاوس پدر)، ئێستا ئێزدییەکان (داسنی) پێیدەڵێن (مەلەک تاوس). یان (اب تاوس) و (عب طوس)یشی پێ دەڵێن.(٥)

سەبارەت بە وشەی (ئێزدی) لەوانەیە لە سەرەتا لە (یزد)، یان (یزدان) وەرگیرابێت، کە لە (یز)ەوە هاتووە، لە سەرچاوە کۆنەکانیشدا بە مانای ستایش و خوداپەرستی دێت، لە زمانی سانسکریتیشدا بە (یچ = یژ) هاتووە، لەویشەوە وشەی (Yazatz) دروست بووە، کە لە ئاڤێستادا بە هەمان خالق، یان پەرستراو دێت، لە زمانی پەهلەوی کۆندا ناوی (یزتە) لە سەرەتادا بە (یزت yazat) هاتووە، بەڵام دواتر وشەی (دان) ی چووەتە سەر و بووەتە (yazdan) کە دەبێتە (یزتان - یەزدان)، لەبەر ئەوەی کە عەرەبەکان مانای یەزدان نازانن لای ئەوان بووە بە (یەزید)، لەگەڵ ئەوەشدا داسنییەکان دەیبەنەوە سەر (یەزیدی کوڕی معاویە) و بە (یەزیدی) ناویان دەبەن، هەروەک چۆن لە ئێران گروپی (عەلی ئیلاهی) دەبەنەوە سەر ئەهلی حەقە.(٦)

## باسی سێیەم: شوێنی نیشتەجێبوونی ئێزدییەکان

شوێنی سەرەکی نیشتەجێ بوونیان ئێزدییەکان شارەکانی (شێخان، دهۆک، شنگال)ە، سەر بە پارێزگای مووسڵ - نەینەوا لە باشووری کوردستان- عێراق، لە باکووری کوردستان - تورکیاش

ڕێژەیەکی زۆری ئێزدی هەن، هەروەها لە ڕۆژئاوای کوردستان– سووریاش ڕێژەیەک ئێزدی تێدایە، هەروەها دێهاتەکانی شاری (عەفرین) هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاوای (حەڵەب) زۆربەی دانیشتوانی ئێزدین و لە ناوچە کوردنشینەکانی ڕووسیاش ئێزدی تێدا دەژین، کە پەرش و بڵاوبوونەتەوە بەسەر ناوچەکانی قەوقاز و تەفلیسدا، (جاکسۆن) لە گەشتنامەکەی ساڵی (١٩٠٣ز)دا، کە بۆ ئاسیای ناوەڕاست ئەنجامی داوە ژمارەی ئێزدییەکانی (داسنی) بە دوانزە هەزار مەزەندە کردووە و ئێستاش ئێزدییەکان بە زۆربەی وڵاتاندا، بەتایبەتی ئەمریکا و ئەوروپادا بڵاوبوونەتەوە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا نزیکەی ملیۆنێک تا ملیۆن و نیوێک ئێزدی هەن، کە زۆربەیان لە باشووری کوردستان و لە ناوچەکانی شنگال و دهۆک و شێخان و مووسڵ دەژین، هەروەها لە ئەرمەنستان و گورجستان ژمارەیەکی بەرچاو هەن، هەندێکیان لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا دەژین، هەندێکیشیان لە دەوروبەری جزیرە و ماردینی تورکیا و ڕۆژهەڵاتی سوریا، ئەم ئایینە ئایینێکی تایبەتە بە کوردان، ئەمڕۆکە هەموو ئێزدییەکان کوردن و هەموو کاتێک بە هەست و بیری مێژوویی زیندووی کوردەکان دەژمێردرێن، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە ناڕەوا تۆمەتی لە پەیڕەوانی ئەم ئایینە دەدا بە بیانووی نەبوونی پەرتووکی ئاسمانی و بە ناموسڵمان هەژماری دەکردن و بەم ناوەوە ستەمی لێ دەکردن و دواجاریش لە ساڵی (٢٠١٤) لەلایەن دەسەڵاتی تیرۆریستی داعشەوە گەورەترین ستەمیان لێ کرا و جینۆساید کران و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە درێژایی چەندین سەدە کوشت و بڕی یەکجار بێ بەزەییانەی لێ کردوون، چونکە تورکەکان وایان بیر دەکردەوە کە هەبوونی کوردانی موسڵمان ئاسانترە بۆ تواندنەوە و بە تورککردن، بەڵام کوردانی ئێزدی ئایینیان وەک بەربەستێک دەبینی بۆ بە تورکبوون، چونکە دەقەکانی ئەو ئایینە هەموو بە کوردی کرمانجی بوون و ئەم ئایینە بە بڕبڕەی پشتی زاراوەی کرمانجی هەژمار دەکرێت، چونکە کۆنترین دەقەکانی زاراوەی کرمانجی لەلایەن ئێزدییەکانەوە نووسراون، کە هەر دوو کتێبی مەسحەف ڕەش و جەلوە بەو زاراوەیە نووسراون.(٧)

### شێخ ئادی یان شێخ عودەی کوڕی مسافر هەکاری

ئەم کەسایەتییە لە سەدەی شەشەمی کۆچی و لە ساڵی (٥٥٧ک) کۆچی دوایی کردووە، پیاوێکی زاهید و سۆفیگەر و لە خودا ترس بووە لە شامەوە هاتووە بۆ (شێخان) و دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی ڕێبازی (عەدویە) و توانی ژمارەیەکی زۆر لە ئێزدییەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، ئێزدییەکان ئەم شێخەیان وەکو پیر و مورشیدی خۆیان هەڵبژارد تا وای لێهات کە دوور بکەونەوە

لە بەشێک لە بیروباوەڕی کۆنی خۆیان، شێخ ئادی لەدوای مردنی لە پەرستگای (لالش) کە دەکەوێتە نزیک شاری شێخان بە خاک دەسپێردرێت، لەدوای خۆی برازاکەی دەبێتە جێگرەوەی کە ناوی (ئەبولبەرکات)ی کوڕی سەخر بووە و دوای ئەویش عەدی کوڕی ئەبولبەرکات بووەتە ڕابەری ئێزدییەکان، لەدوای ئەویش کوڕەکەی دێت کە ناوی (شێخ حەسەن) بووە و نازناوی (تاج العارفین) بووە، دەڵێن لە سەردەمی شێخ حەسەندا ئێزدییەکان دەسەڵاتی ناوچەیەکی زۆر دەکەن لە کوردستان و بە تایبەت لە هەکاری .(٨)

**باسی چوارەم: ئەندێشەی ئێزدیایەتی**
ئێزدییەکان باوەڕیان بە گوێزرانەوەی گیان لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر هەیە، کە پێی دەڵێن (تەناسوخ: کراس گۆڕینەوە)، ئێزدییەکان بە سەر دوو چینی جیادا دابەش دەبن، چینی موریدەکان و چینی پیاوانی ئایینی، چینی ئایینی بریتین لە شێخ و پیرەکان، پیرەکان کۆنترن لە شێخەکان، لە کۆندا پیرەکان دەسەڵاتی ڕەهای ئایینیان بە دەستەوە بوو، پیرەکانی ئایینی ئێزدی هەمان سیفەتی پیرەکانی ئایینی عەلەوی و زەردەشتی و یارسانییان هەبوو، بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکە ئایینییەکانیان، بەڵام دوای هاتنی ئایینە ئیبراهیمییەکان، چینی شێخەکان لە لایەن شێخ ئادی-یەوە دروست دەکرێت و دەسەڵات ئایینی دەگرنە دەست، هەرچەندە تا ئێستاش پیرەکان ماون، بەڵام دەسەڵاتیان وەک شێخەکان بەهێز نییە و ئێزدییەکان بێجگە لە سەردەمی کۆن، لە سەردەمی نوێشدا چەندین کەسایەتی بەناوبانگیان هەبوون کە لە بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردیدا خەباتیان کردووە، وەک ئەوەی کە یەکەمینجار ڕۆمانی کوردی لەلایەن ئێزدییەکانی یەکێتی سۆڤێتەوە دەنووسرێت و (عەرەبێ شەمۆ) و (قەناتێ کورد) و (جاسمێ جەلیل) و(حاجیێ جندی) لە نووسەرە ناودارەکانی کوردانی ئێزدیین.(٩)

**لەو کتێبانەی کە لە سەدەی شەشەم بەدواوە بڵاوکراونەتەوە زیاتر وشەی (ئێزدیان) بەکارهێناوە، بەڵام لەوەو پێش پێیان وتراوە: (داسنی)**

**ڕێبازی فریشتەکان:** ئایینی ئێزدی پەیوەندییەکی دووری بە ڕێبازی فریشتەکانەوە هەیە و ئایینێکی تایبەتە بە کوردان، ئەم ئایینە تا ئێستاش بە تەواوی نەناسراوە، ماوەیەکی زۆر نییە ئێزدییەکان دەرگای نهێنییەکانی خۆیان بە ڕووی دونیای دەرەوە کردووەتەوە، خەڵکی دەرەکی دەتوانن چاویان بە دەقە پیرۆزەکانیان بکەوێت و گوێ لە

نزا و پەرستشە تایبەتەکانیان بگرن و سەردانی پەرستگاکانی ئەم ئایینە بکەن، بەڵام هێشتا زۆر شتی ئەم ئایینە بە نهێنی ماونەتەوە، ئایینی ئێزدی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بە شێوەیەک لە سۆفیگەری ناسرا بوو، ڕێورەسمی تایبەتی سەردانی مەزاری شێخ ئادی (١٠٧٣ - ١١٦٢ )کە هەموو ساڵێک لە هەفتەی دووەمی مانگی تشرینی یەکەم لە لالش ئەنجام دەدرێت لەگەڵ سەفەری حەج و تەوافی مەککە بەراورد کراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئایینی ئێزدی پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە! و ئێزدییەکان باوەڕیان بەوە هەیە کە خودا (ئەو زاتە پیرۆزەی ئافرێنەری خۆیەتی) و دەسەڵاتی گەردوونی بە دەستەوەیە مەرجانی سپی دروست کردووە و لە سەر پشتی باڵدارێک بە ناوی ئەنقەر داناوە کە ئەم باڵدارەش دەستکردی خۆیەتی، بەڵام کاتێ باڵدارەکە دەستی بە فڕین کردووە مەرجانەکە لە پشتی باڵدارەکەوە کەوتۆتە سەر زەوی و شکاوە لە یەکشەممەدا کە یەکەم ڕۆژی ئەفراندن بووە، خودێ لە سەردەمی یەکەمدا فریشتەی عیزرائیلی هێناوەتە سەر دونیا، ئەم حەوت فریشتەیە بەرپرسیارێتی ئاوەدانکردنەوەی جیهانی ماددی لە پاشماوەی مەرجانە شکاوەکەیان لەسەر شان بووە، بەم هۆیەوە ڕێبازی فریشتەکان کراوەتە ناونیشانێکی تر بۆیان، ئێزدییەکان ئاگر، خاک، ئاو و هەوایان لە لا پیرۆزە، باوەڕیان بە یەکگرتنێکی پتەو و هەماهەنگ لەگەڵ سروشت هەیە.(١٠)

**پەرستشی ئێزدییەکان:**

بەلای ئێزدییەکانەوە مەلەکە تاوس سەرۆکی هەموو فریشتەکانە، ئێزدییەکان بڕوایان بە (تەناسوخ) هەیە و بە بڕوای ئەوان ڕۆح لە دوو بەش پێکهاتووە:

یەکەم: ڕۆحە خراپەکان: کە لە ئاژەڵە درندە و زیانبەخشەکانەوە هاتوون و هەمیشە لە ئازار و ناخۆشیدان.

**دووەم: ڕۆحە پاکەکان:** کە لە ئاسماندا دەفڕن و نهێنی و غەیب لەگەڵ خۆیان دەهێنین تا مرۆڤە زیندووەکان نهێنی و غەیبیات بزانن و ئەم ڕۆحانە بە بەردەوامی لەگەڵ جیهانی غەیب و نەزانراودا لە پەیوەندی نەبڕاوەدان.(١١)

**ئەندێشەی ئێزدییەکان بۆ چاکە و خراپە**

ئێزدییەکان بڕوایان بە بوونی خراپە نییە و پێیان وایە چاکە و خراپە لە ژێر دەسەڵاتی خودادان و مرۆڤ بەرپرسی کردارەکانیەتی و خودا دەسەڵاتی بیرکردنەوە و بڕیاردانی پێداوە، لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە گوێزرانەوەی گیان لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر هەیە، واتە: تەناسوخ، کە لەو ڕێگەیەوە دەگاتە ئاستێکی نوێ، بۆیە هیچ مرۆڤێک ناتوانێت بڕوا بە ئایینەکەیان بهێنێت و پێویستە مرۆڤ بە ئێزدی لە دایک بێت!(١٢)

**کتێبە پیرۆزەکانی ئێزدی**

ئەوان دوو کتێبیان هەیە، یەکێکیان بە ناوی (جەلوە) و ئەوی تریان بە ناوی (موسحەفا ڕەش)، ئەم کتێبانەش بە زمانی کوردی نووسراوان و لە ساڵی (١٨٩٥ز) بەدواوە نزیکەی سیانزە جار بە واتا و ناوەڕۆکەوە وەرگێڕدراونەتە سەر چەندین زمانی جیاواز، و دەستنووسی کتێبی (موسحەفا ڕەش) لەم ساڵانەی کۆتاییدا لەلایەن (میر تەحسین بەگ ی، میری ئێزدییانەوە لە یەکێک لە مۆزەخانەکانی ئەوروپای ڕۆژئاواوە پارێزراوە، ناوەڕۆکی (موسحەفا ڕەش) بریتییە لە هەبوونی خودا و فریشتەکان و چۆنیەتیی ئافراندنی بوونەوەر و ئەرکان و فەرزەکانی ئایینی ئێزدی، هەروەها ئێزدییەکان بە (قەرە فورقان)یش، ناوی دەهێنن، ئێزدییەکان بڕوایان وایە کە ئەم پەڕتوکە ئاسمانییە و بەسروش هاتووەتە خوارەوە بۆ سەر مەلەک فەخرەدین و هەروەها پەڕتووکی (جەلوە) لە دانانی شێخ حەسەنە، کە شەش ساڵ خەڵوەتی کردووە و لەو ماوەیەدا ئەو پەڕتووکەی داناوە، تێیدا باسی چۆنێتی دانانی مەلەک تاوس وەک سەرۆکی فریشتەکان و بابەتەکانی تری ئایینی ئێزدی کراوە و باسەکانی بەشێوەی تێکستی ئەدەبین کە لە شیعر دەچێت و هۆنینەوەی بۆ کردووە، کە پێی دەڵێن: (قەول) و (بەیت) و (قەسیدە) و (دۆعا)، ئەم پەڕتووکە لە سەرەتادا بە زارەکی لەسەر زمانی قەول بێژەکانی وەک: (شێخ فەخر) و (پسێ جەم) و (پیرڕەشی حەیران) و چەندی تر هاتووەتە پاراستن وتەنانەت زۆر لەبابەتەکانی تری ناوی تائێستایش هەر زارەکین و نەنوسراونەتەوە.(١٣)

**(شەیداپەرستان) بڕوایان بە دوو هێز بوو، (هێزی چاکە) و (هێزی شەڕ)، لەبەرئەوەی هێزی شەڕیان زیاتر بەلاوە گرنگ بوو لە جیاتی ئەوەی دژی بوەستن قوربانیان بۆ دەکرد**

**باسی پێنجەم: چینەکانی ئێزدی**

ئێزدییەکان بە سەر سێ چینی جیادا دابەش دەبن، (پیر) و (شێخ) و (چینی موریدەکان) و هەر چینێک ئیشی تایبەتی خۆیی بە دیاریکراوی هەیە، چینەکان لە ئایینی ئێزدیدا زیاتر پێناسەی کارکردە ئایینییەکان دەکەن و پەیوەندی نێوان چینەکان ئامرازێکی سەرەکییە بۆ پاراستنی ئایینەکە و ئەمە پوختەی باسی ئەو سێ چینەیە:

**(پیر):** ڕێبەری ئایینییە، ئەرکی فێرکردن و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئێزدییایەتییە لەناو کۆمەڵدا، هەر پیرێک کۆمەڵێک موریدی تایبەتیی خۆیی هەیە و ساڵی جارێک بەناویاندا دەگەڕێت بۆ فێرکردن و چارەسەری کێشەوگرفتەکانیان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان، چینی پیر

لە چەند بنەماڵەیەکی سەرەکی پێکهاتوون کەژمارەیان نزیکەی چل بنەماڵە دەبن، وەک بنەماڵەکانی: (پیرهەسن مەمان – پیری شالیار – پیر ڕەشی حەیران – پیری هاجیال – پیرمەهمەدی ڕەشان).
**(شێخ):** ئەمانیش ڕێبەری ئایینین و لە سێ بنەماڵەی سەرەکی پێکهاتوون کەئەمانەن: (ئادانی – شەمسانی - قاتانی) و هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە لەڕووی پلەوپایەوە، شیاوی باسە ژنوژنخوازی لەنێوان ئەم سێ بنەماڵەیەدا تاوانە، نموونەی بنەماڵەکانی شێخی ئێزدییەکانیش وەک: (شێخادی – شێخ حەسەن – شێشمس – شێخ فەخر – شێخ بەکر – شێخ براهیمی خورستانی).
**(مورید):** ئەمانە خەڵکی گشتی و ئاینندارانی سادەی ناو ئێزدییەکانن.(١٤)

**پلە ئایینییەکانی ناو ئێزدییەکان**

**یەکەم**: میر، کەسێکی پارێزراو و بێ لێپرسینەوەیە ونوێنەری شێخ ئادی یە، میری ماوەیەک پێش ئێستایان (میر تەحسین بەگ) بوو، کە لەدوای مردنی باوکی لە کۆتایی مانگی تەمووزی ساڵی (١٩٤٤ز) بووەتە جێنشین، و دوای مردنی لەساڵی (٢٠١٨)دا، میر حازمی کوڕی جێگای گرتەوە.
**دووەم**: بابا شێخ، مەقامی بابا شێخ دەگەڕێتەوە بۆ شێخ فەخرەدین، کاری سەرەکی بریتییە لە قەزاوەتی ئایینی و چاودێریکردن لە پەرستگای لالش و پاراستنی شوێنی نوێژکردن و دیاریکردنی ڕۆژەکانی ڕۆژووگرتن و ژمارەی نوێژەکان و ڕێژەی زەکاتدان و کاری تریشی هەیە، وەکو ڕەخنەگرتن لە شێوازی پەرستشکردنی ئەوانی تر.
**سێیەم**: شێخی وەزیر، لە توێژی خوێندەوارەکانی ئێزدین و دەبێت لە بنەماڵەی شێخەکانی شەمسانی بێت، واتە: لە بنەماڵەی شێخ شەمسە، شێخی وەزیر پلەوپایەیەکی بڵند و تایبەتی هەیە لە ئایینی ئێزدیدا و یەکێکە لە ئەندامانی جڤاتی ڕۆحانی.
**چوارەم**: پێشیمامێ مەرگەهێ، ئەمیش لەشێخەکانی شەمسانییە، و لە بنەماڵەی شێخ شەرەفەدینە، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ڕۆحانییە و هەروەها ئەندامی ئەنجومەنی بابە شێخیشە.(١٥)
**پێنجەم**: فەقیر، ئەمانە لە چینی زاهیدانی ئێزدین، فەقیرەکان پارچەیەک خوری ڕەش دەپۆشن و تا بەتەواوەتی پارچە پارچە نەبێت و نەسوێت لاینابەن، دوایش لە شوێنێک هەڵیدەگرن و لە کاتی مردنیدا بۆ کفنی بەکاری دەهێنن، فەقیرەکان پەتێکی ڕستراوی ئەستوور وەکو ملوانکە لەمل دەکەن لەگەڵ کڵاوێک کە لەسەری دەکەن، هەریەکە لەمانەش مایەی ڕێزن و پیرۆزن.
**شەشەم**: قەوال، بەو کەسانە دەوترێ کە لە ڕۆژانی جەژن یان بۆنە ئایینییەکاندا سروود دەڵێن و زۆربەی

(قەواڵە)کان، شاعیرێکی میللی باشن، دەڵێن گوایە لە شێخ ئادی مافی نووسینی قەسیدە و پێداهەڵدانیان وەرگرتووە و بوونەتە نوێنەری ڕاستەقینەی شەریعەت و ڕووداوە مێژووییەکان، هەروەها شانازی هاودەمی مەلەک تاوسیان پێدراوە، قەواڵەکان بەرپرسی کۆکردنەوەی نەزرکراوەکان و هەڵکەندنی گۆڕە پیرۆزەکان و هەڵگرتنی جلوبەرگە پیرۆزەکانن و ئەم کارەشیان بە پیرۆز دەزانن و منداڵەکانی خۆیان فێری سەمای ئایینی و لێدانی دەف وشەباب و نەی و قەسیدە و سروودی ئایینی دەکەن.(١٦)

**حەوتەم**: کۆچەکەکان، ئەمانە ژمارەیان زۆرە، جلوبەرگی سپی دەپۆشن و پشتێنی ڕەنگ سوری گرێدراو لە کەمەریان دەبەستن، کە لە خوری دروستکراوە و کاریان بریتییە لە کفن و دفن کردنی مردووەکان و چەند کارێکی تری گران، وەکو گواستنەوەی بەرد و برینی دار لە پەرستگای لالش، ئەو ئێزدییانەی کە دەگەنە پلەی (کۆچەک) هەوڵ دەدەن پێشبینی داهاتووی مرۆڤ بکەن و ڕۆحەکان بناسنەوە.

**هەشتەم**: بابی گاڤان: لە چینی شێخەکانە و لە بنەماڵەی (ئامادەین)ە، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ڕۆحانییە و هەروەها ئەندامی ئەنجومەنی بابە شێخیشە، پێویستە ئەم کەسە بەباشی لە ئایینی ئێزدی شارەزا بێت.

**نۆیەم**: بابێ چاویش: دەروێشێکی پەرستگەی لالشە، و هەموو ژیانی خۆیی تەرخان کردووە بۆ خزمەتی ئەو جێگایە و بەڕەبەنی دەژی و ژن ناهێنێت.

**دەیەم**: سەردەرێ پەرستگەی لالش، ئەمە بەنەماڵەیەکن کە ئەرکی سەرەکییان بریتییە لەخزمەتکردنی پەرستگەی لالش وسەردانکەرانی.(١٧)

## هەموو ئێزدییەکان کوردن و هەموو کاتێک بە هەست و بیری مێژوویی زیندووی کوردەکان دەژمێردرێن

**باسی شەشەم: قەدەغە و ڕێگە پێنەدراوەکان لە ئایینی ئێزدی**

خواردنی کاهوو وەکو نەریتێک زیاتر قەدەغەیە و لەناو خواردنە گۆشتییەکانیشدا خواردنی گۆشتی بەراز حەرامە، لەلای شێخ و مریدەکانی (ئامادین) کەڵەشێریش حەرامە، بەڵام ڕێککردنی (بەرسمێڵکردن) بەڕێگەپێدراو دەزانن، بەڵام قەوالی و فەقیرەکان و پێشەواکانیان نابێت بە هیچ شێوەیەک ڕیش بتاشن، و دەبێ خۆیان دوور بگرن لە ئاهەنگی مرۆیی و شادی ئامێزەکان، تا نەفسی خۆی بەدور بگرێت ، هەروەها سەیرکردنی ژنی غەیرە ئێزدی و ڕابواردن لەگەڵی حەرامە و بە باوەڕی ئێزدی لە مانگی نیساندا نابێت ژن گواستنەوە ئەنجام بدرێت چونکە بەپێی ئەوان ئەم

مانگە خۆی بووکی ساڵە و پیرۆزیشە .(١٨) نابێت ئێزدییەکان لە کاتی تووڕەبوون دا تف بکەنە سەر زەوی یان ئاگر، چونکە ئەمانە دوو ڕەگەزن لە هەرچوار ڕەگەزە پیرۆزەکانی خۆیان، ئێزدییەکان منداڵەکانیان خەتەنە دەکەن .(١٩)

**باسی حەوتەم: جەژنەکانی ئایینی ئێزدی**

**(١) جەژنی سەری ساڵ:** ئەم جەژنە کۆنترین و پیرۆزترین جەژنەکانی ئێزدییانە، سەرەتای ساڵی ئێزدی سەرەتای مانگی نیسانی ڕۆژهەلاتیە، کە ڕۆژی چوارشەممە جەژن دەست پێ دەکات، ئەگەر یەکی نیسان وارێکەوت بکەوێتە پێنج شەممە، ئەوا جەژنەکەیان دوا دەخەن بۆ چوارشەممەی هەفتەی ئایندە، ساڵنامەی زایینی سێزدە ڕۆژ لەپێش ساڵنامەی ڕۆژهەڵاتیی ئێزدییەوەیە، لەناو ئێزدییەکاندا ژنوژنخوازی لەم مانگەدا گوناهە، چونکە دەڵێن مانگی نیسان بوکی ساڵە، وە هەر لەم جەژنەدا نانێکی تایبەت دروست دەکەن، کە پێی دەڵێن: (سەوک) و لەگەڵ شیرینیدا بەسەر هەژاراندا دابەشی دەکەن.(٢٠)

**(٢) جەژنی چلەی هاوین:** ئەم جەژنە ڕێورەسمەکەی لە پەرستگای لالش دەگێڕن، کاتەکەی دەکەوێتە ڕۆژی ٣٠ تەمووزەوە، تا ٢ی، ئاب دەخایەنێت.

**(٣) جەژنی چلەی زستان:** ئەم جەژنە دەکەوێتە ٢ی، مانگی شوباتەوە، سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێت و لە پەرستگای لالش دەیبەن بەڕێوە.

**(٤) جەژنی جەمای:** یەکێکە لە جەژنە دێرینەکانی ئێزدی، ماوەی ٧ ڕۆژ دەخایەنێت و لە پەرستگای لالش دەیبەن بەڕێوە، کاتەکەی لە ٦ تا ١٢ی، تشرینی یەکەمە، لە ئێوارەکانیدا مۆم و چرا دادەگیرسێنن و ڕێورەسمی (سەما و قنتار) کەتایبەتە بە خۆیان دەبەن بەڕێوە.

**(٥) جەژنی ڕۆژوو:** دەربارەی ڕۆژوو پێیان وایە سێ ڕۆژەو موسڵمانان بە هەڵە سی ڕۆژ بە ڕۆژوون، لەبەر ئەوەی کۆتا ڕۆژەکانی سێ شەممە و چوارشەممە و پێنج شەممەی مانگی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک کە کورتترین و ساردترین ڕۆژەکانی ساڵە بەڕۆژوو دەبن و ڕۆژی هەینی دەکەنە جەژنی ڕۆژووگرتن، لەم جەژنەدا زۆر هاوکاری هەژاران دەکەن(٢١)

**(٦) جەژنی بێلندە:** ئەم جەژنە یەکێکی ترە لە جەژنە دێرینەکانی ئێزدی، بەبۆنەی تەواوبوونی وەرزی چاندنەوە جەژن دەگێڕن، ئەم جەژنە دەکەوێتە هەینی یەکەم لە مانگی کانونی دووەم لە ڕۆژژمێری زایینی، نانی تایبەتی (کشام – شلک - خەولێرە) ئامادە دەکەن بۆ ئەم جەژنە، و لە ئێوارەی جەژندا ئاگر هەڵدەکەن کەپێی دەڵێن: (گورکا گای) و ئەم جەژنە بە جەژنی وەرینی گوناهەکانیان دادەنێن.

**(٧) جەژنی خدر ئیلیاس:** ئەم جەژنە دەکەوێتە پێنج شەممەی سێیەم لە مانگی شوبات، جا ئەوانەی کەناویان خدر و ئیلیاسە سێ ڕۆژ لەپێشی ئەم

جەژنەوە بەڕۆژوو دەبن، ئێزدی چەندین ڕێوڕەسمی تایبەت بەم جەژنە ئەنجام دەدەن، وەک: (قەڵاتک) کە بریتییە لە برژاندنی هەندێک لە گەنم و جۆ و گارس و نۆک و ئەمانە، کە هەمووی پێکەوە دەهاڕن و پێی دەڵێن: (پێخون) و لەگەڵ خواردنێکی تر بەناوی (چەرخووس) دەیخۆن، لەم جەژنەدا ڕاو و نێچیر و سەربڕینی گیانەوەر گوناهە.(٢٢)

**(٨) جەژنی قوربان:** ئەم جەژنەش هەر لە پەرستگای لالش بەڕێوە دەچێت، هەرچەندە کاتەکەی جیایە لە کاتی جەژنی قوربانی موسڵمانەکان، بەڵام چیرۆکەکەی هەمان چیرۆکە و بەهۆی ڕزگاربوونی پەیامبەر ئیسماعیلە لە سەربڕین لەلایەن پەیامبەر ئیبراهیمی باوکییەوە و بەم بۆنەیەوە جەژنە دەگێڕن(٢٣)

## ساڵی (٢٠١٤) لەلایەن دەسەڵاتی تیرۆریستی داعشەوە گەورەترین ستەمیان لێ کرا و جینۆساید کران

**دو اباس: ئەوتوندوتیژییانەی ڕووبەڕووی ئێزدییەکان بووەتەوە**

١- کوشتنی شێخ حەسەن لە مووسڵ، ساڵی (٦٤٤ک – ١٢٤٧ز).

٢- کوشت و بڕی زیاتر لە سەد کەسی ئێزدی و لەسێدارەدانی ئەمیرەکەیان و تێکدانی گۆڕی شێخ عەدی و سووتاندنی ئێسک و پروسکی لەلایەن بەرپرسانی ئەو کاتەی مووسڵ، لە ساڵی (٦٥٢ک - ١٢٥٥)، کە ئەو کاتە پێیان دەوتن (عەدویە).

٣- پەلاماردان و کوشتنی ئێزدییەکان لە ساڵی (٨١٧ک – ١٤١٤ز) بەهۆی هاندانی جەلالەدین محەممەد کوڕی عیزەدین یوسف حیلوانی، لەلایەن بەرپرسی جەزیرەی ئیبن عومەر و ناوچەکانی دەوروبەری.

٤- لە ساڵی (١١٢٧ک – ١٧١٥ز) لەلایەن مەلا حەیدەری کورد و مەلیک موزەفەر ناوێک هێرشیان کردە سەر ئێزدییەکان و ژن و منداڵەکانیان دەستگیرکردن و ماڵ و سامانیان تاڵان کردن، پیاوە شەڕکەر و ژنەکانیان فرۆشتن و کەنیزەک و کچەکانیان لای خۆیان هێشتەوە.

٥- لە ساڵی (١٢٤٧ک-١٨٣١ز) محەممەد پاشا ناسراو بە (پاشا کۆرەی ڕەواندز) هێرشی کردە سەر قەڵەمڕەوی ئێزدییەکان و زۆرینەیانی لەناو برد.(٢٤)

٦- لە ساڵی (١٣٠٨ک – ١٨٩١ز) دەوڵەتی تورکی عوسمانی بۆ ناچارکردنی ئێزدییەکان بە خزمەتی سەربازی فەرمانیدا بە (ژەنەراڵ عومەر وەهبی) هێرشیان بکاتە سەر، بۆیە بەزۆر ژمارەیەک ئێزدی ناوچەی شێخانی موسڵمان کردوو، فەرمانیشی دەرکرد بۆ کوڕەکەی جێگری یەکەمی (عاسم بەگ) کە دەست بکات بە کوشتن و بڕینی ئێزدییەکان، ئەویش

پەیکەرەکانی بردن و گومەزو گۆڕی پێشەواکانی ئێزدی تێکدا.

٧- خزمەتی سەربازی، حکومەتی پاشایەتی عێراق تۆمەتی چونەپاڵ مەسیحی و هاوکاری کردنی فەرەنسییە نیشتەجێبووەکانی سوریای دانەپاڵ و دەستی کرد بە سەرکوتکردنیان، لە ئەنجامدا سەد کەسیان لێکوژرا و ژمارەیەکیشیان زیندانیکران و دوورخرانەوە و ژمارەکیشیان لەسێدارەدران.(٢٥)

٨- ساڵی (٢٠١٤) گروپی تیرۆریستی داعش هێرشی کردە سەر ئێزدییەکان و بەسەدان کەسی لێکوشتن و ژمارەیەکی زۆر لە ژن‌وکچەکانیانی کردە کەنیزەک و ماڵ و سامانی تاڵانکردن.(٢٦)

**دەرەنجام**

١- ئێزدییەکان لە نەتەوە و ئایینە دێرینەکانی کوردستانن و جێگە پێی خۆیان لەدێرزەمانەوە لەم وڵاتەدا داکوتاوە و بڕوادارانی ئایینەکەش بەوپەڕی ئازادییەوە لەتەنیشت برا موسڵمانەکانیاندا ژیاون و پەرستشی تایبەت بە خۆیانیان ئەنجام داوە.

٢- کوردستان وڵاتی پێکەوە ژیانە و خەڵکەکەی زۆر دڵفراوانانە ئایینەکانی تریش لەخۆدەگرن، بەڵام ئەوە سیاسەت بووە ئێزدییەکانی بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی کوشتن و بڕین وماڵوێرانی کردۆتەوە،

٣- لەڕاستیدا ئێزدییەکان خاوەنی چڕوپڕترین ئایینن کە سەدان سروت و ڕێوڕەسمی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە و ئێزدییەکانیش بەوپەڕی حەز و دڵ گەرمییەوە سروت و فەرمانەکانی ئایینەکەیان جێبەجێ دەکەن.

٤- بەتایبەتی جەژنی قوربان وەک ڕوونمان کردەوە، کتومت جەژنی قوربانەکەی موسڵمانانە بە چیرۆکەکەشیەوە!

٥- لەلایەکی تریشەوە ئێزدییەکان سەرەڕای ئەو هەمووە هێرشە ناڕەوایانەی بە درێژایی مێژوو بەسەریاندا هاتووە توانیویانە زۆر سەرسەختانە دەست بە ئایینی خۆیانەوە بگرن و لەسەری بەردەوام بن.

**دەڵێن لە سەردەمی شێخ حەسەندا ئێزدییەکان دەسەڵاتی ناوچەیەکی زۆر دەکەن لە کوردستان، بە تایبەت لە هەکاری**

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

(١). فیلیپ کرینبروك و کریستیەن ئالیون، کلتور و ناسنامەی کورد, و. وریا ڕەحمانی, چاپخانەی خانی, چاپی یەکەم , دهۆك - ٢٠٠٨، ل٩٨

(٢). ئایەتوڵڵا محەممەد مەردۆخی کوردستانی, مێژووی کورد و کوردستان، وەرگێڕانی: عەبدولکەریم محەممەد سەعید, چاپی ١٩٩١ (ناوی چاپخانەی لەسەر نییە)، ل٤١١

(٣). فؤاد حمه‌خورشید, العشائرالكوردية، ط١: مطبعة الحوادث, بغداد - ١٩٧٩، ص٦٧
(٤). ملا خليل المشختي، اليزيديون، ط١،(موصل: دارالحدباء، ١٩٨٢)، ص٣٥
(٥). هه‌مان سه‌رچاوه، ل٤٦
(٦). كه‌ريم زه‌ند، ئايين و باوه‌ڕ له‌ كوردستاندا, چاپخانه‌ی كامه‌رانی, سلێمانی , ١٩٧١، ل٧٣
(٧). ملا خليل المشختي، اليزيديون، ص٥٩
(٨). هه‌مان سه‌رچاوه، ل٦٣
(٩). سمكۆ محه‌مه‌د، ئايين و كه‌مينه‌كان له‌ كوردستان, چاپخانه‌ی هێڤی , هه‌ولێر , چاپی يه‌كه‌م , ٢٠١١، ل٢٣٣
(١٠). ملا خليل المشختي، اليزيديون، ص٧٣
(١١). هه‌مان سه‌رچاوه، ل٧٦
(١٢). ديار غه‌ريب، خوێندنه‌وه‌يه‌كی نوێ بۆ مێژووی كوردستان، چاپی دووه‌م، چاپخانه‌ی حه‌مدی، سلێمانی (٢٠١٩)، ل٣٠١
(١٣). هه‌مان سه‌رچاوه، ل٣٠٩
(١٤). فؤاد حمه‌خورشيد, العشائرالكوردية، ص٨٨
(١٥). كه‌ريم زه‌ند، ئايين و باوه‌ڕ له‌ كوردستاندا، ل٧٩
(١٦). هه‌مان سه‌رچاوه، ل٩٤
(١٧). ملا خليل المشختي، اليزيديون، ص١٢٣
(١٨). هه‌مان سه‌رچاوه، ل١٢٦
(١٩). ديار غه‌ريب، خوێندنه‌وه‌يه‌كی نوێ بۆ مێژووی كوردستان، ل٣١٣
(٢٠). هه‌مان سه‌رچاوه، ل٣١٧
(٢١). كه‌ريم زه‌ند، ئايين و باوه‌ڕ له‌ كوردستاندا، ل١١٥
(٢٢). ملا خليل المشختي، اليزيديون، ص١٣٥
(٢٣). هه‌مان سه‌رچاوه، ل١٣٧
(٢٤). ديار غه‌ريب، خوێندنه‌وه‌يه‌كی نوێ بۆ مێژووی كوردستان، ل٣٠٣
(٢٥). كه‌ريم زه‌ند، ئايين و باوه‌ڕ له‌ كوردستاندا، ل١٧٨
(٢٦). ديار غه‌ريب، خوێندنه‌وه‌يه‌كی نوێ بۆ مێژووی كوردستان، ل٣٠٣

# مەنزیل، گرووپێکی ئایینی، سیاسی و ئابووری

نووسینی: حەمزە محەممەد ساڵح

**پێشەکی**

دەوڵەتی تورکیا بە یەکێک لە دەوڵەتە سیکۆلارەکان دادەنرێت. واتە بنەماکانی دەستووری دەوڵەتەکە لەسەر دیموکراسی و سیکۆلار دامەزراوە، نەک ئایین. بەڵام کاتێک لە ڕوانگەی زانستی کۆمەڵناسییەوە لێکۆڵینەوە لە بوونیادی ئایینی تورکیا دەکەیت، زیاتر کۆمەڵگەیەی دینداری ئیسلامی دەبینرێت. چونکە چەندین گرووپی ئایینی دەبینرێت بە شێوەیەکی بەربڵاو چالاکییەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن. چالاکیی گرووپە ئایینییەکان تەنها خۆیی لە چالاکییە ئایینییەکاندا نابینێتەوە، بەڵکوو چەندین چالاکی ڕێکخراوەیی، ئابووری، سیاسی، .... هتد ئەنجام دەدەن. هەر بۆیە زۆر کات لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە بۆ مەرامە سیاسییەکانی خۆیان بە کار دەهێنرێن. یەکێکە لەو گرووپە ئایینییانەی ژمارەیەکی زۆر شوێنەکەوتە و موریدی هەیە بریتییە لە گرووپی مەنزیل. گرووپی مەنزیل یەکێک لەو گرووپە ئایینییانەی تورکیا کە کاریگەرییەکی گەورەیان لە بواری سیاسەتدا هەیە. لەم دواییەدا بەهۆی چالاکییە ئایینی، سیاسی و ئابوورییەکانی گرووپی مەنزیلەوە، یەکێکە لەو گرووپە ئایینییانەی

زۆرترین قسه و باسی لەسەر کراوە. هەر بۆیە لەم توێژینەوەدا دەمانەوێت تیشک بخەینە سەر ناساندنێکی گشتی گرووپی مەنزیل و چالاکییە ئایینی، ئابووری، سیاسییەکانی.

**مێژووی دەرکەوتنی گرووپی مەنزیل**

گرووپی مەنزیل بە یەکێک لە باڵەکانی تەریقەتی خالیدییەی نەقشبەندی لە تورکیا دادەنرێت (Oğur, ٢٠١٩, p. ٥٠). ئەم گرووپە لەلایەن عەبدولحەکیم حسێن ئێرۆڵ (١٩٠٢-١٩٧٢)ەوە دامەزراوە. باوکی عەبدولحەکیم کە ناوی سەید محەممەدە، بە یەکێک لە خەلیفەکانی شێخ محەممەد زیائەدین دادەنرێت. باس لەوەش دەکرێت ئەم بنەماڵەیە لە نەوەی سەیدن (Uludağ, ٢٠٢٣; Karataş, ٢٠١٩, p. ٥١). کە بەپێی شەجەرەیەک، عەبدولحەکیم ئێرۆڵ وەکو سەید قبووڵ دەکرێت. واتە شەجەرەی ئەم بنەماڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئیمامی حسێنی کوڕی ئیمامی عەلی[1] (Karataş, ٢٠١٩, p. ٥٣) (Sporx, ٢٠٢٣).

عەبدولحەکیم ئێرۆڵ ١٩٠٢ لە گوندی کەرەمەترەی، یان کەرماتی قەزای بایکانی سەر بە پارێزگای بەدلیس هاتووەتە دونیاوە، دوو جار هاوسەرگیری کردووە، جاری یەکەم لەگەڵ خزمێکی خۆی بەناوی فاتمە، کە پانزە ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو، سێ کوڕ و دوو کچی بە ناوەکانی محەممەد، محەممەد ڕەشید، زەینەلعابدین، خەدیجە و حەلیمە لێ بووە. بە پێشنیاری هاوسەری یەکەمی هاوسەرگیری دووە لەگەڵ خزمێکی دیکەی خۆی بە ناوی سدقییە خاتوون ئەنجام دەدات. لە هاوسەری دووەمیشی پێنج کوڕ و چوار کچی بووە. کوڕەکانی بریتی بوون لە عەبدولباقی، ئەحمەد، عەبدولحەلیم، محێدین و ئەنوەر (Yıldırım, ٢٠٠٩, p. ٣٦). عەبدولحەکیم سەرەتا لە شاری سیرت ژیاوە، بەڵام بەپێی یەکێک لە گێڕانەوەکان بەهۆی تۆمەتبارکردنی عەبدولحەکیم و ئەندامانی خێزانەکەی بە بەرزکردنەوەی ڕۆحی کوردایەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵدا، بۆیە ناچار بوو ناوچەی سیرت جێ بهێڵێت و ساڵی ١٩٧١ ڕوو بکاتە قەزای کاهتا لە پارێزگای ئادیامان و لەوێ گوندێک بکڕێت و لێی نیشتەجێ ببێت. سەرەتا ناوی گوندەکە دوارک بووە، بەڵام دواتر گۆڕاوە بۆ مەنزیل (Çaklı, ٢٠٢٣). گوندەکە لە لایەک وەک عیبادەت، لەلایەکی دیکە وەکو بازرگانی و گەشتیاری بەکار دەهێنرێت (Oğur, ٢٠١٩, p. ٥٠; Karataş, ٢٠١٩, p. ٥١). ناوی گرووپی مەنزیلیش لەم گوندەوە هاتووە.

دوای مردنی عەبدولحەکیم ئێرۆڵ ساڵی ١٩٧٢، محەممەد ڕەشید ئێرۆڵ (١٩٣٠-١٩٩٣)ی کوڕی چووە شوێنی باوکی (Özcan, ٢٠١٦, p.٧٦٨). شوێنکەوتوانی ئەم گرووپە نازناوی "غەوز"یان بۆ

عەبدولحەکیم بەکار دەهێنن. کە لە زمانی عەرەبیدا مانای هاوکاری و بەدەمەوە هاتن دەگەیەنێت. وشەی غەوز بۆ بەرزترین پلەی شێخایەتی بە کار دەهێنرێت، کە هەر داوایەکت لێی هەبێت بەدەم داواکەتەوە دێت و دوای مردنیش ئەم هێز و توانایەی هەر بەردەوام دەبێت. محەممەد ڕەشید ئێرۆڵیش دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر گرووپی مەنزیلی لە ژێر دەستیدا بوو، تاوەکو لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣ کۆچی دوایی کرد. ناوی مەنزیل لە سەردەمی ئەمدا زیاتر بڵاوبووەوە. گۆڕی محەممەد ڕەشید ئێرۆڵ و باوکی لە گوندی مەنزیل لە ناو مەرقەدێکدان (Erozan, ١٩٩٥, p. ٣٠٥; Karataş, ٢٠١٩, p. ٥٢; Çaklı, ٢٠٢٣; Sporx, ٢٠٢٣).

دوای کۆچی دوایی محەممەد ڕەشید، عەبدولباقی بڕای شوێنی گرتەوە. عەبدولباقی ئێرۆڵ لە ساڵی ١٩٤٩ لە قەزای بایکانی پارێزگای سیرت لەدایکبووە (Sporx, ٢٠٢٣). عەبدولباقی تاوەکو ٢٠٠٠ سەرپەرشتی گرووپی مەنزیلی دەکرد. بەڵام لەم ساڵە بە دواوە گرووپی مەنزیل بوون بە دوو بەشەوە. بەشێکیان لە لایەن کوڕەکانی محەممەد ڕەشیدەوە و بە تایبەت فەوزەتتینەوە لە ژێر ناوی بوخارا و بەشێکی دیکەیان لەلایەن عەبدولباقی ئێرۆڵەوە لە ژێر ناوی مەنزیلەوە بەڕێوە دەبرا. ناوەندی گرووپی کوڕەکانی محەممەد ڕەشید ئێرۆڵ بریتی بوو لە گوندی بوخارای قەزای سیفری خیسار لە پارێزگای ئێسکیشەهیر (Uludağ, ٢٠٢٣) لە ڕووی ژمارە و چالاکییە ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکانی گرووپی مەنزیل بەراورد بە گرووپی بوخارا زۆر زیاتر بوو. هەر بۆیە گرووپی مەنزیل زیاتر باس و خواس و قسەی لەسەر کراوە (Karataş, ٢٠١٩, p. ٥٣; Hamsici, ٢٠٢٣). عەبدولباقی ئێرۆڵیش لە ١٢ تەممووزی ٢٠٢٣ و لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. لە مەراسیمی بەخاکسپاردنی عەبدولباقیدا ژمارەیەکی بەرچاو لە موریدانی بۆ بەشداریکردن لە مەراسیمەکە لە ناوچە جیاوازەکانی تورکیاوە هاتبوون بۆ گوندی مەنزیل. کە ژمارەیەکی زۆر لە ئۆتۆمبێل لەم گوندەدا بەرچاو دەکەوت (Hamsici, ٢٠٢٣; Çaklı, ٢٠٢٣; Haber٧com, ٢٠٢٣). لەلایەن موریدەکانیەوە چەندین ناوی وەکو (غەوز، غەوزی سانی، حەزرەتی سەیدا)ی بۆ عەبدولباقی ئێرۆڵ دانراوە (Karataş, ٢٠١٩, p. ٥٣). تەنانەت ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک کۆماری تورکیاش نامەی سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەکەی کرد و بە "غەوزی سانی" ناوی برد (Çaklı, ٢٠٢٣).

ئێستا لە شوێنی عەبدولباقی ئێرۆڵ، محەممەد ساکی ئێرۆڵی کوڕی دادەنیشێت. ئەمەش دوای دروستبوونی گرفت لە سەر شوێنگرتنەوەی باوکیان لە نێوان سێ کوڕی عەبدولباقی ئێرۆڵدا،

محەممەد ساکی ئێرۆڵ توانی سەرکەوتوو بێت و ببێت بە شێخی گرووپی مەنزیل (Gezeteguncel, ٢٠٢٣). محەممەد ساکی ئێرۆڵ چەند مانگێک پێش وەفاتی باوکی، ڕێکخراوێکی بەناوی سەرهەندییەوە دامەزراند. محەممەد ساکی هەم نووسەرە هەم شاعیر، نزیکەی ١٢ کتێبی چاپکراوی هەیە. لە گرنگترین کتێبەکانی (ئادابەکانی ڕێگەی عاریفان، خۆشبەختی خێزان، خەتمی هاجەخان، .... (Sporx, ٢٠٢٣). بەڵام بەهۆی دەرکەوتنی محەممەد ساکی ئێرۆڵ بە ئۆتۆمبێلێکی گرانبەهاوە، تووشی ڕەخنەیەکی زۆر بووەوە (Duvar). محەممەد ساکی ئێرۆڵ لە یەکێک لە وتەکانیدا دەڵێت مەنزیل گرووپێکی ئایینی موحافیزکار و نەریتییە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتەوە نییە و لەگەڵ هیچ وەزارەتێکیشدا مامەڵەی نییە (Sporx, ٢٠٢٣).

## بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی گرووپی مەنزیل

لە ١٩٧٠ بە دواوە هەندێک وەکو مورید و هەندێک بە ئامانجی تەوبەکردن ڕوویان لە گوندی مەنزیل کردووە. شوێنەکەوتوانی گرووپی مەنزیل تەنها لە چوارچێوەی ئەم گوندەدا نین، بەڵکوو لە چەندین شوێنی جیاوازی تورکیاوە موریدی هەیە. پێی ئەو ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی ئەوقافی تورکیا گرووپی مەنزیل لە چەندین ناوچەی ئەورووپا تەکیەی هەیە و خەریکی چەلاکییە. لەگەڵ ئەوەشدا لەم ڕاپۆرتەدا جگە لەوەی ڕوانگەی ئایینی گرووپی ڕوونکراوەتەوە، باس لەوەش کراوە ئەم گرووپە بزووتنەوەیەکی سوفیگەریی تەریقەتی نەقشبەندییە (Başkanlığı، ٢٠١٩). لەم ڕوانگەوە موریدەکانی گرووپی مەنزیل لە ناو خۆیاندا یەکتر بە "قوربان" یان "سۆفی" بانگ دەکەن. وشەی قوربان زیاتر بە مانای خۆ فیدا کردن لەم ڕێگەیەدا دێت. وشەی سۆفیش واتە تۆ موریدی ئەم گرووپەیت. واتە هەر کاتێک بە یەکێک وترا سۆفی، واتە تۆ موریدی ئەم گرووپەیت بۆیە شایەنی ئەوەیت بە سۆفی بانگ بکرێیت (Karataş, ٢٠١٩, p. ٥٣).

بەپێی توێژینەوەیەکی مەیدانی کە لەگەڵ ئەندامانی گرووپی مەنزیل کراوە، یەکێک لە بەشداربووان دەڵێت ئەو کەسەی دەیەوێت ببێت بە مورید یان ئەندامی گرووپی مەنزیل دەبێت بچێتە لای شێخ یان وەکیلی شێخ ، تەوبە بکات و بە هەشت مەرج پابەند بێت. بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر تەوبەکردن هەیە. جۆری یەکەم تەوبەکردنی گەورە لەبەردەم شێخدا ئەنجام دەدرێت. جۆری دووەم پێی دەوترێت تەوبەکردنی بچووک، کە لەلایەن وەکیلی شێخەوە ئەنجام دەدرێت. لە کاتی تۆبەکردنەکەدا کەسی تەوبەکار دەڵێت " خوایە پەشیمانم لە هەموو ئەو گوناهانەی کردوومە، خۆزگە

ئەنجامم نەدایە، ان شاءالله جارێکی دیکە ئەنجامیان نادەم. من قبووڵم کرد، حەزرەتی شێخم وەکو شێخی خۆم قبووڵ کرد". ئەو هەشت مەرجەش کە پێویستە تۆبەکار پێوەی پابەند بێت بریتییە لە( دەستنوێژ گرتن بە نییەتی تەوبە، خۆشۆردن یان غوسلکردن بە نییەتی تەوبە، ئەنجامدانی دوو ڕکات نوێژی تەوبە، تەوبە کردن، بیست و پێنج جار داوای لێخۆشبوون (استغفرالله) کردن، هەشت جار خوێندنی فاتیحا و کردنی بە خێر، ئەنجامدانی پەیوەندی مەرگی، ئەنجامدانی پەیوەندی مورشیدی (Oğur, ٢٠١٩, pp. ٥٩-٦٠).

## گرووپی مەنزیل بە یەکێک لە باڵەکانی تەریقەتی خالیدییەی نەقشبەندی لە تورکیا دادەنرێت

وەکو هەموو گرووپە ئاینییەکانی دیکە لە ناو ئەم گرووپەشدا بابەتەکانی تەوبەکردن، زیکر، ویرد، خەتم، ڕابتە، وەسیلە، تەوەسول، شەفاعەت و خزمەت لە بەردەم شێخدا دەخرێتە ڕوو. گرنگی زۆریش بە بابەتەکانی خەوون، کەرامەت و چیرۆک دەدرێت (Hamsici, ٢٠٢٣) . لە ناو گرووپی مەنزیلیدا هەر موریدێک لە ئاداب و ئەرکانەکاتی تەریقەتی مەنزیل لابدات، ئەوە بێ ئادابی کردووە (Oğur, ٢٠١٩, p. ٦٤). دەمانەوێت لێرەدا بە کورتی هەندێک لەو بابەتانە باس بکەین کە لە چوارچێوەی بیروباوەڕەکانی ئەم گرووپەدا خۆی دەبینێتەوە، لەوانەش:

**زیکریان وێرد:**
سەبارەت بە بابەتی زیکر، گرووپی مەنزیل لە جێی وشەی زیکر زیاتر ویرد بەکار دەهێنن. زیکر یان ویرد لای مەنزیلییەکان ئاسانترین و کورتترین ڕێگەیە بۆ گەشتن بە خودای گەورە. لەگەڵ ئەوەشدا گرووپی مەنزیل وەکو باڵێک لە تەریقەتی نەقشبەندی زیکرەکان بەشێوەی تاکەکەسی و نهێنی ئەنجام دەدرێت (Yıldırım, ٢٠٠٩, p. ٥٨). بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆر زیکرکردن هەیە. زیکری دڵ یان زیکری بچووک، زیکری لەتایف و زیکری نەفیو ئیسبات یاخود لەفزی جەلال. زیکری دڵ و لەتایف بە ناوی الله دەست پێدەکات. زیکری نەفیو ئیسبات بە لا اله الا الله دەست پێدەکات. ژمارەی زیکری دڵ لە نێوان پێنج هەزار بۆ بیست و یەک هەزار و زیکری لەتایف لە نێوان بیست و سێ بۆ سەد و یەک هەزاردایە و لەلایەن وەکیلی شێخەوە داوای ئەنجامدانی دەکرێت. زیکری نەفیو ئیسبات سەد و یەک هەزاردایە (Oğur, ٢٠١٩, p. ٦٦).

**ڕابتە (پەیوەندی، گرێ، یان پەیوەستی):**
گرووپی مەنزیل وەکو لقێک لە تەریقەتی نەقشبەندی بڕوایان بە ڕابتەی نێوان

مورید و شێخ هەیە. واتە ئەم پەیوەندییە بریتییە لە پەیوەندییەکی تاکەکەسی، کە هەندێک جاریش بەشێوەی گرووپ ئەنجام دەدرێت (Yıldırım، ٢٠٠٩، p. ٦٨). لەم بابەتەشدا پشت بە چەند ئایەتێک لە قورئان دەبەستن. کە بەوشێوە لێکدانەوەی بۆ ئایەتەکان دەکەن کە مەبەست لێیان پەیوەندی یان ڕابتەیە. یەکێک لەو ئایەتانەی کە دەیکەنە بەڵگە بوونی ڕابتە بریتییە لە ئایەتی ١١٩ی سورەتی تەوبە، خودا دەفەرمووێت (يايها الذين ءامنوا اتقوا الله وكونوا مع الصادقين) واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە لە خودا بترسن و لەگەڵ ڕاستگۆیاندا بن. یاخود ئایەتی ٣٥ی سورەتی مائیدە بە بەڵگە دێننەوە، کە خودا دەفەرمووێت (يايها الذين ءامنوا اتقوا الله وبتغوا إله الوسيلة وجهدوا في سبيله لعلكم تفلحون) واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە لە خودا بترسن و بگەڕێن بە دوای وەسیلەیەکدا و هەوڵبدەن لە ڕێگەی ئەوەوە بچن، بۆ ئەوەی بە کامەرانی بگەن. ئەم گرووپە بروایان وایە مەبەست لە ڕاستگۆیان، مورشیدە کامڵەکانە. کە ئەمانەش واستەیەکن بۆ نیشاندانی ڕێگەی درووستی و خودا و ترسان لێی (Oğur، ٢٠١٩، p. ٦٩) .

گرووپی مەنزیل ئەم ڕابتەیە بە چەند شێوەیەک جێبەجێ دەکەن. ڕابتەی وانەکانی ڕۆژانە، ڕابتەی مردن و ڕابتەیەک لە حزووری مورید یان غیابی. ڕابتەی ڕۆژانە یەکێکە لە گرنگترین ڕابتەکان لەناو گرووپی مەنزیلدا، چونکە هەموو ڕۆژێک دووبارە دەبێتەوە (Yıldırım، ٢٠٠٩، p. ٥٨). مورید هەموو ڕۆژێک دوای نوێژی شێوان چاوەکانی دادەخات و بە وتنی بیست و پێنج زیکری استغفرالله دەست بە ڕابتەی ڕۆژانە دەکات. ئەم ڕابتە لانی کەم پێنج خولەک بەردەوام دەبێت. دواتر مورید بە وتنی بیست و پێنج زیکری استغفرالله کۆتایی بە ڕابتەکە دێنێت و چاوەکانی دەکاتەوە. لە ماوەی ئەنجامدانی ئەم ڕابتەدا مورید وا هەست دەکات لە شێخەکەیەوە نوری وەرگرتووە و لە سایەی ئەم نورەوە مورید لە گوناهەکانی دڵ و جەستەی پاک دەبێتەوە (Oğur، ٢٠١٩، p. ٧٢; Yıldırım، ٢٠٠٩، p. ٦٩).

ئەم ڕابتانەش بۆ ڕزگارکردنی موریدە لە دۆخی غەفڵەت و تازەکردنەوەی پابەندبوونی بە گرووپەکەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕابتەیە لە گرووپی مەنزیلدا بە مانایی بوونی پەیوەندی، خۆشویستی و متمانە بە شێخ و ڕەنگدانەوەی ئەم خۆشەویستییە لە ژیانیدا دێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە سایەی ئەم ڕابتەوە مورید نزیک دەبێتەوە لە خودا و بە ئاسانی دەتوانێت بگات بە خودای خۆی. بە واتایەکی دیکە لە ڕێگەی ڕابتە بە شێخەوە، بە خێرایی و ئاسانی دەگەیت بە خودا. ئەم ڕابتەش بریتی نیە لە ڕابتەیەکی ماددی و نزیک بەڵکو زیاتر مەعنەوییە و دەکرێت دووریش بێت (Oğur، ٢٠١٩، p. ٧٠).

**خەتمی هاجەخان:**

خەتمی هاجاخان یاخود خەتم، بریتییە لە زیکرێکی بە کۆمەڵی بێدەنگ، کە بەشێوەیەکی گشتی لە تەریقەتی نەقشبەندیی و بە تایبەت لە ناو گرووپی مەنزیلدا ئەنجام دەدرێت. خەتمی هاجەخان لە ڕوانگەی گرووپی مەنزیلەوە بریتییە لە چالاکییەکی کۆمەڵەیی، کە کاریگەری یەکگرتن و پێکەوەبوونی هەیە. ئەم جۆرە لە زیکر لەلایەن عبدالخالق غوجدەوانی[٢] لە ناو تەریقەتی نەقشبەندیدا دامەزراوە و تاوەکو ئێستاش بەردەوامی هەیە (Yıldırım, ٢٠٠٩, s. ٦٢).

هاجەخان بەمانای مامۆستایانی گەورە و کەسایەتییە زۆر گەورەکان دێت. ئەم جۆرە لە زیکر دوای نوێژی عەسر یان خەوتنان ئەنجام دەدرێت. هەموو موریدێک لە ڕۆژێکدا تەنها یەک جار دەتوانێت بەشداری خەتمەکە بێت. بەڵام ئەوانەی لە گرووپی مەنزیل نەبن و ئادابەکانی خەتم پەیڕەو نەکەن ناتوانن بەشدار بن لە خەتمەکەدا. لەم جۆرە زیکرەشدا وەکو سەرجەم زیکرەکانی دیکەی ناو گرووپی مەنزیل ژن و پیاو ناتوانن پێکەوە بەشدار بن. ئەم جۆرە لە زیکر لە شوێن و تەلار و خانووەکانی گرووپی مەنزیلدا ئەنجام دەدرێت. ئەوەی دەیەوێت لە زیکرەکە بەشدار بێت، پێویستە دەستنوێژی هەبێت (Oğur, ٢٠١٩, p. ٧٢; Okay, ١٩٩٦, p. ٦٣). لە ناو گرووپی مەنزیلدا خەتمی هاجەخان بە هۆکارێکی بە دەستهێنانی ئارامی دەروونی و دووركەوتنەوە لە خەم و پەژارە و کارە دونیاییەکان و پاکبوونەوەی لە گوناهەکانی ڕۆژانە زانراوە (Oğur, ٢٠١٩,p. ٧٥).

## گرووپی مەنزیل لە چەندین ناوچەی ئەورووپا تەکییەی هەیە و خەریکی چەلاکییە

بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر خەتمی هاجەخان هەیە گەورە و بچووک. خەتمی گەورە بریتییە لەو خەتمەی کە ژمارەی بەشداربووان ١٥ کەس بێت و خەتمی بچووکیش ژمارەی بەشداربووان لە ١٥ کەس کەمتر بێت یان دەکرێت بە تەنها کەسێکیش ئەنجام بدرێت. ئەم خەتمانە بەشێوەی بازنەی دەبێت و چەندین دوعا و ئایەتی قورئان بە بێدەنگی دەخوێنرێت (Oğur, ٢٠١٩, pp. ٧٣-٧٤; Yıldırım, ٢٠٠٩, p. ٦٣) . لە ناو گرووپی مەنزیلدا جەزبەگرتن شوێنێکی تایبەت و گرنگی هەیە. هەربۆیە زۆر جار لەکاتی ئەنجامدانی خەتمی هاجەخاندا هەندێک لە موریدەکان توشی جەزبەگرتن دەبن. لەم کاتەدا جەزبەگرتوو بە وتنی (غەوز، بابە، سەیدام و الله) هاوار دەکات. هەندێکیشیان لە کاتی جەزبەگرتنەکەدا دەگرین (Oğur, ٢٠١٩, p. ٧٥).

**سەردانی مورشید یان شێخ:**

لە ناو گرووپی مەنزیلدا بەردەوام تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە پێویستە مورید پەیوەست بێت بە شێخەکەی خۆیەوە و تەسلیمی بێت (Yıldırım, ٢٠٠٩, p. ٤٨). هەربۆیە سەردانیکردنی مورشید یان شێخ یەکێکە لە ڕەمزەکانی پەیوەستی و خۆشەویستی مورید بۆ شێخەکەی . مورید ئەم سەردانیکردنە بە هۆکارێک بۆ سوود وەرگرتنی خۆی دەزانێت. لەم ڕوانگەوە لەم سەردانانەدا مورشید بەردەوام بە پێدانی نموونەکانی ڕابردووی ناو گرووپەکە، باس لە گرنگی، بەرەکەتی و پێویستی ئەم سەردانانەی شێخ دەکات (Oğur, ٢٠١٩, p. ٧٨).

بەشێوەیەکی گشتی موریدەکانی گرووپی مەنزیل بۆ سەردانیکردنی شێخەکەیان سەردانی گوندی مەنزیل دەکەن لە ئادیامان. کە ساڵانە بە هەزاران کەس لە ناوە و دەرەوەی وڵات سەردانی گوندی مەنزیل و بە تایبەت شێخی گرووپی مەنزیل دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی دوورن و لە شارەکانی ئەنقەرە و ئیستەنبوڵن سەردانی تەکییەکانی گرووپی مەنزیل لەو شارانە دەکەن. لێرەدا شتێکی زۆر گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە ئەوانەی دەیانەوێت لە شوێنە دوورەکانەوەن سەردانی گوندی مەنزیل بکەن وەکو ئەدەب و ڕێزێک پێویستە مۆڵەت لە تەکییەکان وەربگرن (Oğur, ٢٠١٩, p. ٧٨; Uludağ, ٢٠٢٣).

**کۆبوونەوە دینییەکان:**

بەهادینی بوخاری کە لە دامەزرێنەرانی تەریقەتی نەقشبەندییە، دەڵێت " بنەمای ڕێگەو ڕێبازی ئێمە لەسەر کۆبوونەوە دینییەکان دامەزراوە". لەم ڕوانگەوە لە گرووپی مەنزیلدا گرنگییەکی زۆر بە وانە دینییەکان دراوە و وەکو پیشەی سەحابەکان و هۆکارێک بۆ کارلێکی موریدەکان پێناسە کراوە. بەگشتی وانە دینییەکان هەموو هەفتەیەک و لە ڕۆژانی شەممە لە دوای نوێژی نوێژی مەغریب یان خەوتنان ئەنجام دەدرێت. ئەم کۆبوونەوانە ڕێگەیەکن بۆ ئامۆژگاری کردنی موریدان. لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام باس لە گرنگی بەشداریکردنی کۆبوونەوە دینییەکان دەکرێت (Oğur, ٢٠١٩, p. ٧٩)

سایگی ئۆزتورک لە چاوپێکەوتنێکیدا لە ڕادیۆیی سپوتنک (Sputnik) باسی لە لایەنە شاراواکانی گرووپی مەنزیلی کرد و وتی: کاتێک دەچیتە گوندی مەنزیل شتی سەیرت بەرچاو دەکەوێت. بەیانی و نیوەڕۆ شۆربای ساوەر لەگەڵ سەموندا پێشکەش بە موریدەکان دەکرێت. دەشڵێت سەبارەت بە ئەو هەموو کۆمپانیای و کاری بازرگانییە پرسیارم لە شێخ کرد، شێخیش وتی: بۆ من وەکو هاونیشتیمانییەک مافی ئەوەم نیە کاری بازرگانی بکەم؟. سایگی ئۆزتورک دووبارە دەڵێت چەندین کۆمپانیای بازرگانی شیرەمەنی هەیە لەو ناوچە. نرخی

شتەکان لە نزیک ماڵی شێخ گرانترە وەک لە شوێنەکانی دیکە (Güner, ٢٠٢٣)

**هەڵوێست و ڕوانگەی گرووپی مەنزیل**

لێرەدا باس لە ڕاوانگە و هەڵوێستی گرووپی مەنزیل و ئەندامانی گرووپی مەنزیل سەبارەت بە بابەتەکانی ئابووری، میدیا، سیاسەت، پەروەردە و پۆشاک دەکەین. چونکە گرووپی مەنزیل لەم بابەتانەدا، یەکێکە لە گرووپە ئاینییە کاریگەرەکانی تورکیا.

**وەکو هەموو گرووپە ئاینییەکانی دیکە لە ناو ئەم گرووپەشدا بابەتەکانی تەوبەکردن، زیکر، ویرد، خەتم، ڕابتە، وەسیلە، تەوەسول، شەفاعەت و خزمەت لە بەردەم شێخدا دەخرێتە ڕوو**

**پۆشاک و ڕوخسار**

بەشێوەیەکی گشتی گرووپی مەنزیل لە ناو کۆمەڵگەدا هیچ جۆرە پۆشاکێکی تایبەت بە خۆیان نیە. ئەمەش بۆ ئەوەی نەبێت بە نیشانەی خۆدەرخستن و خۆبەگەورەزانین پشت بە بنەمای(لەگەڵ حەق بوون لەناو خەڵکدا) دەبەستن. بەهەمان شێوە لەناو شوێنەکانی تایبەت بە خۆیان و ڕێورەسمە ئاینییەکاندا هیچ جۆرە پۆشاکێکی تایبەت بە خۆیان نیە. بەڵکوو هەم ژنان و هەم پیاوانیش بەپێی پێوەرە ئایینیەی کە فەرز کراوە پۆشاک لەبەر دەکەن. سەبارەت بە لەسەر کردنی مێزەر و لەبەرکردنی بەرگی مەلایی، مەنزیلییەکان پۆشینی ئەم جۆرە جلە بە سوننەتی دەزانن. هەر بۆیە هەندێک لە موریدەکان یان سۆفییەکان بۆ ئەوەی خۆیان بگونجێنن لەگەڵ سوننەتدا، لە کاتی ئەنجامدانی نوێژ و خەتمەکاندا مێزەر لەسەر دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی موریدانی گرووپی مەنزیل شەرواڵ دەپۆشن. هەندێک لە سۆفییەکان ڕیش بەردەدەنەوە، چونکە بە سوننەتی دەزانن. هەندێکی دیکەیان سیواک و مستیلەی زیو وەکو سوننەتێک بەکار دەهێنن (Oğur, ٢٠١٩, p. ٨٢)

**بواری پەروەردە**

گرووپی مەنزیل گرنگییەکی زۆر بە بواری زانست و پەروەردە دەدات. لەناو گرووپی مەنزیلدا و لە هەموو ئاستەکاندا چەندین قوتابخانەی تایبەت، باخچە و دایەنگە هەیە کە پەروەردە پێشکەش دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا چەندین شوێنی مانەوە بۆ قوتابیان دابینکراوە. گرووپی مەنزیل چەندین ساڵە هەوڵی کردنەوەی زانکۆیەکی تایبەت بە خۆیان دەدەن. کە بەپێی هەندێک سەرچاوە مۆڵەت بۆ زانکۆکە وەرگیراوە و تەنانەت ناوەکەش دانراوە بە ناوی (زانکۆی مەدەنییەت و زانستی سەمەرقەند). بەڵام تاوەکو

ئێستا نەکراوەتەوە. لە بواری پەروەردەی ئاییـنیـدا، گـرووپی مـەنـزیـل لـە ڕێگـەی مـەدرەسـە ئاییـنییـەکانـەوە لـە هـەوڵی پـەروەردەکـردن و پێگـەیانـدنی مـەلای ئاینییدان. لەگەڵ ئەوەشدا بە کردنەوەی خـولـەکانی قـورئـان، گـرنگی بـە بـواری پەروەردەی ئایینی دەدرێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بۆ خوێندن چەندین قوتابی نێردراوە دەرەوە. هـەم دیسـان لـە بـواری پـەروەردەدا گرنگییەکی زۆر بە فێربوونی زمـانـەکان و بـە تـایبـەت زمـانی عـەرەبی دەدرێت (Oğur, ٢٠١٩, p. ٨٣)

**بواری ئابووری**

گرووپی مەنزیل بە یەکێک لەو گرووپە ئـاینـیـانـەی تـورکیـا دادەنـرێـت کـە لە بـواری ئـابـووریـدا زۆر چـالاکـن. خـاوەنی چـەنـدیـن سـەرچـاوەی بـەرهـەمـهێـنـانـن. لـەگـەڵ ئـەوەشـدا ئـەم گـرووپـە لە چالاکیـیە ئـابـووریـیـەکـانـیـدا لـە سـوو و بـانـکـە سـووگـەراکـان خـۆیـان بـە دوور دەگـرت. بەڵکوو زیاتر کار لەگەڵ بانکە بێ سووەکاندا دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا گـرووپی مـەنـزیـل تـیـشـک دەخـاتـە سـەر ئەوەی پێویستە مسوڵمانان لە بابەتەکانی بـازرگـانی، پیـشـەسـازی و وەبـەرهـێـنـانـدا چالاک بن (Oğur, ٢٠١٩, p. ٨٢). هەر لـەم ڕوانـگـەوە لـەم سـاڵانـەی دوایـشـدا چالاکییەکانی لـە بـواری ئـابـووریـدا زۆر زیـادی کـــردووە. ئـەمـەش کـارەکـانی لە دامەزراوەیەکی بازرگانی وەکو کۆمەڵەی پیـشـەسـازی و بـازرگـانـانی سـەربـەخـۆی تورکیا (TÜMSAİD) دەردەکەوێت. ئەم کۆمـەڵـە پـەیـوەنـدیـیـەکی بـاشی لـەگـەڵ گـرووپی مـەنـزیـل هـەیـە. ئـەم کۆمـەڵـەیـە لـە سـاڵی ٢٠٠٥ دامـــەزراوە و زۆرێـک لـە ئـەنـدامـەکانی لـە کۆمـەڵـەی بـازرگـانی بـچـووک و مـامـنـاوەنـدەکـان (KOBİ) پێکهاتووە. دوای دامەزراندنی کۆمەڵەی تومسایـد، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا وەک یەکێک لە دامـەزراوە کاریگەرەکان ناوی بـڵاوبـوویـەوە (Kirci, ٢٠٢٣). لـەگـەڵ ئەوەشـدا بەرپرسەکانی تومسایـد ئەندامن لـە دەسـتـەی بـەڕێـوەبـەرانی دامـەزراوەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی دەرەوە(DEİK). تومسایـد دەڵێت بە چالاکییەکانمان لە بـواری ئـابـووریـدا پشـتگیری سیسـتـەمی بەرهەمهێنان، وەبەرهێنان و ئابووری بێ سـوود دەکـەیـن. ئـەم کۆمـەڵـەیـە بـەردەوام بە درووشـمی (لە بەهـا خۆماڵییەکانەوە بۆ سەرکردایەتی جیهانی) کار دەکات. هەر بۆیە بەپێی ڕاپۆرتێکی تومسایـد لـە ساڵی ٢٠١٨ دا تونراوە لە بواری بەرهەمهێناندا ٦٥٠ هــەزار کـەس سـوودمـەنـد بـن و زیاتر لە ٣ ملیار دۆلار وەبەهێنان کراوە. لـەگـەڵ ئـەوەشـدا بـەردوەوام لـە پـەڕەی فـەرمی تـومـسـایـد دا چـەنـدیـن هـەلی کار ڕادەگەیەنرێت (Hamsici, ٢٠٢٣)

دوای ئـەوەی لـە سـاڵی ٢٠١٦ هـەوڵـە ئـیـنـقـلابـیـیـەکـەی گـولـەنـیـیـەکـان تـوشی شـکـسـت هـات، ئـیتر پـەیـوەنـدی نێـوان ئـاک پـارتی و گـرووپی مـەنـزیـل لـە هـەمـوو

لایەنێکەوە ڕووی لە زیاد بوون کرد (Kirci, ٢٠٢٣) هەر بۆیە باس لەوە دەکرێت دەسەڵات و بە تایبەت پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) هاوکار و پشتیوانی گەشەسەندنی ئابووری گرووپی مەنزیل بوون. ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک کۆماری تورکیاش لە دەستەی بەڕێوەبەرانی کۆمەڵەی تومسایەد دا قسەی کردووە. کۆمەڵەی تومسایەد لە نامەی سەرەخۆشی سەبارەت بە مردنی عەبدولباقی ئێرۆڵدا بەم «غەوزی سانی جەنابی شێخ عەبدولباقی» ناوی هێناوە (Hamsici, ٢٠٢٣) . بەشێوەیەکی گشتی گرووپی مەنزیل خاوەنی ١٧ کۆمپانیایە (Sporx, ٢٠٢٣). کە یەکێک لە گرنگترین دامەزراوە تەندروستییەکانی گرووپی مەنزیل لە ناوچەی پەندیکە لە ئیستەنبوڵ بە ناوی ئەمسەی هۆسپیتاڵ(Esmey Hospital). لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیاییەکی گەشتووگوزاریان هەیە بە ناوی هاشەمی((Haşemi (Uludağ, ٢٠٢٣; Sporx, ٢٠٢٣).

**بواری میدیا**

گرووپی مەنزیل لە بواری میدیا و ڕاگەیاندا زۆر چالاکن. هەربۆیە ئەندامانی گرووپی مەنزیل ڕوانگەیان سەبارت بە کار و چالاکی لە بواری میدیا، کولتوور و هونەر ڕوانگەیەکی ئەرێنییە. چونکە بڕوایان وایە میدیا ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ و چەلاکییەکانی گرووپی مەنزیل و وەکو پێویستییەک سەیر میدیا دەکەن. چالاکییەکانی گرووپی مەنزیل لە بواری ڕاگەیاندن و میدیادا خۆی لە کۆمەڵەی چاپ و بڵاوکراوەی سەمەرقەنددا دەبینێتەوە (Uludağ, ٢٠٢٣; Sporx, ٢٠٢٣).

**گرووپی مەنزیل وەکو لقێک لە تەریقەتی نەقشبەندی بڕو ایان بە ڕابتەی نێوان مورید و شێخ هەیە، و اتە ئەم پەیوەندییە بریتییە لە پەیوەندییەکی تاکەکەسی**

ئەم کۆمەڵەیە چەندین کەناڵی پەخش و بڵاوکراوەی وەکو (تەلەفزیۆنی سەمەرقەند، ڕادیۆی سەمەرقەند، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی سەمەرقەند، پاچەمەنی هاجەخان، گۆڤاری سەمەرقەند، گۆڤاری منداڵانی سەمەرقەند، گۆڤاری خێزانی سەمەرقەند، گۆڤاری خوێنەر و گۆڤاری منداڵانی مۆستار) هەیە (Uludağ,٢٠٢٣; Çaklı, ٢٠٢٣). بەشێوەیەکی گشتی لە تەلەفزیۆنی سەمەرقەند دا بابەتە ئایینییەکان زیاتر پەخش دەکرێت. گۆڤاری سەمەرقەندیش، گۆڤارێکی مانگانەی تەسەوفییە، کە بە زمانی ئینگلیزی بڵاو دەکرێتەوە. ئەو پەرتووکانەی لە خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی سەمەرقەند

دا چاپ دەکرێت، زیاتر پەرتووکە تەسەووفییەکانن. لە ناو ئەو کتێب و گۆڤارانەی بڵاو دەکرێتەوە، گرنگیدان بە منداڵان و بابەتەکانی پەیوەست بە منداڵانەوە دەبینرێت. هەر لەم بارەوە کەناڵی یوتیوبی تایبەت بە منداڵانیان هەیە. لە ڕێگەی ئەم کەناڵەوە چەندین فیلم کارتۆنی ئەنیمەیشن بڵاو دەکرێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵەکان بەردەوام بۆ بڵاوکردنەوەی ئەنیمەیشن سەبارەت بە تەسەوف و مێژووی تەسەوف (Oğur, ٢٠١٩, p. ٨٤; Hamsici, ٢٠٢٣).

## کاری ڕێکخراوەیی

چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەندیان لەگەڵ گرووپی مەنزیلدا هەیە. لە گرنگترین ئەو ڕێکخراوانەش بریتین لە وەقفی سەمەرقەند و کۆمەڵەی بەشیر. ئەم ڕێکخراوانە زیاتر ڕێکخراوی هاوکاری و خێرخوازین و خزمەت بە هەژار و کەمدەستان دەکەن. کۆمەڵەی بەشیری خێرخوازی لە ساڵی ٢٠١١دا دەستی بە چالاکیی کردووە. بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا و لە ساڵی ٢٠١٣ بە بڕیاری دەستەی وەزارەتەکانی تورکیا بە یەکێک لەو کۆمەڵانە دانرا، کە سوودی گشتییان هەیە. هەر بە پێی ئەم بڕیارە ئەم کۆمەڵەیە بوو بە یەکێک لەو کۆمەڵە خێرخوازییانەی بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت دەتوانێت پارە و هاوکاری کۆبکاتەوە. هەربۆیە ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوانەی گرووپی مەنزیل لە ڕووداو و کارەساتە گەورەکاندا دەبینرێت. بە تایبەت لە ڕووداوی زەمین لەرزەکەی ئەم دوایەی تورکیا. کۆمەڵەی بەشیر بانگەوازی «تەوبەکردن پێش مردن» ڕاگەیاند. بەهۆی کارە خۆبەخشاییەکانیان لە ماوەی زەمین لەرزەکەدا، ئەردۆگان مەدالیای فیداکاریتی دەوڵەتی بە کۆمەڵەی بەشیر بەخشی. هەر دوای چالاکییەکانیان لە کارامانمارش، داوایان لە لایەنگرانیان کرد پشتگیری پارتی داد و گەشەپێدان و بە تایبەت ئەردۆگان بکەن (Uludağ, ٢٠٢٣; Kirci, ٢٠٢٣). کارو چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوانە و بە تایبەت کۆمەڵەی بەشیر تەنها لە سنووری تورکیدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو لە چەندین وڵاتی دیکەی وەکو(ئەندەنووسیا، ئەلبانیا، سۆماڵ،سووریا، ئەفغانستان، باشووری ئەفریقیا، کازاخستان، بەنگلادیش، مەکەدۆنیای باکوور، ئازەربایجان) چالاکی دەکەن یاخود هاوکارییەکانیان بۆ دەنێرن. باس لەوەش دەکرێت گرووپی مەنزیل چەند تەکییەکیان لە ئەورووپا هەیە. گرووپی مەنزیل بە تایبەت لە ئەفریقاش کار و چالاکییان دەکات. بە پێی ئامارێکی نافەرمی تاوەکو ئێستا گرووپی مەنزیل هەوکاری مادییان گەیاندووەتە نزیکەی ١٠٠ ملیۆن کەس (Çaklı, ٢٠٢٣).

لە بواری گەنجاندا فیدراسیۆنی پە روە ردە و ڕۆشنبیری لاوان (GENÇKON) چەندین چالاکی و خزمەت پێشکەش

دەکرێت. لەگەڵ ئەمانەشدا لە ڕێگەی ئەم ڕێکخراوانەوە و لە ژێر ناوی (ناسین و تێگەشتن لە سوڵتان عەبدولحەمید) چەندین پرۆژەی وەکو (فەتح و کۆبوونەوەی گەنجان، ئیفتاری نەریتی منداڵان، تۆش خوێندکارێک بخە بەر خوێندن،.... )یان هەیە. گرووپی مەنزیل لە بواری پەروەردەی تایبەت و تەندروستیشدا چالاکییان هەیە. گرووپی مەنزیل تەنها لەم بوارانەدا چالاک نین، بەڵکوو لە ڕێگەی کۆمپانیای تایبەت بە حەج و عەمرە گەشتەکانی حەج و عەمرە ڕێکدەخەن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا باس لەوە دەکرێت ئەم گرووپە لە ڕووی کاری ڕێکخراوەییەوە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی تورکیادا هەیە (Hamsici, ٢٠٢٣; Çaklı, ٢٠٢٣; Uludağ, ٢٠٢٣; Sporx, ٢٠٢٣).

**بواری سیاسەت**

لە سەرەتای درووستبوونی گرووپی مەنزیلەوە تاوەکو ئێستا پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ پارتە ڕاستڕەوەکانی تورکیادا هەبوو. هەر بۆیە لەو کاتەوەی گرووپی مەنزیل وەکو گرووپێکی ئایینی دەرکەوتووە، دەوڵەت هەر ڕوانگەیەکی سیاسی هەبووبێت، ئەم گرووپە هەوڵی داوە بەرامبەری نەوەستێتەوە و خۆی بگونجێنێت لەگەڵیدا. گرووپی مەنزیل بەردەوام جەختی لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی تورکیا و پاراستنی هێمن و ئاسایشی وڵات کردۆتەوە، دژی هەموو هەوڵێک وەستاوەتەوە کە ویستوویەتی هێمن و ئاسایشی وڵات تێک بدات. بە پێی توێژینەوەیەکی مەیدانی کە لە ساڵی ١٩٩٠ بە ناوی (نەقشێتی مەنزیل) بڵاوبووەتەوە دەڵێت: موریدە بەتەمەنەکانی ئەم گرووپە، زیاتر مەیلیان بۆ پارتی ڕەفا و گەنجەکانیش مەیلیان بۆ پارتە ناسیۆنالیزمەکان هەیە. بە پێی هەمان سەرچاوە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٥ی تورکیا، هەندێک لە شوێنکەوتووانی گرووپی مەنزیل وتیان دەنگ بە مەهەپە، هەندێکی دیکەیان بە پارتی ڕەفا و هەندێکی دیکەیان بە پارتی ئانا وەتەن دەنگیان دا (Oğur, ٢٠١٩, p. ٨٥; Hamsici, ٢٠٢٣; Çaklı, ٢٠٢٣)

**گرووپی مەنزیل گرنگییەکی زۆر بە بواری زانست و پەروەردە دەدات. لەناو گرووپی مەنزیلدا و لە هەموو ئاستەکاندا چەندین قوتابخانەی تایبەت، باخچە و دایەنگە هەیە کە پەروەردە پێشکەش دەکەن**

بەپێی کتێبەکەی سایگی ئۆزتورک (نوێنەری ڕۆژنامەی سۆزجو لە ئەنقەرە) لە ژێر ناوی (مەنزیل: تەریقەتێک و دوو ڕوو) باس لەوە دەکات محەممەد ڕەشید ئێرۆڵی باوکی فەوزەتین

ئێرۆڵ پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ سیاسەتمەدارانی سەردەمی خۆی هەبووە. لەناو ئەو سیاسەتمەدارانەدا سەرۆککۆمار و سەرۆک وەزیرانی وەک سولەیمان دەمیراڵ و تورگوت ئۆزاڵ هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا گرووپی مەنزیل بۆ ماوەیەکی درێژ پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ موحسین یازجیۆغلۆی دامەزرێنەر و یەکەمین سەرۆکی پارتی یەکێتیی گەورەدا هەبووە. لە ڕاپۆرتێکی دیکەدا ساکی ئێرۆڵ کە یەکێکە لە ناوە دیارەکانی گرووپی مەنزیل باسی لەوە دەکات و دەڵێت «ئێمە پشتگیری عەدنان مەندەرێس، سولەیمان دەمیراڵ، تورگوت ئۆزاڵ، مەسعوود یلماس و ڕەجەب تەیب ئەردۆگانمان کرد و ئێستاش هەر پشتگیری دەکەین». (Oğur، ٢٠١٩، p. ٨٥; Hamsici، ٢٠٢٣; Uludağ، ٢٠٢٣).

دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٦ هەوڵی گولەنییەکان بۆ ئینقلاب تووشی شکست هات، دەوڵەت سەرجەم سێکتەرەکانی خۆی لە ئەندامەکانی گرووپی عەبدوڵا گولەن پاک کردەوە. ئەمەش بووە فرسەتێک بۆ گرووپی مەنزیل (Kirci، ٢٠٢٣). چونکە بۆشاییەکی گەورە لە گۆڕەپانی سیاسیدا درووست بوو. گرووپی مەنزیل هەوڵی دا ئەم هەلە بقۆزێتەوە و ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە. لە ئەنجامیشدا توانی لە هەوڵەکانی سەرکەوتوو بێت. هەر بۆیە ئێستا تەنانەت چەندین ئەندامی گرووپی مەنزیل لە سێکتەرە گرنگەکانی وەکو وەزارەتی ناوخۆ و بازرگانیدا بوونیان هەیە (Çaklı، ٢٠٢٣; Uludağ، ٢٠٢٣) لەم ڕوانگەوە ڕۆژنامەنووس سایگی ئۆزتورک لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ساکی ئێرۆڵ و شێخ فەیزەددیندا سەبارەت بە ڕۆڵی گرووپی مەنزیل لەناو وەزارەتی تەندروستیدا پرسیاری کرد، لە وەڵامدا وتیان (تانەر یلدزی وەزیری پێشوو کارەبا و ڕەجەب ئاکداغی وەزیری پێشووی تەندروستی لە ماڵی ئێمەدا گەورە بوون. ئەوان لەو کەسانە بوون کە هەموو هەفتەیەک لەگەڵمان بوون. ئێستاش سەلامێکمان لێ ناکەن. ئێمە نا، بەڵکوو مەنزیلییەکان لە هەر کوێ بن بەهێزن (Çaklı، ٢٠٢٣; Uludağ، ٢٠٢٣)

لە ساڵی ٢٠١٩ و بە تایبەت دوای هەوڵی گولەنییەکان لە ڕاپۆرتێکی نهێنیدا لە ژێر ناونیشانی (دامەزراوە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان، دامەزراوە کلتووری و ئایینییە نەریتییکان و ئاراستە ئایینییە نوێیەکان)، کە بانگەشەی ئەوە دەکرێت هینی وەزارەتی ئەوقافی تورکیا بێت و تاوەکو ئێستاش لە لایەن لایەنی ڕەسمییەوە بە درۆ نەخراوەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی باس لە گرووپە ئایینییەکان و بیروباوەڕ و چالاکییەکانیان کراون. لە ڕاپۆرتەکەدا لە ژێر ناونیشانی (دامەزراوە کلتووری و ئایینییە نەریتییکان (تەریقتەکان)) باس لە گرووپی مەنزیل دەکات و ناوی (گرووپی مەنزیل/سەمەرقەند) بۆ بەکاردەهێنرێت و نوسراوە (گرووپی مەنزیل بەیەکێک لە

گرووپە ئاینییەکانی وڵاتەکەمان دادەنرێت کە خاوەنی زۆرترین لایەنگر (شوێنکەووتە یان مورید) بێت). لەگەڵ ئەوەشدا باس لەوە کراوە کە کاریگەری و پێگەی گرووپی مەنزیل لەم دوایانەدا لەناو دامەزراوە بیرۆکراسی و گشتییەکاندا زۆر زیادی کردووە. کە وای لێ دەخوێنرێتەوە ببێتە سەرچاوەی کێشە لە داهاتوودا (Çaklı, ٢٠٢٣; Uludağ, ٢٠٢٣; Hamsici, ٢٠٢٣; Başkanlığı, ٢٠١٩) وەک دەبینرێت لەگەڵ ئەوەی گرووپی مەنزیل پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا هەیە، بەڵام وەکو گرفتێک دەبینرێت. کە ڕەنگە دواتر وەکو گرووپی گولەنییەکان هەوڵی ئینقلاب بدەن.

کۆمەڵە و دامەزراوەکانی سەر بە گرووپی مەنزیل، داوای دەنگی "بەڵێ"یان کرد لە ڕاپرسی هەموارکردنەوەی دەستوور لە ساڵی ٢٠١٧دا. بەهەمان شێوە ئەم دامەزراوانە لە هەڵبژاردنی ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠١٨ دەنگیان بە هاوپەیمانی گەل و بەتایبەت ڕەجەب تەیب ئەردۆگان دا. دووبارە لە هەڵبژاردنەکەی ئەم دوایەی تورکیا لە ١٤ و ٢٨ی مایسی ٢٠٢٣ پشتیوانیان لە ئەردۆگان کرد (Hamsici, ٢٠٢٣). ڕەجەب تەیب ئەردۆگانیش لە میدیاوە پرسەی سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵە و گرووپی مەنزیل کرد سەبارەت بە کۆچی دوایی عەبدولباقی ئێرۆڵ سەرۆکی گرووپی مەنزیل. هەربۆیە لە ١٤ مایسی ٢٠٢٣ دا هەموو ئەو دامەزراوە و ڕێکخراوانەی سەر بە گرووپی مەنزیل بوون بڕیاریان دا پشتیوانی لە هاوپەیمانی کۆمار بکەن بە سەرۆکایەتی پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) (Hamsici, ٢٠٢٣) ئەم پشتیوانییەی گرووپی مەنزیل بە تایبەت دوای ئینقلابەکەی ١٥ تەموزی ٢٠١٦ زیاتر دەرکەوت. لەگەڵ ئەوەشدا گرووپی مەنزیل بەرامبەر ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا لە باکووری سووریا هاوڕایە (Uludağ, ٢٠٢٣).

**گرووپی مەنزیل بە یەکێک لەو گرووپە ئاینییانەی تورکیا دادەنرێت کە لە بواری ئابووریدا زۆر چالاکن و خاوەنی چەندین سەرچاوەی بەرهەمهێنانن**

### دەرئەنجامەکان

- بەشێوەیەکی گشتی سیستەمی ئایین و گرووپە ئاینییەکان یەکێکن لە پێکهێنەرە سەرەکییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بە تایبەت وڵاتی تورکیا کە ژمارەیەکی زۆر گرووپی ئاینی تێدایە.

- تورکیا لەگەڵ ئەوەی بەیەکێک لەو دەوڵەتانە دادەنرێت کە بنەمای سیستەمی دەوڵەت لەسەر بنەماکانی سیکۆلار دەمەزراوە، بەڵام چەندین گرووپی ئایینی بەرچاوو دەکەوێت. زۆرینەی ئەم گرووپە ئاینییانەش لەگەڵ

زۆرینەی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا پەیوەندییەکی باشیان هەیە. یەکێک لە گرووپە ئاینییە دیارەکانی تورکیا بریتییە لە گرووپی مەنزیل.

- گرووپی مەنزیل وەکو لقێک لە ژێر چەتری تەریقەتی خالیدی نەقشبەندی لەسەرەتای سەدەی نۆزدە لەلایەن عبدولحەکیم ئیرۆڵەوە لە یەکێک لە ناووچە کوردییەکانی تورکیا دامەزراوە. عبدولحەکیم ئیرۆڵ بەپێی شەجەرەکەی خۆیان دەگەڕێنەوە سەر ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالیب.

- بەپێی یەکیک لەسەرچاوەکان ئەم گرووپە بەهۆی چالاکییەکانیەوە لەسەرەتادا بە بەرزکردنەوی رۆحی کوردایەتی تۆمەتبار دەکرێت و ناچار لە گوندی مەنزیلی سەر بە پارێزگای ئادیامان نیشتەجی دەبن.

- ئەوەی ئەم گرووپەی زیاتر ناساند ئەو بۆشاییە ئاینییە بوو کە گرووپی گولەنییەکان دوای هەوڵە ئینقلابییەکەیان چۆڵبوونی گۆڕەپانەکە بوو بۆ گرووپی مەنزیل. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قەرەباڵغییە و گرنگیی پێدانەی کاربەدەستانی دەوڵەت و بە تایبەت سەرۆککۆماری تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان بەهۆی مردنی شێخی گرووپی مەنزیل عەبدولباقی ئیرۆڵەوە. کە ژمارەیەکی زۆر ئیجگار زۆر لە مورید بۆ ئامادەبوونی لە مەراسیمی بەخاکسپاردنیدا لە گوندی مەنزیل ئامادەبوون. دوای مردنی عەبدولباقی ئیرۆڵ محەممەد ساکی ئیرۆڵ شوێنی گرتەوە و بوو بە شێخی گرووپی مەنزیل.

- گرووپی مەنزیل خاوەنی کۆمەڵێک بیروباوەڕ و ڕێورەسمی ئاینی تایبەت بە خۆیانن. کە پێویستە لەسەر هەموموریدێکی ئەم گرووپە پێوە پابەند بێت.

- گرووپی مەنزیل بە یەکێک لە گرووپە خاوەن سەرماییەکانی تورکیا دادەنرێت. ئەمەش بەهۆی ئەو گرنگی پێدان و چالاکییانەی لە بورای ئابووریدا ئەنجامیدەدەن. کە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیای بازرگانییە. ئەمە جگە لەوەی گرنگییەکی زۆر بە بورای ڕاگەیاندن و سوشیاڵ میدیا دەدەن. لەم ڕووەوە خاوەنی چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنین. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەو ساتەوەی درووست بووە تاوەکو ئەمڕۆ بە یەکێک لەو گرووپانە دادەنرێت کە لە بورای سیاسەتدا زۆرترین چالاکی ئەنجامداوە و پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتدا هەیە. هەر بۆیە زۆر جار لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا پشتگیری یەکێک لە پارتەکان دەبەستن، بە تایبەت پارتی داد و گەشەپێدانی ئەردۆگان. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە زۆر بواردا ئاسانکارییان بۆ بکرێت.

---

**سەرچاوەکان**

Başkanlığı, D. İ. (2019, 8 4). Rapor - Diyanet İşleri Başkanlığı'nın gizli Tarikat raporu-2: liderleri ve öne çıkan faaliyetleri.

hazretleri-kimdir-menzil-seyhi-seyyid-abdulbaki-elhuseyn adresinden alınmıştır
Hamsici, M. (2023, Temmuz 13). Menzil cemaati: Kökeni, yapısı, siyasetle ilişkisi, ekonomik faaliyetleri. İstanbul BBC Türkçe: https://www.google.com/amp/s/www.bbc.com/turkce/articles/cqvyl2zpx6xo.amp adresinden alınmıştır
Karataş, A. (2019). Türkiye'de Bir Nakşibendi Grubunun Dönüşümü: Menzil Grubu Örneği, Yüksek Lisans Tezi. Sakarya: Sakarya Üniversitesi.
Kirci, F. (2023, 07 28). Cumhuriyet dosyası açıyor: Menzil nasıl dev bir holdinge dönüştü? Cumhuriyet gazetesi: https://www.cumhuriyet.com.tr/yazi-dizileri/cumhuriyet-dosyayi-aciyor-menzil-cemaat-as-2103197 adresinden alınmıştır
Oğur, B. Y. (2019, Temmuz). Tarikatlar Üzerine Sosyolojik Bir Inceleme: Menzil Cemaati. Altı Aylık Hakemli Beşeri Bilimler Dergisi.
Okay, O. (1996). Ziya Gökalp (Türkçülük akımının nazariyatçisi, fikir adamı, sosyolog ve eğitimci). Istanbul: İslam ansiklopedisi.
Özcan, S. (2016, Kasım). Seyyid Muhammed Raşid Erol'un Hayatı ve Tasavvufi Etkisi . e-Şarkiyat İlmi Araştırmalar Dergisi, 8(2).
Sporx. (2023, 7 13). Menzil nedir? Menzil Şeyhi kimdir? Menzil Şeyhi kim olacak? Sporx sitesi: https://, Menzil nedir? Menzil Şeyhi kimdir?
Çaklı, O. (2023, 07 14). Menzil'in anatomisi: Siyaset, ticaret ve sağlık,. Artigerecek sitesi: https://artigercek.com/amp/guncel/menzilin-anatomisi-siyaset-ticaret-ve-saglik-257622h adresinden alınmıştır
Duvar. (tarih yok). Menzil Şeyhinin 12 milyon liralık aracı gündem oldu. Duvar sitesi: https://www.gazeteduvar.com.tr/amp/menzil-seyhinin-12-milyon-liralik-araci-gundem-oldu-haber-1635879 adresinden alınmıştır
Erozan, C. S. (1995). Muhammed Râşid Erol (Cilt s305). İstanbul: TDV İslam Ansiklopedisi.
Gezeteguncel. (2023, Temmuz 26 ). Menzil Tarikatı yeni bir tarikat doğurdu. https://www.google.com/amp/s/www.gazeteguncel.com/service/amp/menzil-tarikati-yeni-bir-tarikat-dogurdu-149076h.htm adresinden alınmıştır
Güner, A. (2023, Temmuz 13 ). Gezeteci Saygı Öztürk Radyo Sputnik'te Menzil Tarikatı ile ilgili açıklamalar bulundu. Sputniknews: https://www.google.com/amp/s/sputniknews.com.tr/amp/20230713/saygi-ozturk-menzil-tarikatinin-bilinmeyenlerini-anlatti-gucleri adresinden alınmıştır
Haber7com. (2023, 11 16). Gavs-ı Sânî Hazretleri kimdir? Menzil Şeyhi Seyyid Abdülbaki Elhüseyni neden vefat etti? Haber7com: https://www.google.com/amp/s/m.haber7.com/amphtml/biyografi/haber/3338863-gavs-i-sani-

Menzil Şeyhi kim olacak?, 13.07.2023. https://m.sporx.com/menzil-nedir-menzil-seyhi-kimdir-menzil-seyki-kim-olacak-SXHBQ1027026SXQ adresinden alınmıştır

Uludağ, A. (2023, 3 17). Menzil Cemaati: Tarikat - siyaset - ticaret. DW.com: https://amp.dw.com/tr/menzil-cemaati-tarikat-siyaset-ticaret/a-65023373 adresinden alınmıştır

Yıldırım, S. (2009). Menzil Nakşiliği Kadın Cemaati Üzerine Sosyolojik Bir Araştırma: Adıyaman örneği (Cilt Üksek lisans tezi). Ellazığ: Fırat Üniversitesi.

---

١- شەجەرەکەش بەم شێوەیە (ئیمامی حوسەین، ئیمامی عەلی، سەید ئیمام عەلی، سەید شەرافەدین، سەید محمد المـاعروف ئەبو فاریس، سەید ماجەدین، سەید ئەبو فاریس، سەید تاج الدین، سەید محمد، سەید فەلاح، سەید ئەبو فاریس، سەید تاج الدین،سەید علی، سەید مەحموود، سەید حەسەن، سەید خەلیل، سەید سعید، ئەبوالخیر، سەید ئەبو تاهر، سەید کال، سەید تاهیر، سەید اعروف، سەید محمد، سەید عبدالحکیم الحسین) سەرچاوە: Salih Özcan Seyyid Muhammed Raşid Erol'un Hayatı ve Tasavvufi Etkisi ,, e-Şarkiyat İlmi Araştırmalar Dergisi ٢٠١٦, s٧٦٦.

٢- عبدالخالق غوجدەوانی: کە بە شێخ بەهادینی نەقشبەندیش ناسراوە، لە ساڵی ٥٧٥کۆچی بەرامبەر ١١٧٩ز لە گوندی غوجدەوانی سەر بە شاری بوخارا لە دایکبووە. غوجدەوانی ڕێسا، بنەما و ڕێساکانی تەریقەتی نەقشبەندی فۆڕموله کردووە و شەجەرەیەکی بۆ تەریقەتی نەقشبەندی داناوە. کە بە پێی ئەم شەجەرەیە شێخانی تەریقەت دەگەنەوە سەر پێغەمبەری خودا(ص). عبدول خالق غوجدەوانی لە ساڵی ٦١٧کۆچی بەرامبەر ١٢٢٠ز وەفات دەکات. سەرچاوە:Hamid Algar, Gucdüvânî, Abdülhâlik, TDV İsalm Ansiklopedisi, İstanbul.14 cilt, 1996, https://islamansiklopedisi.org.tr/gucduvani-abdulhalik)

وەرگێڕان

ئایینناسی

# پێکەوەژیان و گفتوگۆی نێوان ئایینەکان

نووسینی: کەریم نەبی
وەرگێڕانی: عومەر ڕەشید

لێبوردەیی بەرهەم و دەرەنجامی پێکەوەژیانە، ئەمەش دروست نابێت تەنها پاش ژیانێکی هاوبەشی کۆمەڵێک لە خەڵکی نەبێت، کە بتوانن بیرکردنەوە و گفتوگۆ و بۆچوونەکانی یەکتر قبووڵ بکەن، ڕێزی نەریتە جیاوازەکان بگرن ئەگەرچی هەریەکە و بگەڕێتەوە بۆ ئایینێکی جیاواز، ئەمەش ئەوپەڕی شارستانییەتە کە هەڵقوڵاوی دەروونە بەرزەکانە، لێبوردەیی ئایینی لێکەوتەی لەسەر تاک و کۆمەڵ جێ دەهێڵێت، هەروەها پشکدار دەبێت لە بوونیادی ئەو ژیارەی داڕێژەری ڕەوشتە مرۆییەکانە لەسەر بنەمای گفتوگۆ و قبووڵکردنی ئەوانی تر، بە شێوەیەک هەردوولا دەکەونە ژێر کاریگەری یەکترەوە، ئەمەش واتا ژیارێکی بەهێز و درێژکراوە کە باوبۆرانەکان گۆڕانی بەسەردا ناهێنێت.

پێکەوەژیان کەشێکی دەروونی و جەستەیی لەبار دروست دەکات بۆ تاک و ڕێکخراو و کۆمەڵگاکان بۆ کەمکردنەوەی ناسەقامگیری و بڵاوکردنەوەی گفتوگۆی ئاشتییانە دەربارەی هۆکاری ململانێکان، هەروەها ئەو ژینگەیەش دەڕەخسێنێت کە تێیدا پارێزگاری لە ئاسایشی یەک بە یەکی هاووڵاتییان بکرێت، ڕێگاخۆشدەکات بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆی گونجاوو دەرەنجام باش.

**پێشەکی**

لە ئێستادا بابەتی پێکەوەژیان لە گرنگترین ئەو بابەتە هاوچەرخانەیە کە وەک یەک زانا و بیریارە موسڵمان و خۆرئاواییەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، چەندان کۆڕو سیمینار ڕێکدەخرێت تێیدا داوا دەکرێت پێکەوەژیانێکی جوان دروست بکرێت.

پێکەوەژیان لە زمانەوانیدا بەم شێوەیە پێناسە کراوە: واتا ژیان بە خۆشەویستی و هۆگرییەوە، ژیان لەگەڵ ئەوانەی هاوبەشتن لە شوێن و کاتدا، یان ئەو کۆمەڵگایەیە کە لە دەستە و تاقمی جیاواز پێکهاتووە، بەڵام سەرەڕای جیاوازی ئایینی و ڕەگەزی و زمانیان ئاشتییانە دەژین، واتا دەستە جیاوازەکان لە یەک تێگەیشتنیان هەیە بەبێ ئەوەی پەنا بەرن بۆ بەکارهێنانی هێز.

پێکەوەژیان لە زاراوەدا: واتا کۆبوونەوەی کۆمەڵەکەسێک لە یەک شوێندا، هۆکارەکانی ژیان پێکەوەی گرێداون وەک خواردن، خواردنەوە، بنەماکانی ژیانکردن، بەبێ ڕەچاوکردنی ئایین یان ئینتیمای تر، هەریەک لەوانە ماف و ئەرکی خۆی دەزانێت بەبێ سڕینەوەی بەرامبەر.

لە ئێستادا گفتوگۆ و پێکەوەژیانی ئایینی پێویستییەکی حەتمی نێوان ئایینەکانە، ئەمەش لەبەر بوونی ئەو ڕۆڵە گەورەیەیە کە لە ژیانی گەلان و دروستکردنی پەیوەندییە ئایینییەکانیان هەیەتی، ئەمە جگە لە کاریگەری لەسەر پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و فیکرییەکان. بەڵگەشمان دیاردەی ئوسووڵی ئایینییە کە لە بازنەی جولەکە و مەسیحییەکاندا بوونی هەیە و کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر دەرکردنی بڕیارە سیاسی و ئابوورییەکان، ناشکرێت لەو ڕۆڵەی بێئاگابین کە چۆن ئاراستەی سیاسەت و ڕای گشتی دەکات.

گفتوگۆی ئایینی لە جیهانی هاوچەرخدا کاریگەری هەیە لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی، چونکە تا ئێستاش ئایین داینەمۆی پەیوەندییەکان و زۆرجار پاڵنەری جەنگە سیاسی و ئابوورییەکانە، لەبەرئەوە ئەگەر گفتوگۆو پێکەوەژیانی ئایینی جددی بێت دەبێتە چارەسەر بۆ بەشێک لە کێشە سیاسی و ئابوورییەکان، ئاشکرایە لە کۆن و نوێدا ئایین سنووری نێوان گەلەکانی کێشاوەو سیاسییانە ئاراستەی کردوون، هەروەک لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا مەزهەب و ئایدیۆلۆژیاکان هەمان ئەو ڕۆڵە دەبینن کە ئایین بینیویەتی لە ئاراستەکردنی سیاسەتی گەلاندا، لێرەوە گرنگی مشتومڕی ئایینی دەردەکەوێت لە کاریگەری لەسەر ڕەوتی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان، ئەمە جگە لە ئاراستەکردنی پەیوەندییە ئایینییەکانی نێوان گەلان، لە کۆندا چەندان جەنگی ئایینی هەڵگیرساوە لەنێوان ئایینەکان و دەستەکاندا، ئێستاش ئایین بەو پاشخانەوە دەتوانێت

ملـملانێی هـاوچـەرخ دروسـت بـکات. لەبەرئەوە گفتوگۆی ئایینی دەتوانێت بە ڕێژەیەکی بەرچاو ئەو ململانێ ئایینییانە کـەم بکاتـەوە، دەتـوانێـت پـەنـابـردن بۆ جـەنـگ بـە هـۆکاری ئـایینی نـەهێڵێت و ژینـگـەی لـێبـوردەیی ئـایینی بسـازێنێت، دەتـوانـێـت جـیـاوازیـیـە عـەقـیـدییـەکان بکاتە جێی قبووڵ و ئاشتی نێوان گەلان بەرقەرار بکات.

پـێـشـکـەوتـنی گـفـتـوگـۆی ئـایـیـنی و پێکەوەژیانی ئایینی لـە خـۆرئاوای نـوێدا وەڵامـدەرەوەی دوو پێداویستییە لە یەک کاتدا، یەکەمیان لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تـوێـژیـنـەوەی زانـسـتی دەربـارەی ئـایین لـە خـۆرئـاوا و سـەرهـەڵـدانی مێژووی ئایینەکان و زانستی بەراوردی ئایینەکان، زەروورییـەتی گفتـوگۆی نێـوان ئایینەکان سـەرهـەڵـدەدات وەک وەڵامـدەرەوە بۆ پێداویسـتی زانـسـتی، واتـا دروسـتـکـردنی گـفـتـوگـۆ وەک ئـامـرازێـک بـۆ شـارەزایی ڕاسـتـەوخـۆی ئـایـیـنی و قـاڵـبـوونـەوە لە تێگەیشتنی دیـاردەی ئایینی و بـەشـداری گـفـتـوگۆی ئـایـیـنی لـەگـەڵ ئـایـیـندارانی ئایینێکی تایبەت.

پێداویستی دووەم کە سەردەکێشێت بۆ گفتوگۆو پێکەوەژیانی ئایینی و پێشکەوتنی لـە خـۆرئـاوادا، بریتییە لـە بەکارهێنانی گفتـوگـۆی ئـایینی بـۆ چـارەسـەری بـابـەتی مـلـملانێی ئـایینی نـێـوان ئـەو گـەلانـەی ئایینیان جیاوازە لە لایەک و لەلایەکی تر نێوان ڕۆڵەکانی یەک نەتەوە کە هەڵگری ئایینی جیاواز و سـەر بـە مەزهەبی ئایینی جـیـاوازن. هـەر وەک لـەئـاسـتی ململانێ سـیـاسی و ئـابـوورییـەکان ڕوودەدات بە گـەڕانـەوەیـان بـۆ گـفـتـوگـۆو ڕێـکـەوتـن بۆ چارەسـەری کێشـە سیاسی و ئابوورییەکان، بـە هـەمـان شـێـوە دەبـێـت پـەنـابـبرێـت بۆ گفتوگۆی ئایینی لەپێناو نەمانی ململانێی ئایینی لەنێوان خەڵکانی سـەر بە ئایین و دەستەکان. دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە لە خۆرئاوا چەند مەزهەبێکی ئایینی ناو یەک ئایین و چەندێتی ئایینە جیاوازەکان، گـفـتـوگـۆی ئـایـیـنی کـردووە بـە پێویسـتی حەتمی بۆ نزیکبوونەوەی ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان.

ئامانج چییە لە پێکەوەژیان و گفتوگۆی نـێـوان ئـایـیـنـەکان؟ هـەڵـوێـسـتی ئیسلام چیە لەو بارەیەوە؟ ئەو ئاڵنگارییانە چین ڕووبەڕووی دەبنەوە؟

**گرنگی توێژینەوەکە**

لــەمــڕۆدا گـفـتـوگـۆو پـێـکـەوەژیـانـی ئاشتییانە بووەتە دیاردەیەکی بنچینەیی لـە دیـاردەکـانی ژیـانی هـاوچـەرخ. پاش چـەنـدان سـەدە ململانێ لـە بـوارەکـانی سیـاسـەت و سـەربـازی و ژیـاری و فکـری، ئیتر گـەلان دەریـانـخـسـت کـە شـکـانـەوەی ئـەم مـلـملانـێـیـانـە نـابـنـە چـارەسـەری کێشـە جیـاوازەکان کـە لـەنێوان گـەلانـدا هـەڵـگـیرسـابـوو بـە هـۆکـارە سـیـاسی و ئایینی و فیکرییەکان، بیریان لـە گفتوگۆ کـردەوە وەک جێـگـرەوەی ململانێکان

تا ببێتە پێویستییەکی زیندوو بۆ ژیانی هاوچەرخمان و هۆکار بێت بۆ چاکسازی پەیوەندی نێوان گەلان و تاکەکان لە دەرەوە و ناوەوەدا، واتا لەسەر ئاستی پەیوەندیە ناوخۆییەکانی نێوان تاکەکانی یەک گەل، هەروەها لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی دەرەوە واتا نێوان ئەو گەلە جیاوازانەی بەشدارن لە ژیانکردن لەم جیهانەدا.

**میتۆدی توێژینەوەکە**

لێرەدا پشت بە میتۆدی تەواوکاری دەبەستین بۆ ئەم دیاردەیە، بە شێوەیەک ڕەچاوی میتۆدی وەسفی دەکەین بۆ وەسفی دیاردەکە، شیکاری و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی بۆ دەکەین لەبەر تیشکی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر و کەلەپوری ئیسلامیدا.

**بەشی یەکەم:** ئامانجی پێکەوەژیان و گفتوگۆی نێوان ئایینەکان و مەرجەکانی سەرکەوتنی.

ئەم بەشە دەکەین بە دوو باسەوە، یەکەمیان جۆرەکانی ئامانجی گفتوگۆی نێوان ئایینەکانە، لەسەر بنەماگەلێک کە دەکەوێتە بەشی دووەمەوە ئەوانیش مەرجە پێویستەکانی سەرکەوتنی گفتوگۆو پێکەوەژیانی نێوان ئایینەکانە.

**باسی یەکەم:** ئامانجی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان و لێبوردەیی نێوانیان

بێگومان چەندان ئامانج هەیە لە پێکەوەژیاندا، بە نزیکبوونەوەی ئایین و مەزهەب و دەستەکان دەستپێدەکات، پاشان بنەماکانی ڕێکەوتن و چەند ئایینی و پێشکەوتنی شێوازەکانی گوتاری ئایینی و پشتیوانی میانڕەوی لە ئاییندارێدا، کۆتایی دێت بە بەدیهاتنی تێگەیشتن و لێکتێگەیشتنی نێوان ئایینەکان.

**یەکەم: گفتوگۆی ئایینی و لێکنزیکبوونەوەی نێوان ئایینەکان**

لە گفتوگۆو پێکەوەژیانی نێوان ئایینەکاندا چەندان ئامانج هەیە، بەشێکیان ئامانجی سیاسین کە بیرکردنەوەیە لە گەشەی گفتوگۆو بەرەوپێشبردنی، لە گرنگترینیان بابەتی نزیکبوونەوەی نێوان ئایینە جیاوازەکانە، هەروەها نزیکبوونەوە لە نێوان ئامانجی یەکەمدا، ئەمە بە ڕەچاوکردنی گەشەی مەسیحییەت لە دیالۆگی ئایینی و تیشک خستنەسەر نزیکبوونەوەی نێوان مەزهەبە مەسیحییەکان، بەتایبەت نزیکبوونەوەی نێوان پرۆتستانت و کاسۆلیکی، هەروەها نیوان هەردووکیان لەگەڵ مەسیحییەتی خۆرهەڵاتی ئەرسەدۆکسی.

لە گفتوگۆ و پێکەوەژیانی ئایینیدا ئامانجی لاوەکیش هەیە ئەویش دەرەنجامی دوو ئامانجی گەورەن کە بریتین لە نزیکبوونەوەی نێوان ئایینەکان و مەزهەب و دەستەکان. یەکێ لە دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی پرۆسەی

ئەم نزیکبوونەوەیە بەدیهاتنی کۆمەڵێک ئامانجی لاوەکی گرنگن، لەوانە ڕێگری لە دەمارگیری ئایینی نێوان شوێنکەوتووانی ئایینەکان و دەستەکاندا، هەروەها ڕێگری لە توندڕەوی ئایینی و زێدەڕۆیی لە ئاییندارێدا کە دەرەنجامەکانیان توندوتیژی و توندڕەوییە. یەکێ لە ئامانجەکانی تری ڕێگرییە لە مشتومڕی ئایینی بەرگریکارانە و بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی و بنەماکانی لێبوردەیی ئایینی. دوا دەرەنجامی ئەم ئامانجانە بڵاوکردنەوەی ئاشتی نێوان گەلان و شوێنکەوتووانی یەک ئایین و کەمکردنەوەی توندڕەوی ململانێ سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکانە، کە ئایین یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵگیرسانیان، هەروەها کەمکردنەوەی ململانێی ڕۆشنبیری و فکری و ئایینی کە هۆکارەکەی ڕاجیایی نێوان ئایینەکان و خۆسەپاندنی ئایینێکی دیاریکراو یان مەزهەبێکی دیاریکراوە بەسەر تەواوی ئایین یان مەزهەبەکاندا.

نزیکبوونەوەی ئایینەکان لە یەکتری کە ئامانجی سەرەکی پێکەوەژیانی نێوانیانە، هەوڵ نادات بۆ داڕشتنی دەستە و مەزهەبی ئایینی نوێ، وتووێژی نێوان ئایینەکان سەرەتا پارێزگاری لە سەربەخۆیی هەریەک لە ئایینەکان دەکات، داوا لە شوێنکەوتووانیان ناکات لە بیروباوەڕی خۆیان دابەزن لەپێناو لێکنزیکبوونەوەدا، هەروەک هەوڵیش نادات ئایینێکی هەڵبەستراوی نوێ دروست بکات تا هەموان ڕازی بکات و واز لە ئایینە بنچینەییەکەی خۆیان بهێنن.

گفتوگۆو پێکەوەژیانی نێوان ئایینەکان و نزیکبوونەوەی نێوانیان ئامانجێکی ئایینی و مرۆیی گرنگە، لەوانە کۆکردنەوەی ئایینەکانە لەسەر یەک ئامانجی ڕۆحی هاوبەش، ئەوەش بنەمای وەزیفەی ئایینە کە وەستانی ژیانی مرۆڤایەتییە لەسەر هۆکار و پشتیوانگەلێکی ئایینی و ڕۆحی، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ بەرەوبالابردنی بەهای مرۆیی و بوونیادی بنەمای ئایینی ڕەوشتی بۆ مامەڵەی نێوان تاکەکان لە لایەک و نێوان گەلان لەلایەکی تر.

## لە ئێستادا گفتوگۆ و پێکەوەژیانی ئایینی پێویستییەکی حەتمی نێوان ئایینەکانە

ئەم ئامانجە ئایینییە ڕۆحییە هەڵگری چەندان مەبەست و دەرەنجامە، پاشخانێکی ئایینی ڕۆحی دروست دەکات کە پەیوەندییە مرۆییەکانی لەسەر بوونیاد بنرێت، ئەمەش ئامانجێکی بالاتر بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی دروست دەکات بە وتووێژی نێوان ئایینەکان، هەروەها ئەم وتووێژەی نێوان ئایینەکان مەودای نێوان ئایینەکان نزیک دەکاتەوە و شارەزایی لە ئایینەکان و زانستی کەڵەکەبوو بە درێژایی سەردەمەکان و لێزانییە ئایینییە

جیاوازەکان دەخاتە خزمەتی ئەو گەشە ئایینی و بەها ڕەوشتیە هاوبەشەوە کە سەردەکێشێت بۆ یەکخستنی مرۆڤایەتی و بەهێزکردنی پەیوەندی گەلان، هەروەها دانانی سنوور بۆ ململانێ و پێکدادانەکان و بەدیهاتنی برایەتی مرۆیی بۆ ئایندەیەکی دوور.

هەروەها لێکنزیکبوونەوەی ئایینەکان بە وتووێژی هاوبەش بەرامبەر دوژمنی هاوبەشی هەریەک لە ئایینەکان دروست دەبێت، کە ڕێبازە بێ ئایینەکانی وەک شیوعییەت و عەلمانیەت و لایەنی تر کە ئایدۆلۆژی ئیلحادی و دژە ئایینەکان نوێنەرایەتی دەکەن. ئەو ڕەوتە لادەرانە سەرکەوتووبوون لە غەزوی ژیانی فکری مرۆڤ و لاوازکردنی بنەما ئایینی و ڕەوشتییەکان لە ژیانی مرۆڤایەتییدا، هەوڵیاندا بۆ کەنارگیرکردنی ئایین لە ژیان، بەشێکی تر لەو ڕەوتانە هەوڵیاندا بۆ لابردنی ئایین و بەتاڵکردنەوەی ڕۆڵی لە ژیانسازی مرۆڤ، وەک ئەوەی شیوعی و ڕەوتە مادیە ئیلحادییەکان کردیان. هیچ ئایینێکی زیندوو نییە کە تووشی غەزوی شیوعی نوێ نەبووبێتەوە، چونکە ئەم ڕەوتانەی کە ئایین ڕەت دەکەنەوە دەستکردی خۆرئاوان، یەکەمی ئایینەکانیش کە ڕووبەڕووی ئەو غەزوە بوونەتەوە ئایینە بنچینەییەکانی خۆرئاوایە کە بریتین لە مەسیحییەت و یەهودییەت، پاشان سەریکێشاوە بۆ ئایینەکانی تری وەک ئیسلام و ئایینەکانی خۆرهەڵاتی دوور.

کەواتە لێرەدا هەڕەشە و مەترسی گشتی هاوبەش هەیە دژ بە ئایینەکان و بوونیان، ئەمەش ئەگەرێکی مەترسیدارە و وتووێژی نێوان ئایینەکان دەکاتە زەروورەتێکی گەورە بۆ دەربازکردنی ئایینەکانی جیهان لە فەوتان و لەناوچوون و گێڕانەوەی بنەما ئایینییە ڕەوشتییەکان بۆ ناو ژیانی گەلان. خۆرئاوا زۆر زیاتر پێویستی بەو گفتوگۆیە هەیە بۆ دەربازکردنی ئایینەکانی مەسیحییەت و یەهودییەت، ڕزگارکردنیانە لەو ڕەوتە بەهێزانەی دژە ئایینن. چونکە ئیسلام و ئەو ئایینانەی تر کە لە خۆرهەڵاتدان تا ئێستاش ئەوەندەیان هێز هەیە کە بەرەوڕووی هێرشی ئیلحاد ببنەوە، دەشتوانن هاوکاری یەهودیەت و مەسیحییەتی خۆرئاوا بکەن و ڕزگاری بکەن، ئەویش بە پێشکەشکردنی یارمەتی ئایینی و پشتیوانی لە ڕۆحی ئایینی خۆرئاوا و بەخەبەرهێنانی شارەزا ئایینییە خەوتووەکان و پێدانی هۆشیاری ئایینی و زیندووکردنەوەی ئایین وەک بنەمای سەرەکی بۆ ژیانی مرۆڤایەتی.

کەمکردنەوەی مەودای نێوان ئایینەکان لە ڕێگای وتووێژەوە ئامانجێکی گرنگی تری هەیە ئەویش بەدیهاتنی ئامانجی هاوبەشی ئایینەکانە، ئایینەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لە ئامانج و پرسەکانیاندا بەڵکو لە تێڕوانین و شێوازی چارەسەری پرس و ئامرازەکانی بەدیهاتنی ئەو ئامانجانەدا جیاوازن. لێرەدا دەکرێت

ئایینەکان سوود لە یەکتر وەربگرن بۆ بەدیهاتنی ئامانج و چارەسەری پرسەکان، پێمان وایە ئامانجی هاوبەشی نێوان هەموو ئایینەکان بەدیهاتنی بەختەوەرییە بۆ مرۆڤەکان لە دونیا و دوارۆژدا.

بەدەر لەو جیاوازییە بنچینەییانەی پەیوەستن بە بیروباوەڕ و پێکهاتەیانەوە، ئایینەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە یەک ئامانجیان هەیە ئەویش بەدیهاتنی بەختەوەری مرۆڤەکانە لە ڕێگای سیستەم یان تەرزی ئایینییەوە کە ناوەڕۆکی ئایین بکاتە کردەیی لە ژیانی مرۆڤەکاندا. بە چاوپۆشی لەو ڕێگایەی بە با باشترین شێوە پەیوەندی لێوە دروست دەکرێت لەگەڵ برا مرۆڤەکە لە لایەک و لەگەڵ خودا یان پەرستراوەکەی لەلایەکی ترەوە.

چونکە مرۆڤ ئەگەرچی ئایینی جیاواز بێت بەڵام واقیع و هەلومەرج و ژیانکردن و کێشەی ژیانیان وەک یەکە، ئایینەکان میکانیزم و مەنهەجیان جیاوازە بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ و بەرەوڕووبوونەوەی واقیعی مرۆڤ و چارەسەری کێشەی بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی. لێرەدا گرنگی وتووێژ دەردەکەوێت لە نێوان ئایینەکاندا بەتایبەت پاش یەکبوونی کێشەی مرۆڤەکان و هاوشێوەبوونیان لە هەموو شوێنەکاندا، ئیتر ئایینەکان بوونەتە خاوەن هەڵوێستی سیاسی و ئایینی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، ناتوانێت کەنارگیری بکات لە کێشەی مرۆڤەکان و پرسە هەنووکەییەکاندا.

بەدەر لەو هاوکارییە بەرهەمدارەی نێوان ئایین و وتووێژە بەکارەی لە نێوانیاندا دەبێت بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، دەکرێت لەو گفتوگۆیەدا پشکی ڕووبەڕووبوونەوەی توندڕەوی ئایینی هەبێت کە کێشەیەکی گشتییەو بەرۆکی هەموو ئایینە زیندووەکان دەگرێت، دیاردەی توندڕەوی ئایینی و کوشتن و توندوتیژی بە نزیکەیی لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بڵاو بووەتەوە.

## دەبێت پەناببرێت بۆ گفتوگۆی ئایینی لەپیناو نەمانی ململانێی ئایینی لەنێوان خەڵکانی سەربە ئایین و دەستەکان

ئەم کێشەیە دوو ڕەهەندی هەیە: ڕەهەندێکی ناوخۆیی کە هۆکارە بۆ دابەشکاری لایەنگرانی یەک ئایین لانی کەم بۆ دوو بەش: بەشێکیان پابەندن بە ئایینەکەوە لەسەر سیستەمە بنچینەییەکەی، بەشەکەی تری توندڕەوانێکی دەرچوو لەو سیستەمەن، بەهۆی ڕاڤە توندەکانیان و دوورکەوتنەوە لە ڕێنمایی ئایینەکەیان وای کردووە پەیوەندی هەڵسوکەوتیان پێچەوانەی بەشەکەی یەکەمبێ. بەڵام ڕەهەندە دەرەکییەکەی بریتییە لە نوێنەرایەتی بازنە فراوانەکەی توندڕەوی ئایینی کە کاریگەری نەرێنی دروست دەکات

لەسەر پەیوەندی ئایینەکان بەیەکەوە، بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەی فرە ئایینن. دەرەنجام کۆمەڵگاکە وێران دەکەن و ئارامی کۆمەڵایەتی دەشێوێنن و کێشە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی دروست دەکەن، هەروەها کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

**دووەم: گفتوگۆی ئایینی و نزیکبوونەوەی نێوان مەزهەب و دەستەکان**

ئاشکرایە نزیکبوونەوەی نێوان ئایینەکان پشکی شێری بەردەکەوێت لە چارەسەری ئەو بابەتە مرۆییانەی ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە لە هەموو شوێنێکدا. بە لەبەرچاوگرتنی ڕاجیایی ئەزموونە ئایینییەکان و جیاوازی ئەو چارەسەرانەی ئایینەکان پێشکەشی باوەڕدارەکانی دەکەن. هاریکاری ئایینەکان هاوکارە بۆ پێکهێنانی دیدێکی گشتگیر بۆ ئەو بابەتە و گەیشتن بە چارەسەری هەمەجۆر و کارا بۆ کێشە مرۆییەکان بەتایبەت ئەگەر ئایینەکان کاریگەرییەکی چاک و دروستیان هەبوو لەسەر چارەسەری کێشەکانی گەلان و بوونیادی داهاتوویەکی باشتر بۆ مرۆڤایەتی.

ئەمە جگە لە سوودی گفتوگۆی ئایینەکان بۆ نزیکبوونەوەی نێوانیان لەسەر ئەو ئاستەی پێشووتر باس کرا، گفتوگۆی ناوخۆیی نێوان مەزهەب و دەستەکانی یەک ئایین سەردەکێشێت بۆ بەدیهاتنی نزیکبوونەوەی نێوان ئەو دەستە و مەزهەبە ناوخۆییانە. لە ڕاستیدا بەبێ هەماهەنگی و نزیکبوونەوەی نێوان هەوادارانی یەک ئایین، نزیکبوونەوە و هەماهەنگی نێوان ئایینەکان بەدی نایەت، ئەو دەرەنجامە ئەرێنییە یان نەرێنییە کە دەرەنجامی وتووێژی ناوخۆییە کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر وتووێژی دەرەکی نێوان ئایینەکان دروست دەکات، لە ڕاستیدا هەندێک جار گفتوگۆی ناوخۆیی شێوازی گفتوگۆی دەرەکی دەگرێت، چونکە زۆربەی دەوڵەتانی جیهان فرە ئایین و مەزهەبن، ئەو پاڵنەرانەی گفتوگۆی ناوخۆیی دروست دەکەن پاڵنەرێکی هاوکارە بۆ چارەسەری کێشەی ئایینەکان و چاکسازی لە پەیوەندیان بەیەکەوە.

بێگومان گفتوگۆی ئایینی نێوان دەستە و مەزهەبەکان کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بنجە یەکەمینانەی لێوەی دروست بوون و گەشەیان کردووە، سەردەکێشێت بۆ جۆرێک لە یەکێتی ئایینی لەگەڵ پارێزگاری لە سەربەخۆیی دەستە و مەزهەبە لاوەکییەکان.

**سێیەم: گفتوگۆی ئایینی و پشتیوانی بنەمای هەماهەنگی و فرەئایینی**

گفتوگی ئایینی بە سروشتی خۆی گۆڕانکاری بە سەردا دێت بەهۆی مشتومڕەوە (الجدل)، گفتوگۆی ئایینی لەخۆگری بنەماکانی هەماهەنگی و نزیکبوونەوەی نێوان ئایینەکانە بەڵام مشتومڕ ئاماژەیە بۆ ئامرازەکانی ڕاجیایی و دوورکەوتنەوەی

نێوان ئایین و مەزهەبەکان، قورئانی پیرۆز ئاماژەی بەو سروشتە ئەرێنییە داوە لە گفتوگۆی نێوان ئایینەکانداو دەفەرموێت (قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ اشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُون) واتا: بڵێ ئەی ئەوانەی کتێبتان بۆ ڕەوانەکراوە وەرن بەدەم بانگەواز و بەرنامەیەکەوە کە هاوبەش و هاوسەنگە لە نێوان ئێمەش و ئێوەشدا (ئەویش ئەمەیە) جگە لە (الله) کەسی تر نەپەرستین، هیچ جۆرە هاوەڵێکی بۆ بڕیار نەدەین، هیچ لایەکمان لاکەی ترمان (بە پیرۆز و فەرمانڕەوا دانەنێین) لەجیاتی ئەو زاتە و نەیپەرستین (خۆ ئەگەر لەم بانگەوازدا) سەرپێچییان کردو گوێیان پێ نەدا، ئەوە پێیان بڵێ: کە ئێوە بە شایەت بن کە ئێمە موسڵمانین و ملکەچی فەرمانی پەروەردگارین.

**وتووێژی نێوان ئایینەکان سەرەتا پارێزگاری لە سەربەخۆیی هەریەک لە ئایینەکان دەکات، داوا لە شوێنکەوتوانیان ناکات لە بیروباوەڕی خۆیان دابەزن لەپێناو لێکنزیکبوونەوەدا**

ئەم ئایەتە پیرۆزە داوای گفتوگۆی نێوان موسڵمانان و شوێنکەوتەی ئایینەکانی تر دەکات بۆ هەماهەنگی نێوان یەهودیەت و مەسیحیەت و ئیسلام وەک بنەمایەک بۆ وتووێژی نێوانیان، هەروەها پاڵنەرە بۆ دوورکەوتنەوە لە ئامرازەکانی ڕاجیایی کە پێشکەوتنە مێژووییەکانی هەر دوو ئایینی یەهودیەت و مەسیحییەت هاوکارێتی. بەڵام ئیسلام جیاوازی نێوان هەرسێک ئایینەکەی تێپەڕاندووە، داوای گەڕانەوە دەکات بۆ فۆرمێکی ئاسان و فیتری کە یەکتاپەرستییەکەی ئایینی ئیبراهیمییە سەلامی خودای لەسەر بێت، ئەوەی ناوزەد کراوە بە ئایینی فیترەت، هەڵبژاردنی ئیبراهیم سەلامی خودای لەسەر هەڵبژاردنێکی بە مەبەستە، چونکە پێغەمبەرێکی نێردراوە و هەرسێک ئایینی یەهودیەت و مەسیحیەت و ئیسلام دانی پێدا دەنێن و دانراوە بە باوکی هەموو پێغەمبەران سەلامی خودایان لەسەر (وَجَعَلْنَا فِي ذُرِّيَّتِهِ ٱلنُّبُوَّةَ وَٱلْكِتَٰبَ) واتا: پێغەمبەرایەتیمان کردە کالای بالای نەوەکانی، کتێبە ئاسمانەکانیشمان بۆ ناردن. ئایینەکەشی کردە بنەما بۆیان، خودای گەورە وەسفی ئیبراهیمی کردووەو دەفەرموێت (مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يهوديًّا وَلاَ نصرانيًّا وَلَكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا) واتا: کە ئیبراهیم نە جوولەکە بووە و نەگاور، بەڵکو ملکەچ و موسڵمان بووە و لە دەستەی موشریک و هاوەڵگەران نەبووە. ئایەتەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئیبراهیم سەلامی خودای لە سەر بێت مێژووەکەی لەپێشتر بووە و ئایینەکەشی

پێش یەهودییەت و مەسیحییەت بووە، بریتی بووە لە ئیسلام، هێما بووە بۆ فەرمانبەرداری و ڕادەست بوون بە ویستی خودا لە لایەک و لە هەمان کاتدا هێما بووە بۆ ئایینی فیتری دروست پێش ئەوەی گرێی و گۆڵی ئایینی و لاهوتی بلکێ بە عەقیدەی یەکتاپەرستییەوە.

**چوارەم: گفتوگۆی نێوان ئایینەکان و پێشکەوتنی شێوازی وتاری ئایینی**

یەکێک لە ئامانجەکانی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان گۆڕینی شێوازی وتاری ئایینییە لە بواری پەیوەندی نێوان ئایینەکان کە شێوازێکی مشتومڕی ئایینی بەرگریکارانەیە بەرەو شێوازی وتووێژ. ئەمەش بە گواستنەوەیەکی جۆریی ئەژمار دەکرێت لە شێوازی هەڵسوکەوتی نێوان ئایینەکان، کە مێژوویەکی دوورودرێژ مشتومڕی ئایینی دەمارگیرانە جێگای گرتبووەوە، جووڵەکەشی بریتی بوو لەو بەرگرییەی دەیڕوانییە پەیوەندی نێوان ئایینەکان لەسەر بنەمای ئاڵنگاری و ململانێ و کێبڕکێ، پاڵنەری ئەمانە هۆکارگەلی مێژوویی و ئایینی بووە لە ڕابردووی ئایینەکاندا.

پێشکەوتنی وتووێژ لە مێژووی هاوچەرخدا لە بواری سیاسەت و ئابووری و فکری و دەرکەوتنی فیکرەی وتووێژی ئایینەکان و وتووێژی ژیاری سەردەکێشێت بۆ پێویستی بیرکردنەوە لە شێوازی شوێنگرەوەی مشتومڕی نێوان ئایین و ژیارەکان، ئەمەش بە پێشکەشکردنی بژاردەی گفتوگۆی نێوان ئایین و ژیارەکان دەستپێدەکات بەرەو باوەڕی بەیەکگەیشتنی ئایین و ژیارەکان وەک بانگەشەیەک بۆ گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوە لە سەردەمەکانی ململانێدا، ئەوەش شێوازی مشتومڕی بەرگریکارانەیە کە دەبێت لەبری ئەوە پشت ببەسترێت بە گفتوگۆ.

لە بەشێک لە سەردەمەکانی لێبوردەیی ئایینیدا پەنا براوە بۆ گفتوگۆو وتووێژی بیروباوەڕی ئایینی لە یەهودییەت و مەسیحییەت و ئیسلامدا. ژینگە ئیسلامییەکە لەم جۆرە دیبەیت و مێژگرد و کۆڕانەی بە خۆوە دیوە کە تێیاندا لایەنەکان گفتوگۆیان تێدا کردووە بە شێوازی بابەتی و گیانی لێبوردەییەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم شێوازە دەگمەن بووە لە سایەی ململانێی نێوان ئایینەکاندا.

**پێنجەم: گفتوگۆو پاڵپشتی میانەڕەوی لە ئاییندارێدا**

لە سروشتی بنچینەیی هەریەک لە گفتوگۆی ئایینی و مشتومڕی ئایینی بەرگریکارانە، چەندەها شتی گرنگ لە دایک دەبێت لە ڕێکخستنی پەیوەندی ئایینی نێوان گەلان و تاکەکان. گفتوگۆی ئایینی بە سروشتی خۆی ئاماژە بە ئازادی ڕادەربڕینی ئایینی دەکات، لە گفتوگۆدا ئازادی تەواو هەیە لە دەربڕینی بۆچوونی ئایینیدا بۆ ئەو کەسەی نوێنەرایەتی

ئایینەکەی یان مەزهەبەکەی دەکات لە تێکرای بابەتە ئایینییە پێشنیازکراوەکان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئایینەکانی تردا، هەروەک چۆن لە هەمان کاتدا ڕێز لە بۆچوونی ئایینی تر دەگرێت کە گوزارشت لە بۆچوونی ئایینەکانی تر دەکات و بەشداری گفتوگۆکە دەکەن، ئەمەش هەڵقوڵاوی ئەو عەقیدەیەیە کە بڕوای بە فرە ئایینی هەیە و دان بە ئایینەکانی تردا دەنێت، هەروەها هەڵقوڵاوی هەستکردنە بە ڕێزی ئایینەکانی تر و داننان بە ڕاجیایی ئەزموون و شارەزاییە ئایینییەکان.

بەڵام مشتومڕی ئایینی بەرگریکارانەی هێرشبەرانە بڕوای بە ئازادی گوزارشتی ئایینی نییە، ڕێگری دەکات لە دەربڕینی بۆچوونی ئایینەکانی تر، هەڵقوڵاو لەوەی کە هەر لە بنەمادا باوەڕی بە فرەئایینی و ئازادی بیروباوەڕ نییە، ئەوەش ئەو مشتومڕەیە کە ڕێزی هەستی پێچەوانە ئایینییەکان ناگرێت و هەمیشە حەز بە سووک سەیرکردنی بیروباوەڕی ئەوانی تر دەکات و گاڵتەیان پێ دەکات و گومانیان بۆ دروست دەکات.

ئەو بنەمایانەی لە پێشەوە باسکران ئاماژە بەوە دەدەن کە دەرەنجامی کۆتایی گفتوگۆی نێوان ئایین و مەزهەبەکان بێگومان سەردەکێشن بۆ حاڵەتی هاوسەنگی و میانڕەوی ئایینی، لە کاتێکدا مشتومڕی ئایینی بەرگریکارانەی هێرشبەرانە سەردەکێشێت بۆ توندڕەوی ئایینی و زیادەڕەوی و دەمارگیری مەزهەبی.

لەگەڵ میانڕەوی و هاوسەنگیدا کۆمەڵێک سیفات لە دایک دەبن کە دژ و ناساز دەبن لەگەڵ ئەو سیفاتانەی توندڕەوی ئایینیان لێوە لە دایک دەبێت. میانڕەوی و هاوسەنگی دەرەنجامی پێویستن بۆ گفتوگۆ. گوێگرتن بۆ ئەوانی ترو گفتوگۆ لەگەڵیان سەردەکێشێت بۆ تێگەیشتن و قاڵ بوونەوە بەڕادەی نزیکبوونەوە و تێگەیشتنی ئایینی لەسەر ئاستی واتا و بەڵگە ئایینییەکان بۆ ئەو بابەتە ئایینییەی پێشنیار دەکرێت بۆ گفتوگۆ.

**ئایینەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لە ئامانج و پرسەکانیاندا، بەڵکو لە تێڕوانین و شێوازی چارەسەری پرس و ئامرازەکانی بەدیهاتنی ئەو ئامانجانەدا جیاوازن**

## شەشەم: گفتوگۆی ئایینی و گەیشتن بە تێگەیشتن و لێکتێگەیشتنی نێوان ئایینەکان

گفتوگۆی نێوان ئایینەکان کۆشش دەکات بۆ بەدیهاتنی تێگەیشتن و لێکتێگەیشتنی نێوان ئایینەکان، ئەمە دەبێتە جیاکەرەوەیەکی بنەڕەتی نێوان گفتوگۆی ئایینی و مشتومڕی ئایینی. یەکەمیان هەوڵ دەدات بۆ تێگەیشتن

لە ئایین و مەزهەبەکان بە بەکارهێنانی گفتوگۆ وەک ئامرازێکی زانستی و فێرکاری و پێشکەشکردنی پرسیارگەلێکی ئامانجدار بۆ بەدیهێنانی تێگەیشتن و زانینی واتاکان، ئەمە جگە لەوەی ئامانج لە تێگەیشتن گفتوگۆ دەکاتە هۆکار بۆ لێکتێگەیشتنی نێوان ئایینەکان بۆ زانینی خاڵی بە یەک گەیشتن لەپێناو هاوکاری و یەکتر بەهێزکردندا، هەروەها دەبێت خاڵی ڕاجیایی دیاری بکرێت لەپێناو لێتێگەیشتن و نزیککردنەوەی نێوانی لایەنەکان. نابێت لەبەر ئامانجی گفتوگۆکە وازیان لێ بهێنرێت، چونکە خاڵی ڕاجیایی تایبەتمەندی و ناسنامەی ئایینەکان دیاری دەکەن، کەسایەتی ئەو ئایینە دەردەخات لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئایینەکانی تردا، پەیوەندیەک لەنێوان ئایینەکاندا بوونیاد دەنێت لەسەر بنەمای قبووڵکردنی فرەئایینی و ئازادی بیروڕا و ئایینداری وەک بنەمایەکی سەرەکی چەسپاو بۆ گفتوگۆی نێوان ئایینەکان.

**باسی دووەم: مەرجی سەرکەوتنی گفتوگۆو لێبوردەیی نێوان ئایینەکان**

بۆ سەرکەوتنی پێکەوەژیان و گفتوگۆی نێوان ئایینەکان لە بەجێ گەیاندنی کارەکانیدا، بێگومان دەبێت چەند مەرجێک بەدی بێت: لەوانە سەربەخۆیی و دیموکراسی گفتوگۆ، پاشان بەردەوامی و ڕۆحانییەتی گفتوگۆ.

**یەکەم: سەربەخۆیی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان**

بەبێ ڕۆچوون لە درێژەدان بەم بابەتە کە دواتر دەگەڕێینەوە سەری، پێمان وایە کە گفتوگۆی نێوان ئایینەکان پێویستە ئازاد بێت لە شوێنکەوتنی هەر ئایینێک لە ئایینەکان یان مەزهەبێک لە مەزهەبەکان تا ئەو ترسە لەلای شوێنکەوتووانی بڕەوێتەوە کە گفتوگۆکە بۆ بەرژەوەندی ئایینێکی تر بێت، یان لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی ئایینێکی تردا بێت. سەرەتا دەڵێین: هەریەک لەو ئایینانەی بەشداری گفتوگۆکە دەکەن ئامانجی تایبەت بە خۆیان هەیە و دەیانەوێت بەدی بهێنن.

بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان و دەربازبوونیان لە شوێنکەوتەیی ئایینێکی دیاریکراو پێویستە بە شێوەیەک بیر بکرێتەوە بە نیەتی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان و ڕێکخستنی سەربەخۆیی ئایینەکان لە یەکتری بەتایبەت لە دامەزراوە باڵاکاندا، گفتوگۆ لە بوونیادە هەرەمییەکەیدا بێگومان دەبێت لەو بنکەیەوە دەست پێ بکات کە هەر ئایینێک گرنگی پێ دەدات لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی. ئەوە سروشتییە کە هەر ئایینێک ڕێکخستنێکی هەبێت تایبەت بە گفتوگۆی نێوان مەزهەبە ئایینییە ناوخۆییەکە وەک یەک ئایین و نێوان ئایینەکانی تریش، گونجاوە بۆ هەر ئایینێک کە هەنگاوە یەکەمینەکانی

گفتوگۆ ئایینییەکە بۆ بەرژەوەندی خۆی ڕێکبخات، دەبێت گفتوگۆی ئایینی لەگەڵ مەزهەبێکی دیاریکراو پێش بخرێت بەسەر مەزهەبەکانی تردا، هەروەک دەبێت گفتوگۆ نێوان ئایینێکی دیاریکراو پێش بخرێت بەسەر ئایینەکانی تردا. هەموو ئایینەکان لە گفتوگۆدا هەلومەرجی تایبەت و هەنگاوی لەپێشینەیان هەیە بۆ حاڵەتە ئایینی و ناوخۆییەکەی، گفتوگۆی ئایینی لە خۆرئاوادا بە کردەیی ملکەچی ئەو هەنگاوە لەپێشینانەیە، دەبینین گفتوگۆی نێوان کاسۆلیکی و پرۆتستانت پێگە و گرنگی یەکەمی هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆیی.

### ئایینەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە یەک ئامانجیان هەیە ئەویش بەدیهاتنی بەختەوەری مرۆڤەکانە

هەنگاوی لەپێشینە ئەوەیە کە ژینگەی هەر ناوچەیەکی ئیسلامی وەک خۆی دیاری بکرێت، ئەگەر لە کۆتاییدا بۆمان دەرکەوت کە ئایینی ئیسلام لەگەڵ هەموو ئایینە جیهانییەکان بەو شێوازە دەچێتە گفتوگۆکانەوە، ئەمە بۆ ئایینەکانی تریش ڕاستە تەنانەت مەسیحییەتیش ئەگەرچی جیهانییە و ئایینێکی خۆرئاواییە و بەرکەوتنی گەورەی هەیە لەگەڵ یەهودییەت و ئیسلامدا بەڵام ئەو زیاتر پێویستی بە گفتوگۆ هەیە لەگەڵ ئایینەکانی تر، لەبەر ئەوە گەشەی گفتوگۆی مەسیحییەتمان بەلاوە نامۆ نییە لەگەڵ ئایینەکانی تردا.

سەربەخۆیی گفتوگۆ لە بنەمادا لە پرەنسیپی سەربەخۆیی ئایینەکان و ئازادبوونیان لە شوێنکەوتنی ئایینی تر هەڵقوڵاوە، لەسەر ئایینەکانیش پێویستە دوور بکەونەوە لە مەیلی دەسەڵاتداری بەسەر ئایینەکانی تر و حەزکردنی بە سەپاندنی هەیمەنەی خۆیان، لە کاتێکدا دەکرێت لەڕێگەی دروستکردنی دەزگای باڵا بۆ گفتوگۆی نێوان ئایینەکان یان دامەزراوەی جیهانی سەربەخۆ بەدی بێت کە ئەندامەکانی دەسەڵاتی ئەوەیان هەبێت بە سەربەخۆیی تەواو، ڕێکخستنی شێوازی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان بەڕێوەبەرن بەبێ لایەنداری بۆ هەرکام لەو ئایینانەی بەشدارن لە دەزگا یان دامەزراوە باڵا جیهانییەکە دەکەن. ئەو دامەزراوە باڵا جیهانییە ئامانجگەلی هاوبەش دیاری دەکات بۆ گفتوگۆی نێوان ئایینەکان. ئەوانە ئامانجی باڵان و ناکرێت لێیان بێنەخوار بۆ ئاستی خزمەت بە ئایینێکی دیاریکراو لەسەر حسابی ئایینەکانی تر، یان خراپ سوودی لێوەرگیرێ بۆ سەرکردایەتی ئایینێک بەسەر ئایینەکانی تردا. پێویستە پەیوەندی هەبێت لەنێوان سەربەخۆیی گفتوگۆی نیوان ئایینەکان و بنەمای سەربەخۆیی ئایینەکان، تەنانەت سەربەخۆیی خودی گەلەکانیش چونکە

بەبێ هەستکردن بەو سەربەخۆییە گفتوگۆی نێوان ئایینەکان دروست نابێت، تا بتوانیت ئامانجەکانی بهێنێتە دی کە خێرە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی.

**دووەم: دیموکراسی گفتوگۆ**

دیموکراسی لە گفتوگۆی نێوان ئایینەکان بەدوای سەربەخۆیی گفتوگۆو شوێننەکەوتنی ئایینێکی دیاریکراو دێت، هەروەها پەیوەندی هەیە بە سەربەخۆیی هەریەک لە ئایینەکان و هەستکردنی شوێنکەوتووانی ئایینەکان بەوەی کە هاوئاستن لە پەیوەندیان بەیەکەوە، بۆ ئایینێکی دیاریکراو نییە دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت بەسەر ئایینەکانی تردا جا بە هەر شێوەیەک بێت. لەڕاستیدا سەربەخۆیی و دیموکراسی گفتوگۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی دروست دەکات لە تێڕوانینی ئایینەکان بۆ خودی خۆیان و پەیوەندیان بە ئایینەکانی ترەوە، ئەم بابەتە وا دەردەکەوێت کە زۆر قورسە، چونکە سەربەخۆیی و دیموکراسی گفتوگۆ بەبێ قوربانیدان بەدی نایەت بەتایبەت لەلای هەندێک لە ئایینەکان کە بڕیاری پێشەنگی بۆ خۆی داوە و بەو هەستەوە مامەڵە لەگەڵ ئایینەکانی تر دەکات.

ئەو ئایینانەی پێشتر دەرکەوتوون وا هەست دەکەن بنەمان بۆ ئایینە تازە پەیدابووەکان، هەر بۆیە ناتوانن بە تێڕوانینی سەربەخۆیانە بۆیان بڕوانن، دەیانەوێت ئەو ئایینانە شوێنکەوتەی ئایینەکەی خۆیان بن. یەکێ لە دیاردەکانی دیموکراسی لە گفتوگۆی ئایینیدا ئەوەیە کە مافی هەر ئایینێکە دەربڕینی ئازادانەی هەبێت بۆ تێگەیشتن و بیروباوەڕەکانی، لەڕێگەی نوێنەرە شەرعییەکانی بۆ گفتوگۆکە بەبێ دەستوەردان لە کاری ئەو لایەنانەی پەیوەندیان پێوەی نییە، ڕۆڵی لایەنەکان لە دەرەوەی ئەو ئایینەدا کورتدەبێتەوە لە پێشکەشکردنی پرسیاری ئامانجدار بۆ تێگەیشتنی زیاتر و دەربڕینی بۆچوون لەسەر ئایین یان هەڵوێستەکانیان دەربارەی ئەو بابەتەی پێشکەشکراوە بۆ توێژینەوە و گفتوگۆ، و هەوڵدانی هاوبەش بۆ گەیشتن بە چارەسەری دەستنیشان کراو یان یەکهەڵوێستی ئایینی ئەگەر گونجا، یان گۆڕینەوەی ڕاوبۆچون و هاوهەڵوێستی نیوانیان بۆ گەیشتن بە نزیکبوونەوە لە دیدگای پێشکەشکراودا.

یەکێکی تر لە جوانییەکانی دیموکراسی گفتوگۆ، نابێت فشاری ئایینی لەسەر لایەنەکان دروست بکرێت لەپێناو بە لاڕێدا بردنی گفتوگۆکە لە خزمەت لایەنێکی دیاریکراو، یان بەکارهێنانی گفتوگۆکە بۆ بەدیهاتنی بەرژەوەندی ئایینێکی تایبەت لەسەر حیسابی ئامانجە گشتییە هاوبەشەکە لە گفتوگۆی نێوان ئایینەکان. ئامانج لە گفتوگۆ گۆڕینەوەی بۆچوونە نەک ڕەتکردنەوەی، لە گفتوگۆی نێوان ئایینەکان سەرۆک و خزمەتکار

نییە، بەڵکو یەکسانی تەواو هەیە لەنێوان لایەنەکان و نێوان ئایینەکانیان.

**سێیەم: بەردەوامی گفتوگۆ**

یەکێ لە سروشتەکانی گفتوگۆ بەردەوامییە، ئەمەش لە هەموو شێوەکانی گفتوگۆدا داواکراوە وەک گفتوگۆی سیاسی و ئابووری، بەڵام لەم شێوانەدا بە کۆتایی دەگەن، لەگەڵ گەیشتن بە چارەسەری تەواوی کێشە سیاسی و ئابوورییەکان، یان کۆتایی دێت پێش ئەوەی بگات بەو دەرەنجامە ئەرێنییە، بەڵام گفتوگۆی نێوان ئایینەکان گفتوگۆیەکی بەردەوامی بێ پچڕانە، بابەتی گفتوگۆکان کۆتایی نایەن، بواری گفتوگۆش هەمیشە کراوەیە.

بابەتی ئایینی لە پێشکەشکردنی چارەسەر بۆ کێشە مرۆییە هاوچەرخەکان ناوەستێت، هەروەها کێشەی ئایینەکان لە پەیوەندیان بەیەکەوە زۆر و هەستیارن پێویستی بە لەسەرخۆیی و ئارامی و کۆششی گەورەی لایەنەکان هەیە.

گفتوگۆی نێوان ئایینەکان کارێکی پێکەوە گرێدراوو بەردەوامە، کۆتایی نییە، بۆ بەردەوامی گفتوگۆ بێگومان دەبێت لایەنەکان نەوەکانی لەسەر پەروەردە بکەن و ئامادەیان بکەن بۆ گفتوگۆی نێوان ئایینەکان لەسەر ئەو بڕوایەی کە کارێکی پێکەوە گرێدراوە، بەریەککەوتنی ئایینەکان شتانێکی حەتمیە و هاوکارە بۆ بەردەوامی متمانە بەوەی گفتوگۆ پێویستە و دەبێت باوەڕ بە ئامانجی گفتوگۆ هەبێت، کە بەدی دێن ئەگەر بە دڵسۆزی بکرێت.

**بەبێ هەماهەنگی و نزیکبوونەوەی نێوان هەوادارانی یەک ئایین، نزیکبوونەوە و هەماهەنگی نێوان ئایینەکان بەدی نایەت**

**چوارەم: ڕۆحانییەتی گفتوگۆ**

گفتوگۆ پشت دەبەستێت بە پێوەرە ڕۆحانییەکان و قبووڵکردنی ئەو بەها ئایینییەی لە ئایینی لایەنەکاندا هەیە، ئەوە گفتوگۆیەکی ڕۆحانییە باوەڕدارانی هەموو ئایینەکان دەگەیەنێت بەو بەها و بنەما ئایینی و ڕەوشتییانەی ئایینەکانی دونیا لە خۆیان گرتووە، بە پێچەوانەی گفتوگۆی سیاسی و ئابووری و شێوەکانی تری گفتوگۆ کە گرنگی بە بابەتە هەنووکەییەکان دەدەن کۆتاییش دێن بە کۆتایی هاتنی هۆکارەکانی یان بەگەیشتن بە چارەسەری کۆتایی. بەڵام بابەتی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان لە سروشتی خۆیاندا بابەتگەلێکی ڕۆحانین، گفتوگۆ لەم بارەیەوە گەشە بە هەستی ئایینی گشتی دەدات، شارەزایی ئایینی لەلای لایەنەکان زیاد دەکات و سەردەکێشێت بۆ گۆڕانکاری لە کەسایەتیە ئایینییەکان، لە تێگەیشتنی بۆ خۆی و ئەوانی تریش

قووڵتر دەبێت، بە شێوەیەک لایەنی گفتوگۆکار پوختەی ئایدیای ڕۆحی هەموو ئایینەکانی دەست دەکەوێت. چونکە گفتوگۆی نێوان ئایینەکان گفتوگۆیەکی ڕۆحانییە پێویستی بە زمانێکی ئایینییانەیە کە بتوانێت مادده ڕۆحانیی و بەها ئایینەیە بەرزەکانی هەر ئایینێک بگەیەنیت.

**پێنجەم:** یەکێک لە گرنگترین مەرجەکانی سەرکەوتنی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان ئەوەیە کە گفتوگۆکە لە نێوان ئاییندارانی شوێنکەوتەی ئایینەکاندا بێت لەگەڵ شارەزایی باش لەڕووی زانست و ڕۆشنبیرییەوە بە ئایینەکانی تر، چونکە گفتوگۆیەک بوونیاد نرابێت لەسەر نەزانی هەرگیز سەرکەوتوو نابێت. گفتوگۆی نێوان ئایینەکان لە ڕاستیدا گفتوگۆی نێوان زانایانێکە کە شارەزان بە ئایین و ڕۆشنبیری ئایینەکانی تر و خۆشحاڵن بە هەڵسوکەوت لەگەڵیان، لە گفتوگۆکانیاندا عەقڵ بڕیاردەرە نەک هەست و سۆز، پشت بە لۆژیک و مەنهەجی زانستی دەبەستن. لە گفتوگۆی نێوان ئایینەکانەوە تێدەگەن کە ئەمە گفتوگۆی نێوان زاناکانە نەک گفتوگۆی نێوان خەڵکە ئاساییەکە، ئەوانەی کە هەست و سۆزیان بڕیاردەرە لەوێدا عەقڵ هیچ ڕۆڵێکی نابێت بۆ گفتوگۆو وتووێژ. ئەو جۆرە کەسانە دەمارگیری ئایینی بەسەریاندا زاڵ دەبێت و ئیش ناکەن بە بنەمای لێبوردەیی، لە کاتی گفتوگۆیان لەگەڵ شوێنکەوتەی ئایینێکی تر پشت نابەستن بە عەقڵ.

**شەشەم:** یەکێک لە مەرجەکانی تری سەرکەوتنی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان ئەوەیە کە لایەنەکان هەست بە جۆرێک لە خۆشەویستی بکەن لەبەرامبەر لایەنەکانی تری گفتوگۆ، دەبێت گیانی لێبوردەیی و خۆشەویستی و حەزی زانین و خزمەتی مرۆڤایەتی باڵ بکێشێت بەسەریاندا. لەگەڵ وەرگرتنی سوودی ڕۆحی لەو گفتوگۆیە لە دەرەنجامی شارەزابوون لە ئایینەکەی تر و ڕێگاکەنی گەیشتن بە ڕاستی تێیدا. هەروەها قاڵ بوونەوە لە ئەزموونی یەک ئایین و زانینی ئەزموونگەلی ئایینەکانی تر دوور لەو ڕاجیاییە عەقیدیانەی بوار نەهێڵنەوە بۆ تێڕامانی ئایینی و زانینی لایەنە باشەکانی ئایینەکانی تر.

**بەشی دووەم: بنەماکانی پێکەوەژیانی ئایینی و کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا و ئاڵنگارییەکانی بەردەمی.**

ئەوە چەسپاوە کە پێکەوەژیان لە ئیسلامدا بنەمایەکی جاویدانی گرنگە جا لەنێوان موسڵمان و کەسی تر بێت یان نێوان دەوڵەتێکی موسڵمان لەگەڵ ناموسڵمان، هەموو ئەمانە بوونیاد نراون لەسەر ئاشتی و لێبوردەیی و دادپەروەری و یەکسانی و گرنگیدان بە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، لەگەڵ هەموو

ئەمانەشدا بەردەوام ئیسلام ڕووبەڕووی ئاڵنگاری دەبێتەوە و تۆمەتبار دەکرێت و ئەم وێنە ڕاستەقینەیەی لەلایەن دوژمنەکانی دەشێوێنرێت.

## باسی یەکەم: بنەما و لایەنەکانی پێکەوەژیان لە ئیسلامدا

ئەم باسە بنەماکانی پێکەوەژیان و لایەنەکانی لەخۆدەگرێت، پێکەوەژیانی موسڵمان لەگەڵ ناموسڵمانان ئیتر ئایا لە کۆمەڵگای موسڵماناندا دەژین یان دەرەوە وەک کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان کە بەشێک لە موسڵمانان لەبەر بەدەستهێنانی ڕۆزی یان خوێندن یان شتی تر کۆچیان بۆ کردووە.

### یەکەم: بنەماکانی پێکەوەژیان لە ئیسلامدا:

پەیوەندی موسڵمان و ناموسڵمان لە کۆمەڵگای موسڵماناندا وەستاوە لەسەر بنەمایەکی ڕۆشن، ئەویش:

**ا- ئاشتی نەک جەنگ:** پەیوەندی نێوان موسڵمان و ناموسڵمان یان دەوڵەتی ئیسلامی و نا ئیسلامی وەستاوە لەسەر چاکەو مامەڵەی باش، یەکێ لەو ئایەتانەی ئاماژە بە ئاشتیخوازی موسڵمان دەکات ئەوەیە کە دەفەرموێت (وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ) واتا: جا ئەگەر دوژمنان بەلای ئاشتیدا دایانشکاند و حەزیان پێ کرد تۆش ئامادەیی خۆت دەربڕە و پشت بە خودا ببەستە چونکە بەڕاستی ئەو زاتە بیسەر و زانایە. یان دەفەرموێت (قُل لِّلَّذِينَ آمَنُوا يَغْفِرُوا لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ اللَّهِ لِيَجْزِيَ قَوْمًا بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ) واتا: بڵێ بەوانەی کە ئیمانیان هێناوە: چاوپۆشی بکەن لەوانەی بەتەمای ڕۆژە سەختەکان نین کە خودا پێشی دەهێنێت بۆ لێپرسینەوەیان، تا پاداشتی قەومی نالەبار بداتەوە بەگوێرەی ئەو کاروکردەوەیەی کە ئەنجامی دەدەن. گیانی لێبوردەیی لە فەتحی مەککەدا لەلای پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) دەردەکەوێت کە لێبوردە بوو بەرامبەر هەموو خەڵکی مەککەی، لە کاتێکدا دەیتوانی دیلیان بکات یان بیانکوژێت، بەڵکو پێیوتن (بڕۆن ئێوە ئازادن) لەم فەرموودەیەوە ئەوە تێدەگەین کە مامەڵەی ئیسلام بەرامبەر هاوبەشدانەران لێبوردەیی و چاکەیە.

**یەکێك لە ئامانجەکانی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان گۆڕینی شێوازی وتاری ئایینییە لە بواری پەیوەندی نێوان ئایینەکان کە شیوازێکی مشتومڕی ئایینی بەرگریکارانەیە بەرەو شێوازی وتووێژ**

دادگەری لەنێوان خەڵکیدا: یەکێکە لەو بنەما گرنگانەی پەیوەندی موسڵمانی بە

ناموسڵمانەوە لەسەر وەستاوە تا ژیانێکی ئاشتییانە بژین، دادگەری بنچینەی دەسەڵاتە، دادگەری بریتییە لە پارێزگاری لە ماف و بڵاوکردنەوەی ئاسایش و میهرەبانی و ئاشتی لەنێو خەڵکیدا، خودای گەورە دەفەرموێت (إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا) واتا: خودا فەرمانتان پێدەدات کە هەموو سپاردەکان بگەڕێننەوە دەست خاوەنەکانیان و هەر کاتێکیش داوەریتان کرد لەنێوان خەڵکیدا، دادپەروەرانە فەرمانڕەوایی بکەن، چونکە بەڕاستی خودا بەجوانی و چاکی و تەواوی ئامۆژگاری و فەرمانتان پێدەدات، بەڕاستی خودا هەمیشە و بەردەوام بیسەر و بینایە. وشەی (الناس) گشتییە موسڵمان و ناموسڵمان دەگرێتەوە، موسڵمان فەرمان پێکراوە کە دادگەر بێت لەگەڵ هەموو خەڵکیدا. ئەمەش حوکمدان دەگرێتەوە لەنێو خەڵکیدا لە بابەتی خوێن و ماڵ و ئابڕوودا، جا کەم بێت یان زۆر، خزم بێت یان بێگانە. کەسی چاک بێت یان خراپ، دۆست بێت یان دوژمن.

**ب - یەکسانی لەنێو خەڵکیدا:** یەکێ لە بنەما گرنگەکان کە پەیوەندی موسڵمانی بە ناموسڵمانەوە لەسەر وەستاوە بۆ ئەوەی ئاشتییانە بژین، بنەمای یەکسانییە، ئەوەی کە یەکێتی خێزانی مرۆیی جەختی لێ دەکاتەوە، خودای گەورە دەفەرموێت (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) واتا: ئەی خەڵکینە ئێمە هەمووتانمان لە نێر و مێیەک دروست کردووە و کردوومانن بە چەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بەیەکەوە، بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خودا ئەو کەسانەتان کەزۆرتر لەخوداترسە و فەرمانبەرداری خودایە، بێگومان خودا زانا و ئاگایە بە هەمووان. واتا لە ئادەم و حەوا دروستکراون، یەک بنجتان هەیە ڕێزتان بەهۆی تەقواوەیە، ئەگەرچی ڕەگەزو زمان و ڕەنگ و کۆمەڵگاکانتان جیاواز بێت، هەموویان لە ئادەمن و ئادەمیش لە خۆڵە، هیچ ڕێزێکی عەرەب نییە بەسەر غەیرە عەرەبدا ، یان سپی بەسەر ڕەشدا، یان بەهێز بەسەر لاوازدا، ڕێزی زیادە لەسەر بنەمای باوەڕ و تەقوایە.

پاش ئەوەی ئیسلام بانگەشەی یەکسانی نێوان مرۆڤەکانی کرد و دەمارگیری بە هەموو شێوەکانییەوە هەڵدەوەشاندەوە، دەچێت بەرەو بنەمای یەکترناسینی نێوان مرۆڤەکان، ئەوەش ئەو مەبەستە مرۆییەیە کە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی چاکە بۆ تاک و کۆمەڵگا. فەزڵی نێوان خەڵکی لە کاروباری ئایین و بیروباوەڕیاندا تایبەتە بەخودای گەورەوە، نەک ژیانی دنیایان،

ئەوە دەکەوێتە دوارۆژ.
بەم شێوەیە ئیسلام دەرگای ئاشووبی نێوان مرۆڤەکانی داخستووە، بانگیان دەکات کە ڕاجیاییە ئایینییەکان نەیانبات بەرەو دەمارگیری کە هیچ سوودی نییە، تا بە هۆیەوە بکەونە ئاشووب و کێشەوە، پێویستە هەست بە پەیوەندی خێزانە گەورەکە بکەن کە دەبێتە هۆی ئارامی و ئاشتییانەی نێوانیان.

**دووەم: پێکەوەژیانی ئایینی**

بنەمای قورئانی پیرۆز پێکەوەژیانی ئایینییە لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا، بە شێوەیەک کە موسڵمانان شان بەشانی کۆمەڵەکانی تر بژین لە یەهودی و مەسیحی و کەسانی تر، خودای گەورە دەفەرموێت (لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّۚ فَمَن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ لَا انفِصَامَ لَهَاۗ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ) واتا: بەهیچ جۆرێک زۆر کردن نییە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئیسلامدا، چونکە بەڕاستی ڕێبازی چاک و دروست؛ ڕوون و ئاشکرا بووە و جیا بووەتەوە لە گومڕایی و سەرکێشی، جا ئەوەی باوەڕی نەبێت بە تاغوت و باوەڕی دامەزراو بهێنێت بە خودا، بێگومان ئەو کەسە دەستی گرتووە بە بەهێزترین هۆکاری ڕزگارییەوە، کە هیچ پسان و هەڵوەشاندنەوەیەکی بۆ نییە، خودای گەورەش بیسەر و زانایە. هەروەها دەفەرموێت (وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةًۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ) واتا: خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە ئەوە هەموو خەڵکی دەکرد بە یەک تاقم و کۆمەڵ، بەڵام بەردەوامیش ئەو خەڵکە جیاوازن. بەردەوام خەڵکی جیاوازن لە کۆمەڵێک ئاییندا مەگەر خودا ڕەحم بکات و لەسەر ئیسلام کۆیان بکاتەوە و هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نەمێنێت.

## لە بەشێک لە سەردەمەکانی لێبوردەیی ئایینیدا پەنا براوە بۆ گفتوگۆ و وتووێژی بیروباوەڕی ئایینی لە یەهودییەت و مەسیحییەت و ئیسلامدا

**سێیەم: پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی**

قورئانی پیرۆز دامەزرێنەری ژیانێکی ئاشتییانەیە لەنێوان ڕۆڵەکانی کۆمەڵگادا، بیریان دەخاتەوە کە یەک بنچینەیان هەیە، ئەویش ئادەم و حەوایە، لەوانەوە گەل و هۆز و جۆرایەتی و جیاوازی ئایین و ڕەنگ دروست بووە، فەزڵی عەرەب نییە بەسەر غەیری خۆیدا، یان سپی بەسەر ڕەشدا، هەموویان وەک یەکن، تەرازووی فەزڵی نێوانیان تەقوا و نزیکییە لە خودای گەورە، پێویستە سود لەو ڕاجیای و جیاوازییەی نێوانیان وەربگرن بۆ ناسینی بەردەوام و هاریکاری بەرهەمدار

و سوودی هاوبەش، خودا گەورە دەفەرموێت (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) واتا: ئەی خەڵکینە ئێمە هەمووتانمان لەنێرو مێیەک دروست کردووە و کردوومانن بە چەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بەیەکەوە، بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خودا ئەو کەسانەتان کەزۆرتر لەخوداترسە و فەرمانبەرداری خودایە، بێگومان خودا زانا و ئاگایە بە هەمووان. هەر دەبێت ناسین لەنێوانیاندا هەبێت، ئەگەر هەر یەکەیان بە تەنها بمێننەوە ئەو یەکترناسینە دروست نابێت، کە هۆکارە بۆ هاوکاری و پشتیوانی و میراتگری و پێدانی مافی خزمان. بەڵام خودای گەورە لە گەل و هۆز دروستی کردوون، بۆ ئەوەی ئەو مەبەستانە بەدی بێن.

**چوارەم: پێکەوەژیانی ئابووری**

خودای گەورە فەرمان بە باوەڕداران دەکات وەفادار بن بەرامبەر گرێبەستەکان، چونکە داخوازی باوەڕ ئەوەیە کە وەفا بکرێت بەرامبەر بە گرێبەستەکان، واتە بەتەواوی جێبەجێ بکرێن، نابێت کەمتەرخەمیان تێدا بکرێت، ئەمە ئەو گرێبەستەش دەگرێتەوە کە لەنێوان خودا و بەندەدا هەیە، لە پابەندی بە پەرستشەکانەوە و هەستان پێیان بە جوانترین شێوە، نابێت هیچیان لێ کەم بکرێتەوە، گرێبەستی نێوان مرۆڤ و پێغەمبەرەکەی بریتییە لە فەرمانبەرداری و شوێنکەوتنی، نێوان مرۆڤ و دایباب و خزمانی بریتییە لە چاکەو سەردانیکردنیان و نەپچڕانی پەیوەندی پێیانەوە، نێوان مرۆڤ و هاوڕێکانی بە پێدانی مافەکانیان و لەگەڵبوونیان لە هەژاری و دەوڵەمەندی و نارەحەتی و خۆشحاڵیاندا، نێوان مرۆڤ و خەڵکی تردا بە گرێبەستەکانی وەک کڕین و فرۆشتن، موسڵمان لە مامەڵەی لەگەڵ موسڵمان و ناموسڵماندا پابەند دەبێت بەو پەیماننامانەی پێوەی پابەندکراوە، نابێت ناپاکی و ستەم بکات و کەمتەرخەمیان بەرامبەر بکات چونکە ئەوە پابەندیە بە ئایینی خوداوە کە دەفەرموێت: (يا أيها الذين آمنوا أوفوا بالعقود أحلت لكم بهيمة الأنعام إلا ما يتلى عليكم غير محلي الصيد وأنتم حرم إن الله يحكم ما يريد) واتا: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بەئەمەک و بەوەفا بن بەرامبەر بەڵێن و پەیمانەکانتان، ماڵات بۆتان حەڵاڵ کراوە، بێجگە لەوانەی کە بەسەرتاندا دەخوێنرێتەوە، لە کاتێکدا ڕاوتان بۆ حەڵاڵ نییە کە لە ئیحرامدان، بەڕاستی خودای گەورە فەرمان دەدات بە هەر شتێک کە بیەوێت.

**پێنجەم: پێکەوەژیانی سیاسییانە**

پێشتر باس کرا پەیوەندی نێوان موسڵمان

و نامـوسـڵـمـان، دەوڵـەتـی ئیـسـلامی و نـا ئیسلامی وەسـتـاوە لـەسـەر چاکـەو مامەڵەی باش، خـودای گـەورە فـەرمانی بە باوەڕداران کـردووە کە قبوڵی ئاشتی و ئاشتەوایی بکەن، ئەگەر دوژمنەکانیان ئـەوەیـان ویـسـت، خـودای گـەورە دەفەرمووێت (وَإِن جَنَحُوا لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ ۚ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ) واتـا: جا ئەگەر دوژمـنـان بـەلای ئاشتیدا دایـان شـکـانـد و حـەزیـان پـێ کـرد تـۆش ئامادەیی خـۆت دەربـڕە و پشت بـەخـودا ببەستە چونکە بەڕاستی ئەو زاتە بیسەرو زانایە. خـودای گـەورە بە پێغەمبەرەکەی دەفەرموێت: ئەگەر مەیلیان بەلای ئاشتی و وازهێنان لەجەنگ هەبوو، جا یان بە هاتنیان بـۆ نـاو ئیسلام یان بـە سـەرانـە دان یان ڕێکەوتن و هاوشێوەکانیان وەک هۆکارەکانی ئاشتی و ئاشتەوایی. ئەمەش بانگەشـەیەکی ڕاشـکـاوە بـۆ پێکەوەژیان لـەگـەڵ ئـەو دەوڵـەتـە دراوسـێـیـانـەی دژایەتی دەوڵەتی ئیسلامی و موسڵمانان ناکەن کە لەنێوانیاندا ئاشتی و ئارامی هەبێت، پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) جەخت لە پێکەوەژیان و هاریکاری لەگەڵ ناموسڵمان دەکات بۆ سەرخستنی ستەمدیدە و بـڵاوکـردنـەوەی ئـاشـتـی و ئارامی لە جیهاندا.

**حوکمی پشتبەستن بە ناموسڵمان**

جـەمـاوەری زانـایـان پێیان وایـە دروسـتـە داوای هاوکاری لە ناموسڵمان بکرێت لە بەشێک لـەو کارانـەی شـارەزان تێیدا بە مەرجێک بەشێک لە دینداریان نەبێت، جا شوێنکەوتەی کتێبە ئاسمانییەکان بن یان هاوبەشدانەر بن، لە چیرۆکی کۆچ بـەرەو مـەدیـنـەدا هـاتـووە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) عەبدوڵڵای کوڕی ئورەیقیتی بە کرێ گرت وەک ڕێنیشاندەر، لە کاتێکدا بێباوەڕ بـوو، بـەڵام شـارەزای ڕێگاکە بوو. زانایان ڕاجیان لە پشت پێ بەستنیان لە کاتی جەنگدا. جەماوەری زانایان لە کاتی پێویستدا ڕێگایان پێداوە، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئیسلام بڕوای بە پێکەوەژیان هەیە لەگەڵ کافران تەنانەت لەو بابەتە گرنگانەی نهێنی و ئەمانەتن. هـەروەهـا بـەڵـگـەیـە لـەسـەر ئەوەی کە دروستە لەو کارانە سوودیان لێ وەربگیرێت کە تێیدا شارەزان و سوودیان هەیە و متمانەداریشن.

## مشتومڕی ئایینی بەرگریکارانەی هێرشبەرانە بڕوای بە ئازادی گوزارشتی ئایینی نییە

**باسی دووەم: دیارترینی ئەو ئاڵنگاریيانەی بـەرەوڕووی پێکـەوەژیـانی ئـایـینی و کۆمەڵایەتی دەبێتەوە.**

پێکـەوەژیـانی ئایینی و کۆمـەڵایـەتی لە کۆمـەڵـگـە هـاوچـەرخـەکـانـدا بـەتـایـبـەت کۆمـەڵـگـا خـۆرئـاوایـیـەکـان ڕووبـەڕووی

چەندان لەمپەر یان ئاڵنگاری دەبێتەوە، پێش ئەوەی بەدی بێت لەبەردەچێت، دیارترینیان:

**یەکەم: دیاردەی ترسان لە ئیسلام (ئیسلامۆفۆبیا)**

کەسانێک لە خۆرئاوا هەڵدەستن بە دژایەتی ئیسلام یان پێغەمبەری ئیسلام و مێژووی ئیسلام. ڕۆژانەو بەدەیان شێوازی جیاواز دژایەتی موسڵمانان دەکەن، دەزگا ڕاگەیاندنەکانیان بە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا بڵاوی دەکەنەوە، بەڵام موسڵمانان بە لێدوان یان خۆپیشاندانی ئا شتیانە و وتاردان، یان بە وەڵامدانەوەیان لەڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە وەڵامیان دەدەنەوە، دەبینین ڕقلەدڵەکان بیانوو بە هەڵەتێگەیشتنی موسڵمانان دەهێننەوە، تۆمەتباریان دەکەن بە ناتێگەیشتوویی، یان زۆر هەستیاری، نەماندی موسڵمانان هەستیاری توندیان هەبێت ئەگەر گاڵتە بە عەقیدەی ئایینیان نەکرێت.

ئەم کارە گەیشتووە بە دەوڵەتە گەورەکانیش بەتایبەت ئەمریکا، کە پێیان وایە هەموو موسڵمانێک تیرۆریستن. ئایینی ئیسلامیش ئایینێکی تیرۆریستییە، تا ئەو ڕادەیەی ئیسلام سەرتاپای تیرۆریستییە و ئایینەکەشی ئایینی تیرۆریستانە، هەڵدەستن بە هۆنینەوەی زانیاری هەڵبەستراو تا لەگەڵ ئەو وەسفانەیاندا یەکبگرێتەوە.

کاتێک ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەر ڕوویدا پێی خۆشحاڵ بوون، چونکە بەشدارەکان لە موسڵمانان بوون وەک ئەوان دەیانوت، ئیتر پەنجەی تۆمەت بۆ هەموو موسڵمانان ڕاکێشرا، ئەوەیان بیر چووەوە کە ڕووداوی هاوشێوەی ئەوە لە ئەمریکا ڕوویداوەو ئەمریکییەکانیش پێی هەستاون، بەم شێوەیە تۆمەتبارکردنەکە بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە کە گوایە موسڵمانان کاری تیرۆریستیان ئەنجام داوە.

لەلای ئەوان ئەوە دەرکەوت کە ناویان نابوو (ئیسلامۆفۆبیا) واتا ترس لە ئیسلام، لە بیریان چووە کە جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان موسڵمان و ئیسلامدا، مەرج نییە هەر کارێک موسڵمانێک پێی هەستا بەتایبەت کاری خراپ بلکێنرێ بە هەموو ئیسلامەوە، ئایا ئەگەر ئەمریکییەک تاوانێکی ئەنجامدا دروستە گشتگیری بکەیت بەسەر تەواوی ئەمریکادا؟ یان هەڵەی مەسیحییەک بکرێتە ماڵ لەسەر ئایینی مەسیحی؟

پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ڕاستەقینەی فکری خۆرئاوا کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست باڵادەست بوو، بۆمان دەردەکەوێت کە بەشێک لە گەورە نووسەران بەو پەڕی ڕێزو شکۆ و شانازییەوە باسی ئیسلام و موسڵمانان و پێغەمبەریان کردووە.

بۆ نموونە نووسەرێکی گەورەی وەک تۆماس کارلیل کە دادەنرێت بە گەورەترین عەقڵی ئینگلیزی لەپاش

شکسپیر، پێغەمبەر و ژیاننامەکەی لە کتێبەکەیدا (پاڵەوانەکان) داناوە زۆر بە گەورە وەسفی کردووە، دەربارەی دەڵێت: هیچ شتێک لەو بەڵگەیە گەورەتر نییە لەسەر ڕاستییەتی پێغەمبەرایەتی محەممەد کە دامەزرێنەری ئایینێکە زیاتر لە دووسەد ملیۆن کەس خۆراکی ڕۆحیان لێوە وەردەگرن، زیاتر لە دوانزە سەدە خۆگر بوو لەبەردەم هێرشەکانی لەبەریەک هەڵوەشانی، پاشان دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت کە محەممەد لە هیچ مامۆستایەک وانەی نەخوێندووە، بۆم دەرکەوتووە کە محەممەد خوێندن و نووسینی نەزانیوە، هەر ئەوەی دەربارەی سارا و ژیانکردنی ئەوێی زانیوە، هەموو زانیارییەکانی ئەو ئەوە بووە کە بە چاو بینیوێتی و بە دڵ وەریگرتووە لەم گەردوونە بێکۆتاییەدا، بە خودا نەخوێندەواری محەممەد سەرسووڕهێن بووە.

هەمان شت لە فکری جان جاک ڕۆسۆی فەرەنسیدا هەبوو پاشان لەلای گۆستاف لۆبون بۆ لامرتین و لەوەوە بۆ گارودی و کەسانی تریش، هەموویان گەواهیدەری گەورەیی ئیسلام بوون، زۆر جوان باسی پێغەمبەریان (صلى الله عليه وسلم) کردووە، لە کاتێکدا موسڵمانیش نەبوون.

لەڕووی ژیارییەوە ئەو ترسە ڕاست نییە کە لە ئیسلام هەیانە، هیچ ڕاستیەتێکی نییە، بابەتەکە تەنها دژایەتی کردنی ئیسلامە پێش ئەوەی ئەو دژانە تێی بگەن، هەر لەبەر ئەوەیە ئەو شەپۆلە لە ترس و دڵەڕاوکێیە بووەتە نەخۆشییەکی دەروونی لەلای خۆرئاواییەکان، هەر بۆیە پڕوپاگەندەی ترس لە ئیسلام بڵاو دەکەنەوە و بە درۆی لە ئیسلام ترسان گەلەکانیان دەخەڵەتێنن، سۆز و هەڵچوونەکانیان پاڵ دەنێن لە دژی ئیسلام، هەر بۆیە ڕێگر دەبن لە بڵاوبوونەوەی خودی ئیسلام وەک حەقیقەتێکی ئایینی ئاسمانی لە کاتێکدا بیرمەند و فەیلەسووفە خۆرئاواییەکان دانی پێدا دەنێن و باوەڕی پێ دەهێنن.

کەواتە ئەم ترسە درۆینە هەڵبەستراوە تەنها سیاسەتێکە بۆ وەستان لەڕووی حەقیقەت، بۆ ئەوەی بە ناوەندی میللەتە ئەوروپییە هەژارەکەدا بڵاو نەبێتەوە، کە بەهۆی ئەو ژیارە مادییەوە هەژار کەوتوون نەبادا ڕۆحیان ببووژێنێتەوە، هاوسەنگی ماددی و ڕۆحی، جەستەیی و عەقڵیان بۆ دروست بکات، هەر بۆیە ڕێگری دەکەن لەوەی پێکەوەژیانیان بۆ دروست بێت لەگەڵ موسڵماناندا.

**دەرەنجامی کۆتایی گفتوگۆی نێوان ئایین و مەزهەبەکان بێگومان سەردەکێشن بۆ حاڵەتی هاوسەنگی و میانەڕەوی ئایینی**

**دووەم: دەرکەوتنی کۆمەڵە توندڕەووەکان**

توندڕەوی دیاردەیەکی کۆنی جیهانییە،

ڕیشەی مێژوویی هەیە، چەندان ڕەهەندی هەیە، هەندێک جار ئابوورییە، یان ڕەوشتییە یان سیاسییە، توندڕەوی لە کام ئاڕاستەوە بێت لە کۆتاییدا دەبێتە مەترسییەکی دڵڕەقانە، ئەو توندڕەوییەی کەسانێک دەیلکێنن بە ئیسلامەوە ستەمێکی گەورەیە چونکە توندڕەوی ئایین و نیشتمانی نییە.
توێژەری دادپەروەری عەقڵ کراوە و ویژدان زیندوو دەبینێت ئەو تاوانە توندڕەویانەی ڕۆژانە دەربارەی مافی خەڵکی بەگشتی دەکرێن ڕاستییەکەی ئەوەیە کە "توندڕەوی بێ ئایینە و زادەی دەمارگیرییە، بریتییە لە لادانی فکری و ئایدۆلۆژی، هەموو ئایینەکان بانگەشەی خۆشەویستی و ئاشتی دەکەن. ئیسلام ئایینی میهرەبانییە، خودای گەورە پێغەمبەری ئیسلامی نەناردووە (تەنها بە ڕەحمەت نەبێت بۆسەر هەموو جیهانیان).
کۆمەڵگای ئیسلامی لەم ساڵانەی کۆتاییدا بەدەستی دەرکەوتنی چەند گروپێکی دەمارگیری توندڕەووەوە دەناڵێنێت، ئەو کۆمەڵانە بەبێ جیاوازی ناوەکانیان، خەریکی بەکافردانانی کۆمەڵگەن، خوێنی بێتاوان حەڵاڵ دەکەن، وێرانە و کاولکاری بە زەویدا بڵاو دەکەنەوە، عەقیدەی ئیسلامی بە باوەڕ و شەریعەتەکەیەوە دژایەتی ئەو کارانە دەکات.
لەژێر ڕۆشنایی ئەمەدا پێویستە تەواوی دەوڵەتانی جیهان بەرەوڕووی ئەم دیاردەیە ببنەوە و دژایەتی بکەن و بەری پێ بگرن، هەروەها دژایەتی هەموو ئەو لایەنانە بکەن کە پاڵپشتی لەو ڕێکخراوە توندڕەوانە دەکەن و هەموو ئەو دەنگانەش کە برەو بە تائیفەگەری دەدەن، بە هەموو جیهان دەڵێین: ئیسلام ئایینێکە برایەتی و ئاشتی و خۆشەویستی و چاوپۆشی لەنێوان خۆیی و تەواوی مرۆڤایەتیدا دروست دەکات، بەپێچەوانەی ئەوەی دڵڕەقان باسی دەکەن، لەم بارەیەوە دەقی قورئانی زۆرە کە بانگەشەی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی ناو مرۆڤەکان دەکات، بەبێ جیاوازی لایەنداری و عەقیدە و بنچینەیان.

**سێیەم: هەڵوێستی فیقهییانەی توند.**
کێشەی سێیەم کە ڕووبەڕووی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و بنەمای هەڵسوکەوتی مرۆڤانە دەبێتەوە لە ئیسلامدا، ئەویش ڕاڤەکردنی بەشێک لە هەڵوێستی فیقهییانەی توندە، کە وا دەردەکەوێت کە دژە بە گیانی پێکەوە ژیان و هەڵوێستی مرۆڤانە.
ئەوەی ڕاستە ئەوەیە کە ئیسلام ڕێگری ناکات لە کاری هاوبەش لەگەڵ لایەنی تر لە شوێنکەوتەی ئایین و بیروباوەڕەکان، بەپێی جیاوازی ئاستیان، ئەو شتەی ئیسلام ڕێگری دەکات کە ناو دەبرێت بە (دەستوەردان لە ژیانی تایبەت) لە سەر ئاستی خواردن و پۆشین و خەوتن و ..هتد، لە لایەک بە ئامانجی پارێزبەندی

خودیە بۆ موسڵمان و لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەی ئەوانی تر هەست بکەن کە لەسەر ئاڕاستەیەکی دروست نین.


## پێویستە پەیوەندی هەبێت لەنێوان سەربەخۆیی گفتوگۆی نیوان ئایینەکان و بنەمای سەربەخۆیی ئایینەکان

## کۆتایی

یەکێک لە نیشانە دیارەکانی خۆرئاوا لەپاش ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەر، ئاشکراکردنی دژایەتییانە بۆ ئیسلام و موسڵمانان، بەڵام لەسەر موسڵمان پێویستە گرنگی بدات بە پێکەوەژیان لە کۆمەڵگای موسڵمان و ناموسڵماندا ئەگەرچی ئایین و مەزهەبیشیان جیاواز بێت، بێگومان شوێنەواری گەورە جێ دەهێڵێت کە وێنەی ڕاستەقینەی عەقیدە و ئایینەکەمان پیشان بدەین. هەروەها دەبێت پەیوەندی موسڵمان و ناموسڵمان یان دەوڵەتی ئیسلامی و نائیسلامی لەسەر بنەمای چاکەو ڕەفتاری باش بێت.

ئێستا باس لە جوانییەکانی ئیسلام و ناسنامە ڕاستەقینەکەی دەکرێت و لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپی و ئەمریکییەکاندا بووەتە باسی ڕۆژ، ئەمەش جەخت لە پێویستی بانگەواز دەکاتەوە بۆ لای خودای گەورەو ئیشکردن بۆ ناساندنی ئیسلام و ڕێنماییە بەرزەکانی.

هەروەها دەبێت پێکەوەژیانی نێوان موسڵمانان و نێوان موسڵمان لەگەڵ ناموسڵماناندا لە شوێنکەوتەی ئایینەکانی تر، لەسەر بنەمای متمانە و ڕێزی هەردوولا بێت، لەپێناو چاکە بێت بۆ مرۆڤایەتی، لەو بوارانەی گرنگی هاوبەشی هەیە، ئەوەی کە بەرکەوتەی نزیکی دەبێت لەگەڵ ژیانی مرۆڤ، نەک لە شتانێکی بێکەڵکدا.



# گفتوگۆ

ئایینناسی

# د. مەهدی قادر: هزری میانەڕەوی ئایینی گەورەترین خزمەت بە پێکەوەژیان دەکات

گفتوگۆی: ئیدریس سیوەیلی

لەم گفتوگۆیەدا، د. مەهدی قادر مامۆستا لە کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان، تیشك دەخاتە سەر پێکەوەژیان لە دیدی ئایینە جیاوازەکان و دەڵێت "تێڕوانینی ئایینەکان بۆ پێکەوەژیان جیاواز و ڕێژەییە"، دەربارەی گرنگی و میکانیزمی قوڵکردنەوەی پێکەوەژیان چەندین پێشنیار دەخاتەڕوو، ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە گرنگی بدرێت بە دەنگی نەرم و میانەڕەو و تەفسیری زانستی بۆ دەقە ئایینییەکان.

**ئایینناسی: مەبەست لە پێکەوەژیانی ئایینی چییە؟**

د. مەهدی قادر: پێکەوەژیانی ئایینی واتە پێکەوەژیانکردنی شوێنکەوتوانی ئایینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بە هاوبەشی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و قبوڵکردنی جیاوازی و ئازادی ئایینی و کارکردنی هاوبەش لەپێناو بەرپاکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئارامی لە نێوان مرۆڤەکاندا، بە ئامانجی یەکترناسین و گفتوگۆ و بڵاوکردنەوەی خێر و خۆشی لە

نێوان هەڵگرانی ئایینەکاندا بێ جیاوازی. پێکەوەژیان بریتییە لە ئاشتبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ خۆی، لەگەڵ برای باوەڕداری، لەگەڵ باوەڕدارانی ئایینەکانی دیکە، بەڵکو لەگەڵ مرۆڤایەتیدا.

پێکەوەژیانی ئایینی لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت (التعايش الديني)، ئەم چەمکە لە قورئانی پیرۆزدا نەهاتووە، بەڵام پایەکانی پێکەوەژیان ئایینی باس کراوە، وەک ئازادی ئایینی و پیرۆزی ژیانی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤ و گفتوگۆی نێوان ئایینەکان (وجادلهم بالتي هي أحسن) و (التعاون على البر والتقوى)، وبرایەتی نێوان مرۆڤەکان و چەندین چەمک و بنەمای تر.

**ئایینناسی: ئایینەکان بە گشتی و ئیسلام بە تایبەت چۆن دەڕوانێتە پێکەوەژیان؟**

د. مەهدی قادر: تێڕوانینی ئایینەکان بۆ پێکەوەژیان جیاواز و ڕێژەییە، لە ڕووی جۆرێتیشەوە جیاوازە، چونکە بابەتی پێکەوەژیان هەڵوێستێکی بەڵگەیی ئایینییە، واتە دەبێت پێکەوەژیان وەک هەڵوێستی مرۆڤ جیا بکەینەوە لە پێکەوەژیان لە ڕوانگەی دەقی پیرۆز و ئایینەکەوە.

زۆر جار شوێنکەوتوانی ئایینێک بانگەشەی پێکەوەژیان دەکەن، بەڵام دەقە پیرۆزەکانی ئایینەکەیان ڕێگە بە پێکەوەژیان نادەن، دان بە ئازادی ئایینی و کەرامەتی مرۆڤەکانی دیکەدا نانێت، ئەمەش گرفتە، بۆ نموونە ئایینی یەهودی هەڵوێستی بەرامبەر دەرەوەی خۆی زۆربەی کات نێگەتیڤە، بڕوای بە ئازادی ئایینی نییە، هەر کەسێک جوو نەبێت کەرامەتێکی نییە، تەنانەت ژیان و ماڵ و ناموسی پارێزراو نییە. بە تایبەت ئەگەر لە ڕوانگەی دەقەکانی تەلمودەوە سەیری بکەین، بەڵام ئایینی مەسیحی تا ڕادەیەکی زۆر بڕوای بە بنەماکانی پێکەوەژیان هەیە، بۆ نموونە دەقەکانی ئینجیل بە ڕێزەوە باسی مرۆڤ دەکات، ئەگەر مەسیحیش نەبێت، تەنانەت داوا دەکات کە دوژمنەکانتان خۆشبوێت، ئەو کەسانە پیرۆز بکەن کە نەفرەتتان لێدەکەن، نزا بکەن بۆ ئەو کەسانەی کە دەتانچەوسێننەوە.

هەڵبەت ئەمە مانای ئەوە نییە کە لە مەسیحیەتدا دەقی پیرۆز نەبێت باسی جەنگ و نەفرەت لە خراپەکاران و پیاوانی ئایینی لاری یەهودی بکات، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئایینی مەسیحی کراوەتر و ئاشتیخوازترە لە ئایینی یەهودی. چەندین هۆکاری جیاواز هەیە کە یەهودییەکان خۆیان بە گەلی هەڵبژاردەی خودا بزانن و گەلانی تریش بە خزمەتکار. ئایینی مەسیحی و یەهودی زۆر کەم باسی ئازادی ئایینی و گفتوگۆی نێوان ئایینەکانیان کردووە. ئایینی مەسیحی لە ساڵی ١٩٦٢ – ١٩٦٥ گفتوگۆی ئایینەکانی ڕێگە پێدا.

هیچ ئایینێک بە ئەندازەی ئیسلام بڕوای

به‌ پێكه‌وه‌ژیان نییه‌، ده‌قه‌كانی قورئانی پیرۆز و فه‌رمووده‌ له‌ ده‌یان لایه‌نه‌وه‌ كاریان كردووه‌ بۆ دارشتنی بنه‌ماكانی پێكه‌وه‌ژیان و خاڵه‌ هاوبه‌شه‌كان و گفتوگۆ و لێبورده‌ی و ئازادی ئایینی، ته‌نانه‌ت قورئانی پیرۆز ده‌سه‌ڵاتی نه‌داوه‌ به‌ پێغه‌مبه‌ر (درووددی خوای له‌سه‌ر بێت) كه‌ زۆر له‌ هیچ كه‌سێك بكات بۆ باوه‌ڕهێنان (لست علیهم بمسیطر)، (وما علی الرسول إلا البلاغ). ئایینی ئیسلام تیۆریای پێكه‌وه‌ژیانی له‌سه‌ر چه‌ند بنه‌مایه‌ك داناوه‌، ئه‌وانیش:

**یه‌كه‌م**: دارشتنی بناغه‌كانی پێكه‌وه‌ژیانی ئایینی، وه‌ك:

١ - ئازادی ئایینی: (لاَ إِكْـرَاهَ فِي الـدِّينِ) (البقرة: ٢٥٦) و په‌رستشه‌ ئایینیه‌كان.

٢ – پاراستنی كه‌رامه‌تی مرۆڤه‌كان جا هه‌ر ئایینێكی هه‌بێت: (وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ) (الإسراء: ٧٠).

٣ - پاراستنی ژیانی مرۆڤ بێ جیاوازی ئایینی: (مَن قَتَلَ نَفْساً بِغَيْرِ نَفْسٍ) (المائدة: ٣٢).

٤ – برایه‌تی ئاده‌می (هه‌مووتان كوڕی ئاده‌م و حه‌وان)، (يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاء) (النساء: ١).

٥ – دانانان به‌ جیاوازی ئایینیدا (وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لآمَنَ مَن فِي الأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعاً أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُواْ مُؤْمِنِينَ) (یونس: ٩٩).

٦ – ته‌نیا خودا مافی هه‌یه‌ داده‌وه‌ری بكات له‌ نێوان ئایینه‌كاندا: (إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئِينَ وَالنَّصَارَى وَالْمَجُوسَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا إِنَّ اللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ) (الحج: ١٧).

**دووه‌م**: هاریكاری و كاری هاوبه‌ش:

ئایینی ئیسلام بڕوای به‌ هاریكاری و كاری هاوبه‌ش هه‌یه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌وانی تردا، كاركردن له‌سه‌ر خاڵه‌ هاوبه‌شه‌كان، پێكه‌وه‌یی و هه‌ره‌وه‌زی له‌و شتانه‌ی چاكه‌ و خێرن، لێبوردن و چاوپۆشی به‌رامبه‌ر جیاوازییه‌كان، بۆ نموونه‌:

١ - گفتوگۆ و كۆبوونه‌وه‌ له‌سه‌ر خاڵه‌ هاوبه‌شه‌كان: (قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئاً...) (آل عمران: ٦٤)، ئه‌م ئایه‌ته‌ داوای گفتوگۆ و حیواری ئایینی ده‌كات، پاشان كۆبوونه‌وه‌ له‌سه‌ر (كَلَمَةٍ سَوَاء)، كه‌ خاڵی هاوبه‌شی نێوان ئایینه‌كانه‌ وه‌ك خواپه‌رستی ...

٢ - كاری پێكه‌وه‌یی له‌سه‌ر خێر (وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ) (المائدة: ٢). (البر) ئه‌وه‌نده‌ فراوانه‌ هه‌موو كارێك ده‌گرێته‌وه‌ كه‌ چاكه‌ی خه‌ڵكی تێدا بێت.

٣ - ده‌ستووری مه‌دینه‌ كه‌ پێغه‌مبه‌ری ئیسلام به‌ هاریكاری موشركین و یه‌هودی مه‌دینه‌ نووسیه‌وه‌، داوای كاری هاوبه‌ش و پاراستنی به‌رژه‌وه‌ندی گشتی و ژیان و ژیار و سه‌روماڵی هه‌موان ده‌كات.

**سێیەم: بەهێزکردن و پتەوکردنی پێکەوەژیان:**

ئیسلام بە کرداری ژینگەیەکی لەبار دەڕەخسێنێت بۆ پێکەوەژیانی ئایینی، هەر بەوە ناوەستێت کە بناغەکانی پێکەوەژیان دابنێت و هاریکاری ئایینی بکات، بەڵکو لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە بەشداری تەواو بە پێکهاتە ئایینییەکانی دیکە دەکات لە کۆمەڵگەدا، لەوانە:

١ - کاسە دراوسێیەتی: هیچ شتێک بە قەد ئەوە مرۆڤ دڵخۆش ناکات کە دراوسێکەی هاوبەشی خۆشی و ناخۆشییەکانی بێت. لە سەردان و بەشداریی خوانی یەکتر ئەم هەستە قووڵتر دەبێتەوە. خودا ڕێگەی داوە موسڵمان نانی مەسیحی و جوولەکە بخوات. پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت) خۆی و هاوەڵەکانی لەسەر خوانی ژنێکی جوولەکە کۆبوونەوە دوای خەیبەر. هاوەڵان لە خێزانەکانیان دەپرسی: ئایا خواردنتان بەشی دراوسێ جووەکە ناردووە؟ ئەم کاسە دراوسێتییە مانای زۆر گەورەی کۆمەڵایەتی هەیە.

٢ - هاوسەرگیری و خزمایەتی: خوای گەورە ڕێگەی داوە ئافرەتانی مەسیحی و جوو ببنە هاوسەری پیاوی موسڵمان. زانایانی ئیسلام وەک ئیمامی ئەحمەد و ئیمامی مالیک ڕایان وایە هاوسەرەکە هەموو مافێکی ئەنجامدانی دروشمە ئایینیەکانی خۆی هەیە و ئازادە لەسەر ئایینی خۆی بمێنێتەوە.

٣ - مامەڵەی بازرگانی: ئەمەش ڕێگەیەکی ترە بۆ تێکەڵاویی و پێکەوەژیانی ئایینی مرۆڤی موسڵمان لەگەڵ شوێنکەوتوانی ئایینەکانی دیکە. پێغەمبەری ئیسلام (دروودی خوای لەسەر بێت) خۆی کڕین و فرۆشتنی لەگەڵ جوولەکەکانی مەدینە کردووە،

٤ - سەردانی نەخۆش و بەشداری پرسەی مردووەکانیان. هەروەها دروستە بەشداری پرسە و ماتەمینی و ناخۆشییەکانیان بکرێت و دوعای بەرەکەتیان بۆ بکرێت لە ماڵ و منداڵدا.

٥ - دراوسێیەتی باش: بە گوێرەی دەستووری مەدینە جولەکەکان ئوممەتێک بوون لەگەڵ موسڵمانان، واجبە لەسەر مرۆڤی موسڵمان ئەرکی دراوسێیەتی باش بەجێ بهێنێت، وەک سڵاوکردن، پاراستنی سەر و ماڵ و ناموسیان، بەشداریکردنی خۆشی و ناخۆشییان، دادپەروەری لە ڕەفتاردا.

٦ - یارمەتیدانی هەژاران و بەخشینیان لە جزیە: مرۆڤی موسڵمان زەکات لە ماڵەکەی دەردەکات و بەشداریی پاراستنی وڵاتیش دەکات بە خزمەتی سەربازیی، بەڵام ئەهلی کیتاب لە خزمەتی سەربازیی بەخشراون لە بەرامبەردا جزیە دەدەن. هەر چوار مەزهەبەکە لەسەر ئەو ڕایەن کە ژن و منداڵ و شێت جزیەیان لەسەر نییە، تەنانەت هەژارەکانیش نەک لە جزیە دەبەخشرێن بەڵکو لە بەیتولماڵ یارمەتی دارایی دەدرێن.

٧ - پاراستنی پەرستگاکانیان: گرنگترین

ڕێگەی کـــرداری پێکـەوەژیـانـی ئـایـینی پاراستنی موقەددەساتی شوێنکەوتوانی ئایینەکانی تره، ئەمەش فەرمانی خودایە وەک دەفـەرمـوویـت: (وَلَــوْلَا دَفْـعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيراً) (الحج: ٤٠)، خـوای میهرەبان پاراستنی (صەوامیع) و (بیع) و (صلوات)ی خستۆتە پێش (مساجد). گرنگترین بەندی ڕێککەوتننامەی پێغەمبەری ئیسلام لە لەگەڵ مەسیحییەکانی نەجران و ئیمامی عومەر لەگەڵ مەسیحەکانی قودس، کە ناسراوە بە (العهده العمرية) بریتییە لە پاراستنی کەنیسە و سەربەخۆیی ئایینی.

٨ - سـەردانـیـان لـە پەرستگاکانیان: بە ئامانجی تۆخکردنەوەی پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئایینی، پێغەمبەری ئیسلام (درودی خـوای لـەسـەر بێت) سـەردانی (مدارس)ی یەهودیەکانی کردووە.

٩ - ڕێـکـکـەوتـنـنـامـەی ئـاشـتی: پێشتریش ئـامـاژەم پـێـدا پـێـغـەمـبـەری ئـیـسـلام و خەلیفەکانی ڕاشیدین ڕێککەوتننامەیان کــردووە لـەگـەڵ جــووەکـانی مـەدیـنـە و مـەسـیـحـیـیـەکـانی نـەجـران و قــودس و چـەنـدیـن ڕێـکـکـەوتـنـنـامـەی تـر. ئامانج لەو ڕێککەوتننامانە پاراستنی پەیوەندی ئاشتیانەی نێوان ئایینەکانە.

١٠ - پێدانی پۆستی سیاسی و ئیداری لـە وڵاتــدا: بـۆ گـەشـەپـێـدانی زیـاتـری پێکەوەژیانی ئایینی.

لـە قـۆنـاغـە جـۆراوجـۆرەکـانـی مـێـژووی ئیسلامیدا مەسیحی و جووەکان چەندین پۆستی بـاڵایـان پـێـدراوە لـەنـاو خیلافەت و ئەمارەتە ئیسلامییەکاندا، ئادەم متز لـە کتێبی (شـارسـتـانـیـەتی ئیسلامی لە سـەدەی چـوارەمی هـیـجـری)دا دەڵێت: دەتـوانـیـن بڵێین مـەسـیـحـیـیـەکان بـوون کـە فـەرمـانـڕەوای جیهانی ئیسلامیان دەکـرد، وەزارەتـی ئـابـووری تـایـبـەت بوو بە مەسیحەکان لە دەوڵـەتی ئەمەویدا. لە دکتۆرا نامەکەمدا ناوی زۆربـەی ئەو وەزیـر و کاربەدەستانەم بـاس کـردووە. نـووسـەری مـەسـیـحی کمیل حشیمە لە پێشەکی کتێبی (وزراء النصرانية وكتابها في الإسلام) دەنووسێت: دەتوانین نزیکەی ٣٠٠ وەزیـر و کاربەدەست و ئەفسەر و پلەدار بژمێرین لە مێژووی ئیسلامیدا.

**زۆرجار شوێنکەوتوانی ئایینێک بانگەشەی پێکەوەژیان دەکەن، بەڵام دەقە پیرۆزەکانی ئایینەکەیان ڕێگە بە پێکەوەژیان نادەن**

سـەرەڕای دەیـان ڕێـگـەی تـری گشتی، وەک دادپـەروەری کۆمەڵایەتی، یەکسانی لـە بـەردەمی یـاسـا، کـڕیـن و فـرۆشتن و موڵکیەتی تایبەت و پاراستنیان لە ستەمی ناوخۆیی و پارێزگاریان لە هێرشی دەرەکی. هـەمـوو ئـەم خـاڵانـە و چـەنـدیـن ڕێـگـەی تـر بـە کـرداری بـەهـای پێکەوەژیانی ئایینی

لە ئیسلامدا قووڵ کردووەتەوە و زۆر لە پێش ئایینەکانی ترەوەیە، بەڵکو هیچ سیستەمێکی سیاسی و دەوڵەتی مۆدێرن بەم شێوەیە پێکەوەژیانی ئایینی نەکردووە بە کولتووری گشتی و فەرمانی خودایی.

ئایینناسی: باشووری کوردستان کۆمەڵگەیەکی فرە ئایینییە، پێکەوەژیانی ئایینی چ جێگەوتەیەکی لەسەر جێدەهێڵێت؟

د. مەهدی قادر: بە ڕاشکاوی دەبێت بڵێم فرە ئایینی و فرە نەتەوەیی بۆ خاکێکی بێ دەوڵەتی وەکو باشووری کوردستان باش نییە، هەڵبەت ئەم قسەیە لە ڕووی جیۆسیاسییەوە دەکەم، چونکە باشترین شت بۆ گەلی بێ دەوڵەت ئەوەیە کە یەک ئایین و یەک کتێبی پیرۆز و یەک دیالێکتی ئاخاوتن و نووسینی هەبێت، ئەمە دەوڵەتبوون ئاسانتر دەکات. بە ڕای من داتاشینی ئایین و نەتەوەی زۆر بۆ باشووری کوردستان کارێکی ژیرانەی سیاسی نییە، بەڵام ئێستا باشووری کوردستان فرە ئایین و نەتەوەیە.

بۆیە ئەگەر پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی نەبێتە تەونێکی کۆمەڵایەتی، مەترسیی گەورە لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی دروست دەکات، ئێمە تەنیا یەک هەڵبژاردەمان هەیە، ئەویش پێکەوەژیانی ئایینی و قبوڵکردنی جیاوازییە ئایینی و نەتەوەیی و ئەتنییە جیاوازەکانە: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا..) (الحجرات: ١٣)، یەکترناسین ئامانجە. دەتوانرێت ڕەنگ و بۆی جیاواز ببەخشێت بە باشووری کوردستان، دەکرێت بکرێتە کەناڵێکی گەورەی ئاڵوگۆڕی کولتووری و ئەزموونی ئایینی و بنەما شارستانییەکان، هەر هەنگاوێکی پێچەوانەی ئەمە ئاشتی کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان تێک دەدات، پێویستە پێکهاتە ئایینییەکان ئیستفزازی یەکتر نەکەن، ڕێزی ئایینی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بگرن کە ئیسلامە.

**ئایینناسی: کەم نین ئەو دەنگانەی لە مزگەوت و سۆشیال میدیاوە، لە ڕێگەی وتار و فەتواوە بانگەشەی حەقیقەتی ڕەها دەکەن، دژ بە پێکەوەژیان دەدوێن و توندڕەوی بڵاو دەکەنەوە، ئەمە چ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی دروست دەکات؟**

د. مەهدی قادر: بە ڕای من یاسایەکی بنەڕەتییە کە دەبێت ماف بە هەر کەس و گرووپێک بدەین خۆی بە ڕاستترین بزانێت، ئەمە شتێکی نۆرماڵە، هیچ ئایین و ئاییننزایەک نییە خۆی بە ڕاستی ڕەها نەزانێت، ئەگەر خۆی بە ڕاست نەزانیایە بانگەشەی بۆ نەدەکرد، بە ڕای من ناکرێت و نابێت مرۆڤ شوێن ئایین و بیر و باوەڕێک بکەوێت کە بە ڕاستی نازانێت، بەڵکو عەقیدە و بیر و باوەڕی باوی هەر ئایینێک ئەوەیە: خۆم ڕاستم ئەوانی تر هەڵەن، خۆم حەقم ئەوانی تر باتڵن. بەڵام هەر ئەو کاتەی کە خۆت پێ ڕاستە

و ئەوانی دیت پێ هەڵە و باتڵە، لەم کاتەدا دەبێت بڕیار بدەیت لەگەڵ ئەو باتڵ و هەڵەیەدا هەڵ بکەیت، لەگەڵی بژیت، چونکە خودا ڕێگەی داوە مرۆڤەکان ئازاد بن و لەو ئایین و بیر و باوەڕەی کە هەڵیدەبژێرن.

خۆ ئەگەر خودا بیویستایە هەموو خەڵکی لەسەر یەک دین و باوەڕ کۆ بکاتەوە، ئەوە بۆ خودا زۆر ئاسان بوو، بەڵام خودا لەبری زۆر لێکردن ئازادی ئایینی و ئیختیاری بە مرۆڤ بەخشیوە، بۆ ئەوەی تاقی بکاتەوە، چاکە و حەق هەڵدەبژێرێت یان خراپە و باتڵ، لە واقیعدا خەڵک فرە ئایین و فرە عەقیدەیە و خودا بە جیاوازی دروستی کردوون، بۆیە ئەگەر بانگخوازێک، زانایەکی ئایینی ئایینەکەی خۆی پێ ڕاست و ڕەها بێت زۆر ئاساییە، بەڵام نائاساییە دژی ئازادی ئایینی بێت، دژی پێکەوەژیان بێت، چونکە ئەم دوو بەهایە لە قورئانی پیرۆز و ڕەفتاری پێغەمبەری ئیسلامدا ڕوون کراوەتەوە و جێبەجێ کراوە، مەگەر خودا بە باتڵی قورەیش نافەرموێت: (لکم دینکم)؟ مەگەر پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) لە مزگەوتی خۆی لە مەدینە پێشوازی لە مەسیحییەکانی نەجران نەکرد؟ ماوەی چل ڕۆژ خزمەتی نەکردن؟ هەر ئەوان بوون دەیانگوت عیسا کوڕی خودایە، لە خاچ دراوە، گۆشتی بەراز و عارەقیان پێ حەڵاڵ بووا بەڵام پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) گفتوگۆی لەگەڵ کردن، بۆی ڕوونکردنەوە، بەڵگەکانیان لاوازە لەسەر عەقیدەیان بەرامبەر عیسا (علیه السلام): (إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ اللَّهِ كَمَثَلِ آدَمَ ...) (آل عمران: ٥٩).

جیاوازی نەبووەتە ڕێگر و نابێت ببێتە ڕێگر بە دروشمی: (إِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَىٰ هُدًى أَوْ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ) (سبأ: ٢٤)، خۆی بە لاوە ڕاستترینە، بەڵام لە هەمان کاتدا زوبانی گفتوگۆ و بانگەوازی نەرمە، لە هەرێمی کوردستان دەنگی زاڵ و زوڵاڵ دەنگی حیوار و پێکەوەژیانە، موسڵمان وەک دۆستێکی نزیک مامەڵە لە تەک ئەوی تردا دەکات، سوپاس بۆ خوا ئەو دەنگە زبر و گڕانە کەمینەن.

### ئەگەر پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی نەبێتە تەونێکی کۆمەڵایەتی، مەترسی گەورە لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی دروست دەکات

لە جیهانی ئەمڕۆشدا سێ تەیاری فیکری هەیە بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تر:

**یەکەم:** ڕەوتی ڕاستی ڕەها: کە پێی وایە تەنیا ئایینەکەی خۆی ڕاستە و ئایینەکانی تر باتڵن، تەنیا شوێنکەوتوانی ئەم دینەش دەچنە بەهەشتەوە، هەرسێ ئایینە ئاسمانییەکە، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری ئایینەکانی دیکەش ئەم بانگەشەیە دەکەن.

**دووەم:** ڕەوتی ڕاستی گشتگیر و ڕزگاری بۆ هەموان: ئەم ڕەوتە پێیوایە یەک ئایین ڕاستە، بەڵام شوێنکەوتوانی ئایینەکانی تریش دەکرێت خوا ڕزگاریان بکات و بچنە بەهەشتەوە.

لەوانەیە ئەم دەنگە لەناو هەندێک ئەدەبیاتی ئیسلامدا هەبێت کە دەڵێت: کەسانێک کە تەبلیغی دینیان پێ نەگەیشتووە (البلاغ المبین) و ئیقامە حوجەیان لەسەر نەکراوە، حوکمیان لای خودایە و دەکرێت ڕزگار بن (وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولاً) (الإسراء: ١٥).

ڕەوتی سێیەم: فرە ئایینی و یەک ئایینی: ئەم ڕەوتە پێیوایە هەموو ئایینەکان ڕاستن، یان بەشێکی زۆر ڕاستییان تێدایە و شوێنکەوتوانیان بێگومان دەچنە بەهەشتەوە.

لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا ئەوانەی باوەڕیان بە (وەحدة الأدیان) هەیە، وەک (حەلاج: ٣٠٩هـ) و (ئیبن عەرەبی: ٦٣٨هـ)، بە جۆرێک لە جۆرەکان چارەسەری فرە ئایینییان کردووە، یان وتوویانە مەزهەبی ئەوان هەموو ئایین و مەزهەبەکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و هەموان ڕزگاریان دەبێت. هەڵبەت هەر سێ ڕەوتەکە بۆ بیروبۆچوونەکانیان بەڵگەی ئایینی و عەقڵیان هێناوەتەوە، هەڵسەنگاندن و ڕانانی ئەم بۆچوونانە بابەتێکی ترە و بۆ ئەم شوێن و کاتە ناگونجێت.

بەڵام ئەوەی گرنگە بیڵێم: هەر سێ ڕەوتەکە باوەڕیان بە پێکەوەژیان هەیە، بۆیە ئەو دەنگانەی دژی پێکەوەژیانن پێشی هەموو شتێک دژی بنەما ئایینییەکانن، بێگومان هەر چەندە کەمینەن دەتوانن ئاشتی کۆمەڵایەتی تێکبدەن، لەم نێوەندەدا پێویستە زۆر سوپاسی ڕۆڵی زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بکەین کە زۆرینەی ڕەهایان بانگەشە دەکەن بۆ پێکەوەژیانی ئایینی و مینبەری مزگەوتەکانیان کردووەتە هەوێنی تەبایی، و پاشان بانگەشە بۆ حەقانیەتی ئیسلام دەکەن بە بەڵگەی عەقلی و نەقلی و مافی خۆشیانە.

**ئایینناسی: هەندێک گرووپ بە پاساوی دۆستایەتی و دوژمنایەتی (الولاء والبراء) دژی پێکەوەژیان دەوەستن، سەرنجی بەڕێزتان لەو بارەیەوە چییە؟**

د. مەهدی قادر: وەلائ و بەڕاء واتە: خۆشویستنی ئیسلام و موسڵمانان و سەرخستن و پشتیوانییان، ڕقبوونەوە لە کوفر و کافران و خۆبەریکردن لێیان. ئەم هەڵوێستە دژ نییە لەگەڵ پێکەوەژیانی ئایینی، واتە لەگەڵ ئەوانی تر پێکەوە دەژین و پابەندی دەبین بە بیری وەلائ و بەڕائەوە، پێکەوەژیان کرداری ڕۆژانەیە ( ولاء و براء) هەڵوێستێکی دەروونییە و لە دڵدایە زیاتر.

ئەم بابەتی (ولاء و براء)ە بابەتێکی فیقهییە زیاتر لەوەی عەقیدەیی بێت، بەگوێرەی سەردەم و کات و بەرامبەرەکان دەگۆڕێت، پێویستە مرۆڤی موسڵمان هەمیشە موسڵمانی خۆشبوێت،

دینەکەی خۆی سەربخات، هەرگیز کافران زاڵ نەکات بە سەر ئیسلام و موسڵمانانەندا. لە کاتی جەنگی سارد و گەرمدا لە بەرەی موسڵمانان بێت، پابەند بێت بە عەقیدە و بیروباوەڕی خۆیەوە، تەنازول نەکات لە بنەما ئایینییەکانی، بەڵکو پابەند بێت بە حەلاڵ و حەرام، شوێنگۆڕکێیان پێ نەکات، دەستبەرداری بانگەواز و هیدایەتی خەڵکی نابێت، ئەمە (ولاء و براء)ە، هیچ کام لەو هەڵوێست و بیرکردنەوانە دژ نییە لەگەڵ پێکەوەژیان. (براء) بریتییە لە ڕقبوونەوە لە کوفر، بەڵام یەکسان نییە بە دژایەتی کافر. چونکە دژایەتی موسڵمان بۆ کافر لەبەر کوفر نییە، بەڵکو لەبەر دوژمنایەتی و دەستدرێژی و هێرشیەتی بۆ سەر موسڵمانان، پاشان ئەم پێکەوەژیانە لەگەڵ پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگەی خۆتە، نەک کوفری دەرەوەی سنووری دەوڵەت و خاک.

ئێستا وەک سەرەتای ئیسلام نییە کە (دار الاسلام) و (دار الکفر) جیاواز بن، ئێستا جیهان هەمووی (دار الدعوة)یە، (دار الکفر) نەماوە بەمانا تەقلیدییەکەی جاران، هیچ وڵاتێکی ئەوروپی و ڕۆژئاوایی نییە کە موسڵمانی تێدا نەبێت. هەرچەندە پێکەوەژیان ڕووی لە دەرەوەی سنووری دەوڵەتی خۆت نییە، بەڵکو کرداری ڕۆژانەیە لەگەڵ پێکهاتەی شارەکە و گەڕەکەکەی خۆت.

ئەم هاونیشتمانییە - جا مەسیحی بێت یان یەزیدی یان جوو یان یارسان و زەردەشتی - بازنەی هاووڵاتی بوون و دراوسێیەتی و هاوزمانی و مرۆڤایەتی و بەرژەوەندی هاوبەشی کۆمان دەکاتەوە.

(البراء) لە کاتی جەنگدا دەردەکەوێت نەک ڕاگەیاندنی ڕق لە ئەوانی تر. تەنانەت ئەگەر ڕقیش داوا کراو بێت ڕقە لە کوفر نەک لە کافر؟ دەکرێت خۆشت نەوێت، بەڵام بە ئاشتی لەگەڵیدا بژیت، بەڵکو واجبکراوە موسڵمان ئەوانی تر بیپارێزیت لە موسڵمانێکی ستەمکار. کەواتە بابەتی (ولاء و براء) بەو ڕەهاییە نییە، پێویستە ئایاتی ئەم بابەتە لە شوێنی خۆی و سنووری دیاریکراوی خۆیدا بە کار بێت.

**ڕەوتی ڕاستی گشتگیر و ڕزگاری بۆ هەموان: ئەم ڕەوتە پێیوایە یەک ئایین ڕاستە، بەڵام شوێنکەوتوانی ئایینەکانی تریش دەکرێت خوا ڕزگاریان بکات و بچنە بەهەشتەوە**

ئەم بابەتە زیاتر لە کاتی جەنگ و پاراستنی یەکریزی موسڵمانان کارا دەبێت، بۆیە ڕق لە ئەوانی تر زۆر سنووردارە ئەگەر هەشبێت ئاشکرا ناکرێت، بەڵکو لوتف و نەرم و نیانی ئاشکرا دەکرێت لەگەڵ موخالەفەکردنیان لە دین و ڕەفتاریاندا، ئەمە (براء)ەتە بەستراوەتەوە بە هەڵوێستی بەرامبەرەوە (مقیدة).

خـودا ڕێگـەی داوە پیـاوێکی موسـڵمـان هـاوسـەرەکـەی ئـەهـلی کـیـتـاب بێـت، ئـایـا دەبـێـت ڕقی لـە ژنـەکـەی بێت؟ دەبـێـت دوژمـنـایـەتی بـکـات؟ نـەخـێر، بـەڵکو هـاوسـەرگـیری لـەسـەر بـنـەمای خۆشەویستی دروست دەبێت، تەنانەت بـەگـوێـرەی فـەتـوای ئـیـمـامی مـالـیـک و ئـیـمـامی ئـەحـمـەد، ژنـەکـەی دەتـوانـێـت بچێت بۆ کەنیسە و گۆشتی بەراز بخوات و خاچیش بکاتە ملی، ئەمە هەڵوێستی گەورەی زانایانی ئیسلامە.

خۆ ناکرێت ئـەوان لـە ئیمامی ئـەحمـەد و ئـیـمـامی مـالـیـک لـە ئـیـسـلام زیـاتـر تێگـەیشـتبین، ئـەو (١٠) خـاڵـەی پێشتر باسم کرد هەڵوێستی فەرمی ئیسلام و موسڵمانانە و دژی عـەقـیـدەی (وەلاء و بەراء)یش نـەبـووە و نییە، هـاوەڵان چۆن کاسە دراوسێیەتییان لەگەڵ جوولەکەدا کـردووە؟ لـەوانـەیـە خۆشی نـەویستبێت، بـەڵام جـوان لـەگـەڵـیـدا ژیـاوە، بـۆچی پێغەمبەر (دروودی خـوای لـەسـەر بێت) لـەم هـەمـوو مـوسـڵـمـانـە دەوڵـەمـەنـدە قەرزی لە کابرایەکی جوولەکە کردووە؟

(البراء) لـە ئـەوانی تـر تـەنیا کـرداری دڵـە (لکم موالاتهم باللسان دون القلب) (تفسیر الجلالین)، لـە کاتی جـەنگـدا دەبێتە دابڕانی کرداریی، لە جەنگیشدا ئاشتیخواز و شـەڕخـواز جیا دەکرێتەوە، لەوانەیە ئەم عەداوەتەی ئەمڕۆ سبەینێ بگۆڕێت بۆ پێکەوەژیان و مـەوەدە، بۆیە زیـادەڕەوی لـە (البراء)دا ئـەنجامی خراپی دەبێت بۆ بانگەواز و هیدایەتی ئەوانی تر.

دیقـەتـم داوە ئـەوانـەی بـەنـاوی (البراءة) هێرش دەکـەنـە سـەر پێکـهـاتـەکانی تـر، وەلائیـان بـۆ موسڵمانانیش زۆر لاوازە، زۆر کـات دوژمـنـایـەتی مـوسـڵـمـانـانی دەرەوەی ڕەوتی خۆی دەکات، لە کاتێکدا خۆشـویـسـتنی موسـڵمـان و سـەرخستنی واجبە و بە عەقیدەی (الولاء) موتڵەقە و پێویستە هەموو کات پشتیوانی موسڵمان بکات.

بـە هـەڵـە ئـایـەتـەکان دادەبـەزێـنرێـتـە سـەر واقیـعێکی تـازە، کـە جـیـاواز لـەو واقیعەی کە ئایەتەکانی (الولاء والبراء)ی تێدا دابـەزیـوە، کـە زیاتـر بـاس لـە کاتی هیجرەتی موسڵمانان و جـەنگی بـەدر و ئـوحـود و ئـەو خزمایـەتییـەی لـە نێوان مـوهـاجیرین و مـوشـریکـینی قـورەیـشـدا هـەبـوو، بەشێکی تریشی پەیوەندی هەیە بە هەڵوێستی دوژمنکارانەی جوولەکەوە لە دوای جـەنگی بـەنی قـورەیزەوە. نابێت ئەم ڕووداوە تایبەتیانە گشتاندنیان بۆ بکرێت.

**ئایینناسی: بەربەستەکانی بەردەم پێکەوەژیان چین؟ بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان؟**

د. مەهدی قـادر: لـە هەرێمی کوردستان بەربەست نییە، بەڵکو چەند ئاڵنگارییەک هەیە پێویستە ڕووبەڕوویان ببینەوە بە شێوەیەکی ژیرانە.

یەکێک لـە ئاڵنگارییەکان ئەو دەنگە زبر

و نەشازانەن کە لە سۆشیال میدیا و پەیج و هەندێک لە مینبەرەوە دەیەوێت پێکەوەژیان تێک بدات، ئەو کەسانە لە هەردوو بەری موسڵمان و پێکهاتەکان پێویستە ئاگادار بکرێنەوە و لێدوان و قسە و وتاریان سنووردار بکرێت.
یەکێکی تر لە ئاڵنگارییەکان تێکەڵکردنی ئەجێندای سیاسی ناوخۆیی و دەرەوەیە بە ئامانجی پێکهاتە و ڕەوتە ئایینییەکان، بە ڕاستی نابێت هیچ دەستێکی سیاسی تێکەڵ بە گوتاری پێکهاتەکان بکرێت، بەکارنەهێنرێن بۆ شێواندنی تەونی کۆمەڵایەتی ئایینی کوردستان، هەڵەیە زۆرینە و کەمینە بەهەند وەرنەگیرێت لە یاسا و بەها کۆمەڵایەتییەکاندا.
ڕێز نەگرتنی پیرۆزییەکان بەناوی ئازادییەوە ئاڵنگارییەکی گەورەیە و دەبێت هەڵگری هەر ئایینێک ئەوە بزانێت سنووری ئازادی هەر یەکێکیان لەو شوێنەدا کۆتایی پێ دێت کە سنووری ئازادی ئەوی تر دەست پێ دەکات.
یەکێکی تر لە ئاڵنگارییەکان خەڵکانی ناشایستە و نامەسئوول بەناوی دین و پێکهاتەوە لێدوان و قسەی گەورەتر دەکەن لە خۆیان، کە لە خودی ئایینەکە و بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردەواری جێگەی نابێتەوە، بۆیە دەبێت بە هەموان ئاڵنگارییەکان تێپەڕێنین.
**ئایینناسی: بە بڕوای بەڕێزتان چی بکرێت بۆ ڕێگری لە بیری نامۆ و ناتەبا بە پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان؟**

د. مەهدی قادر: بە ڕای بەندە هەر دەنگێک دژی پێکەوەژیان بێت گفتوگۆی لەگەڵ بکرێت و تێبگەیەنرێت کە پێکەوەژیان بەهایەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی پیرۆزە، دژایەتیکردنی پێکەوەژیان ئاشتی کۆمەڵایەتی تێکدەدات، خزمەت بە گەشە و مانەوەی هیچ ئایینێک ناکات، کەس سوودمەند نابێت لە نەمانی پێکەوەژیان.

**ڕەوتی سێیەم: فرە ئایینی و یەک ئایینی: ئەم ڕەوتە پێیوایە هەموو ئایینەکان ڕاستن، یان بەشێکی زۆر ڕاستییان تێدایە و شوێنکەوتوانیان بێگومان دەچنە بەهەشتەوە**

ئەو گوتارانەی کە هاندەری کەراهیەت و توندوتیژی و دابڕان و هەڵوەشاندنەوەی خێزان و بێباوەڕی و لادانی گەنجان و ناشیرینکردنی پیرۆزییە ئایینیە جیاوازەکانن، پێویستە لە ڕێگەی گفتوگۆی ڕاستەوخۆوە ڕاست بکرێنەوە، ئەگەرنا یاسا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لە وەستاندنیان.
پێویست ناکات مایک لە بەردەم هەموو کەسێکدا دابنرێت، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەمێک چاودێری بکرێن. لە بەرامبەردا گرنگی بدرێت بە دەنگی نەرم و گەشەپێدانی بیری میانەڕەوی و تەفسیری

زانستی بۆ دەقە ئایینییەکان و لێدوان و گوتاری ئایینی بدرێتە خەڵکی شایستە و خوێندەوار و شارەزا لە ئایین، جا خاوەنی هەر ئایین و ئایینزایەک بێت.

**ئایینناسی: چۆن بتوانرێت پێکەوەژیانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان قووڵ بکرێتەوە و بەدی بێت؟**

د. مەهدی قادر: پێکەوەژیان پرۆسەیە و پێویستە وەك پرۆژەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسی و راگەیاندن کاری لەسەر بکرێت. کە دەڵێم پرۆسەیە واتە دەبێت کاری بەردەوامی رۆژانەی بۆ بکرێت، بە هەڵمەتێکی رۆژ و دوو رۆژ، بە کەسێک و دوو کەس، بە لایەنێک لەگەڵ لایەنێک دژ گەشە ناکات، بەرپرسیارێتییەکی دەستەجەمعییە پێویست دەکات هەموو پێکهاتە ئایینی و کەسایەتییە رۆشنبیری و مامۆستایانی زانکۆ و راگەیاندن تێیدا بەشدار بن، بەرای موتەوازعی بەندە لە چەندین کەناڵەوە دەتوانین کار بکەین بۆ قوڵکردنەوەی پێکەوەژیانی ئایینی، وەک: پەرەپێدانی هزری میانەرەوی و کاری هاوبەشی ئایینی.

هزری میانەرەوی ئایینی گەورەترین خزمەت بە پێکەوەژیان دەکات، پێویستە لە رێگەی هەموو کەناڵە گونجاوەکانەوە کار بکرێت بۆ پەرەپێدانی لە رێگەی ئایینداری راست، پرۆگرامی خوێندن، زانکۆ، مینبەری مزگەوت، میدیا، دامەزراندنی سەنتەرەکانی حیوار و پێکەوەژیان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ژووری پەیوەندی نێوان ئایینەکان، کۆنگرە و کۆنفرانسی ساڵانەی نێوان ئایینەکان و دەیان کەناڵی تر، هەر یەکێک لەم خاڵانە پرۆژەی دەوێت.

دەکرێت سەنتەری تایبەت دابمەزرێت بۆ پەرەپێدانی هزری میانەرەوی لە زانکۆکانی کوردستان، پێم وایە ئێستا هەنگاوی جددی بۆ نراوە، هەروەها دروستکردنی سەنتەر و پەیمانگا و ئینستیتیۆ بۆ پەرەپێدانی پێکەوەژیانی ئایینی و قووڵکردنەوەی تەبایی کۆمەڵایەتی.

- ئایینداری راستەقینە، بەوەی ئایین لە دەستی خەڵکانی رەسەن و زانا و خوێندەواردا بێت، مینبەر بدرێت بە کەسانی خاوەن زانست و حیکمەت، پێکهاتە ئایینییەکانی کوردستان، وتەبێژ و نوێنەری فەرمییان هەبێت بۆ لێدوان و گفتوگۆی رۆژنامەوانی، هەر کەس لە خۆیەوە خۆی نەکات بە دەمڕاست و نوێنەری ئایین و لێدوانی نابەرپرسانە بدات.

لێرەوە رۆڵی دەزگا فەرمییەکانی وەک وەزارەتی ئەوقاف و بەڕێوەبەرایەتی پێکهاتە ئایینییەکان و یەکێتی زانایان دێتە پێشەوە، بە رێنمایی پەیوەندی نێوان ئایینەکان رێکبخەن و نوێنەری شایستە بۆ پێکهاتەکان دیاری بکەن، کە خاوەنی حیکمەت و دانایی و دڵسۆزی بێت. دەکرێت پەرلەمانی کوردستانی

یاسای پێکهاتە ئایینی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان وەک پرۆژەی هاوبەش دەربکات.

- **پرۆگرامی خوێندن**: پەروەردەی تاک لە قوتابخانەکان هەر لە بنەڕەتییەوە تا ئامادەیی و پاشان لە زانکۆ لە ڕێگەی پڕۆگرامی خوێندن و ڕاهێنان لەسەر پێکەوەژیان ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لە قوڵکردنەوەی پێکەوەژیانی ئایینی، دەکرێت پڕۆگرامی تایبەت لەلایەن لیژنەی پسپۆڕ بۆ ئەم بوارە دابنرێت.

- **مزگەوت**: هیچ دام و دەزگایەکی ئەم وڵاتە بە ئەندازەی مزگەوت کاریگەری نییە لەسەر ئاراستەکردنی عەقڵی تاکی کوردی، زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕۆڵێکی ئیجابی و شەرەفمەندانەیان لە بواری پێکەوەژیاندا گێڕاوە، ئەوەی پێویستە زانایانی ئایینی خولی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە لەسەر پێکەوەژیان و لە ڕووی زانستییەوە دەوڵەمەند بکرێن.
- پێکهاتە ئایینییەکان خۆیان دەبێت ڕۆڵی بەرپرسانە و دڵسۆزانە بگێڕن بۆ خزمەتی پێکەوەژیان، بەرپرسانە مامەڵە بکەن، ڕێز لە ئایینی زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردستان بگرن، بەشێک بن لە تەبایی و ڕێگە نەدەن خەڵکانی نابەرپرس بە ناوی ئەوانەوە لێدوانی کەراهیەت و سووکایەتی بڵاو بکاتەوە، ڕێگە نەدەن لە ڕووی سیاسییەوە بە کار بهێنرێن، یان ببنە بەشێک لە ئەجێندای سیاسی حیزب و لایەنە سیاسی و ئایینییەکان.
- دروستکردنی ژووری هاوبەش: بە ڕای من یەکێکە لە کاریگەرترین فاکتەرەکانی قووڵکردنەوەی پێکەوەژیان ، پەیوەندی و سەردانی بەردەوام لە نێوان موسڵمانان و ئەوانی تردا، بەردەوامی گفتوگۆی ئایینی و ڕاگۆڕینەوە و ڕاوێژ لە بابەتە هاوبەشەکاندا، ئیحتیواکردنی ئەو کێشە و ئاڵنگاریانەی کە ڕووبەڕووی هەردوولا دەبنەوە، ئەنجامدانی چالاکی هاوبەش و بەشداری کردن لە بۆنە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان.

- **میدیا**: دەزگاکانی ڕاگەیاندن، سۆشیال میدیا، دەتوانن گەورەترین ڕۆڵ بگێڕن لە ئاشتی و تەباییدا، بە پێچەوانەشەوە دەتوانن پێکەوەژیان تێک بدەن، بۆیە پێویستە لە هەموو کەناڵەکان بەرنامە و پڕۆگرامی تایبەت هەبێت بە پێکەوەژیان و حیواری ئەدیان. میوانداریی کەسانی شارەزا و ئاشتیخواز بکەن، لە پێناو لایک و کۆمێنت و ڤیو، خەڵکانی توندڕەوی هیچ ئایینێک بانگهێشت نەکەن، ئێمە بە جیاوازییەوە جوانین، بەڵام نابێت جیاکاری بکەین. من خۆم پێ ڕاستە، بەڵام هەموو هەوڵێک دەدەم کە تۆش تەعبیر لە ئازادی خۆت بکەیت لە چوارچێوەی بەها ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان.

مێزگرد

ئایینناسی

# پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستان
# ئاڵنگاری و دەرفەتی بەهێزکردن

ئامادەکردنی: ئایینناسی

هیچ کۆمەڵگەیەکی تەواو هارمۆنی و لەیەکچوو لە ئاستی جیهانیدا بوونی نییە، هەموو کۆمەڵگەکان بەپێی تایبەتمەندی خۆیان چەندین زمان و کولتوور و ئایینی جیاوازیان لەخۆگرتووە، هەڵبەتە بوونی جیاوازی دیاردەیەکی ئاسایی سروشتییە، بەڵام ئەوەی بەردەوام جێیگەی نیگەرانییە چۆنێتی ئیدارەدانی ئەو جیاوازیانەیە، هەڵبەت جیاوازییەکان هەرچۆنێك بن، نابێت بگەنە ئەوەی لایەنێك، یان کولتوورێك، یان ئایینێك هەوڵی سڕینەوەی ئەوی دیکە بدات، لە بەرامبەر چەمکی زاڵبوون و سڕینەوە، چەمکێکی میانڕەومان هەیە، ئەویش (پێکەوەژیانە)، ئەم چەمکە کار دەکات لەسەر بواردان بە ژیان، ئارامی، یەکترقبووڵکردن، تەوەری ئەمجارەی ئایینناسی قسەکردنە لەسەر چەمکی پێکەوەژیانی ئایینی و ڕەهەند و لێکەوتە و ئاستەنگەکانی لە کۆمەڵگەی کوردستانی بەمیوانداری بەڕێزان حاکم قاسم کە وەك چالاکوانێك ماوەی چەندین ساڵە کار لەسەر پێکەوەژیانی ئایینی دەکات و دکتۆر جوتیار نەریمان توێژەر.

سەرەتا حاكم قاسم لەبارەی پێكەوژیانی ئایینی لە كوردستان ڕوشنایی خستەسەر ئەوەی ئەم واقیعی پێكەوەژیانە لە كوردستاندا تا ئەندازەیەك باشە، بەڵام دەبێت باشتر بكرێت، دەبێت خاڵە نەرێنییەكان دەستنیشان بكەین بۆ ئەوەی بتوانین بناغەیەكی كۆنكرێتی بۆ دابنێین، ئەو دەڵێت: ئێمە لە زۆر كۆڕ و كۆبوونەوەدا قسە لەسەر ئەم پرسە دەكەین، گرووپێكی ئایینیشمان هەیە و جارجار گفتوگۆی چڕ لەسەر ئەو بابەتانە دەكەین، ئێمە نابێت هەمیشە بە باشی باسی خۆمان بكەین، ڕاستە لە كوردستاندا كۆمەڵێك ئایین پێكەوە دەژین، تا ئێستا سوپاس بۆ خوا هیچ شتێكی وەها ڕوویـنەداوە، بەتایبەتیش لەزۆنی سلێمانی واقیعی پێكەوەژیان زۆر باشترە، ڕاستە هەندێكجار وەكو بە عەرەبی دەڵێن (فوقاعە)یەك دەردەچێت، بەتایبەتی پێش ماوەیەك لە ناوچەی شنگال بابەتی سووتاندنی مزگەوتێك هاتەكایەوە، ئەو مزگەوتە لە ٢٠١٤ بارەگای داعش بوو، مزگەوتی ڕەحمان لە سەرەتای شنگالە، كە فڕۆكە لێیدا بەشێكی ڕووخا، ماوەیەكە لایەنێك هەیە ئیش لەسەر شنگال دەكات بۆ ئەوەی بارودۆخی ئەو ناوچەیە تێك بدات، دواتر كۆمەڵێك خەڵك گەڕاونەوە، هەندێك لەوانە دەستیان لەگەڵ داعش تێكەڵ كردبوو، بە هەماهەنگی لەگەڵ سوپا لە موسڵ و بە بێ ئاگاداری پارێزگار گەڕاندویانەتەوە، لەبەر دەرگای ئەو مزگەوتە كۆبوونەتەوە، بە دروشمی زۆر توندڕەو و ناخۆش، یەكێك لەوانەی كە لەنێو ئەو كەسانەدا بوون، ئافرەتێكی ئێزدی دەستنیشانی كرد، كە ئەو كەسە كاتی خۆی لە ناو داعشدا دەستدرێژی كردووەتە سەری، كۆمەڵێك گەنجیش كە دڵگەرم بوون، بەرد و شتیان هەڵدا، هەندێك هەوڵیان دەدا كە بارودۆخەكە زیاتر بەرەو ئاڵۆزی بەرن و تۆمەت بۆ ئێزدییەكان دروست بكەن و بڵێن مزگەوتەكەیان سووتاندووە، بەڵام سووتاندن نییە و شتی وا لە دونیا نەبووە، بۆیە ئاماژەم بەم نموونەیە كرد بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر پارێزگاری لە خۆمان بكەین، لەو كاتەدا مجێوری مەزاری شەرەفەدین كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانی لەناو مزگەوتەكەدا كرد، وتیان هەرگیز ئەم مزگەوتە نەسووتاوە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئێمە كۆمەڵێك كەموكورتیمان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێكەوەژیان تا ڕادەیەكی باش دڵخۆشكەرە، هێشتا كەسانێك زۆر خەمخۆری پێگەوەژیانن، وەكو ئێوە و ناوەندەكەتان لەگەڵ ئەوەن پێكهاتەكانی كوردستان پێكەوە بن و كۆمەڵگەیەكی ئاوەدان و ڕەنگاوڕەنگمان هەبێت.

لەبارەی كەموكورتی و چارەسەرییەكانی پێكەوەژیان لە هەرێمی كوردستان، حاكم قاسم بەوردی ئاماژەی بەوە كرد كە هەندێك كەموكورتیمان هەیە لە واقیعی

پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردسنان، یەکێك لەوانە میدیایەکی باش و چالاکمان پێویستە، میدیایەکی ئاراستەکراومان هەبێت، بنەمای هەموو جەنگەکان بە جەنگە جیهانیەکانیشەوە، میدیا بووە، هەموو شتێکی باشیش دواجار رێگەخۆشکەر بۆی هەر میدیا بووە، بۆیە میدیایەکی باش و ئاراستەکراومان دەوێت کە بەرەو پێکەوەژیان بڕوات.

خاڵی دووەم، کەموکورتیمان هەیە لە پرۆگرامی خوێندن، پرۆگرامەکان دەبێت لەجیاتی گێڕانەوەی جەنگێکی مێژوویی وەکو (فڵان، یان فڵان)، دەبێت پرۆگرامێك بێت پابەند بە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، پابەند بە هەڵوێستی نەتەوەیی خۆمان، پابەند بە دیدگای خێرخوازی، منداڵەکانی خۆمان فێر بکەین بەرەو فراوانکردنی کولتووری پێکەوەژیان، چونکە منداڵ وەکو کاغەزی سپی وایە، دەتوانین هەموو شتێکی لەسەر بنووسین، وەکو هەویرە کە دەتەوێت چی لێ دروست بکەیت.

خاڵی سێیەم و گرنگ، خێزانە، هەمیشە وتوومە دەبێت هەریەک لە خۆمان و لە خێزانی خۆمانەوە دەست پێ بکەین، بنەمای کۆمەڵگە خێزانە، ئەگەر من، یان جەنابتان منداڵی خۆمان فێر کرد لەسەر بناغەیەک بێت بەرامبەری خۆی لە چ ئایینێک بێت دواجار مرۆڤە، وەکو ئەو وتەیەی عەلی بن ئەبی تاڵب دەڵێت: (أما نظيرك فی الخلق أو أخوك فی الدين)، ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایە فێر بکرێن کە ئەم مرۆڤە بەرامبەرەکەی مرۆڤە، ئایین رێکخستن دەکات، هەر ئایینێک ئەگەر بە عیبادەتی خوا دەست پێ بکەیت، هەموویان هاوبەشن، بە ناوی خوا هەموویان هاوبەشن، بەڵام لە شوێنێک رێکخستنێکمان هەیە، هەر پێغەمبەرێک هاتووە ئەو ئایینەی رێکخستووە، کتێبی خۆی هەیە، پیرۆزە لە لای هەموومان، قسە و دابونەریت و دەق لە ئایینەکەی خۆی هەیە، دەبێت ئێمە منداڵەکانی خۆمان فێر بکەین رێز لەوە بگرن، رێز لە بەرامبەر بگرن، وەها حساب بکەن مرۆڤێکە وەک خۆیەتی، ئایین بۆ خودایە.

حاکم قاسم باسی لەوەش کرد کە یاسا بابەتێکی گرنگە لە پرسی پێگەوەژیان، دەبێت خۆمان و منداڵەکانمان فێر بکەین، لە هەر وڵاتێک بژین و بۆ هەر وڵاتێک بڕۆین، لە ناو وڵاتی خۆشماندا پابەند بین بە یاساوە، هەر کاتێک ئێمە پابەند بووین بە یاسا، سەلامەت دەبین، ئەگەر هاتوو ئێمە پابەند بووین بە یاسا، رێزمان لێگرت، ئەوکات لە رڕێگەی یاساوە رێز لە بەرامبەرەکانیشمان دەگرین، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین ئێمە کۆمەڵگەیەکی تەندروستمان ئاوەدان کردووە، ئەو کاتە کەسێکمان دروست کرد دەتوانێت سەرکردایەتی بکات.

لایەکی تری گرنگیش کە دەبێت ئاماژەی پێ بدەین و بەشێکە لە کەموکورتییەکانی پێکەوەژیان، بریتییە لەوەی کە ئێمە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتین، زوو گەرم دەبین

و زوو سارد دەبینەوە، وەکو کوردیش سەر بەو کولتوورە خۆرهەڵاتییەین، زوو گەرم دەبین و زوو سارد دەبینەوە، دەبێت هەوڵ بدەین گوتاری ئایینی، پیاوی ئایینی، گوتارێکی نەرموونیان بێت، گوتارێك دوور بێت لە ڕق و کینە، نزیک بێت لە مرۆڤایەتی، نزیک بێت لە یاسا، لە ئاوەدانکردنەوە، ئەو کاتە ئەو میمبەرانە ئیستیغلال دەبن و بەکاردێن بۆ ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵگا، لە جیاتی ئەوە لە بەرژەوەندی بیربۆچوونێکی دیارکراوبێت، ئەو کاتە دەبێت لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەیەکی پاک بێت.

حاکم قاسم لەبارەی کاریگەری کولتوور و دابونەریت لەسەر پێکەوەژیان لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئاماژەی بەچەند نموونەیەك کرد کە باب و باپیرانی ئێمە زۆر سادە و ساکار بوون، بۆ نموونە لە شنگال، ئەرمەن هەبوو کە لە سەفربەلەک فەرمان بۆ ئەرمەن هات، تورکیا قبووڵی نەکرد، ئێمە بەخێویان بکەین، حەمە شەرۆ بەرەحمەت بێت پاشا بوو، لەگەڵ ڕیشسپی شنگال، لەگەڵ سەرۆك عەشیرەتی شنگال، وتیان کاکە حاڵەتێکی مرۆییە و ئێمە ناچارین یارمەتیان بدەین، بەڵام تورکیا لەگەڵ ئەواندا، ئیبادەی ئێمەشی کرد، هەروەها لەناوچەی ئێمە شیعە هەبوو، کوردی شیعی و کوردی سونی لە نێوانماندا بووە، دوو عەشیرەتمان هەیە عەشیرەتی بەشکان، عەشیرەتی ئەلبەبەوان، هەردووکیان مەزهەبی شیعی، بەڵام کوردن، عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە هەبوون، واتە سونی و شیعی، تورکمان لەگەڵ مەسیحییەکان، هەر چوار لەو شارە بچووکەدا بوون.

دەشڵێت، چایخانەیەکی هاوینان هەبوو، هەموو ئایینە جیاوازەکان لەوێ دادەنیشتن، زۆربەی جار جلوبەرگیشیان وەکو یەك وابوون و لە یەکتر جیا نەدەکرانەوە، زۆرجار سوێندیان بە پیرەکانی ئێمە دەخوارد، دەیانوت بە عەلی شێر، یان بە عیسا، بە نەبی مەسیح، یان ئەوانە بە هی ئێمە سوێندیان دەخوارد، لەبەر ئەوە کۆمەڵگەیەک بوو لە دابونەریتی خۆیان فێر ببوون پێکەوە بژین، بەڵام ئێستا و لەم قۆناغانەی دواییدا، بەتایبەتیش دوای بەهێزبوونی تەوژمی ئیسلامی سیاسی و زیادبوونی بەرژەوەندییەکان، کەمێك دۆخەکە گۆڕاوە و کەلێنێك لەناو کۆمەڵگە دروستبووە کە لە بەرژەوەندی خۆیان قۆستویانەتەوە.

حاکم قاسم باسی نموونەی کەریمی ئەلەکە-شی کرد، کە لە سەردەمی مەلیك مەحمود وەزیر بووە و مەسیحیش بوو، هەتا ئیستا مەسیحییەکانی سلێمانی زۆر جار کە لەگەڵیان دادەنیشیت دابونەریتیان هەروەکو خەڵکی سلێمانییە، واتا کولتوور و دابونەریتیان پاراستووە، دەبێ ئێمە بە یاسا بەهێزتری بکەین، یاسا دەڵێت: (قانون تعبیر عن

الواقع السیاسی والإجتماعی والإقتصادی للمجتمع)، واقع الاجتماعی چییه؟ دابونەریتە، کولتوورە، یاسا دەبێت گوزارشت لەوە بکات.

**ئێمە کۆمەڵێک کەموکورتیمان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێکەوەژیان تا ڕادەیەکی باش دڵخۆشکەرە**

ئێمە لە دانانی یاساکاندا دەبێت بەردەوام ڕەچاوی پێکەوەژیان و واقیعی کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵگە بکەین و بیپارێزین، لەبەر ئەوەی بنەمایەکی یاساییە، هەتا ئەمڕۆ لە ئینگلتەرا دەستوری یەکەم لە جیهان دەستوورێکی عورفییە، دابونەریتی خۆیان، کولتووری خۆیان خستووەتە ناو یاسا و بەوە کۆمەڵگەی خۆیان بەهێز کردووە، کولتووریان بە یاسا پاراستووە، دەبێت ئێمەش پردێکی بەهێزی کۆنکرێتی دروست بکەین لە نێوان یاسا و کولتووردا، لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگا کە بەشێکن لە کولتوور، یان کولتووری ئێمە لە هەموان پێکهاتووە، ئێمە وتمان خاڵی کۆتایی ئەو سەقامگیرییە بە یاسا جێگیر دەکرێت، بە فێرکردنی منداڵانی خۆمان لەسەر پێکەوەژیان، ئێستا وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا بە سزادان و بەهێزی یاسا، هەروەکو سیستمێک، وەک چۆن ئۆتۆمبێلێک لەسەر ڕێگا بڕوات، هەمووی لەسەر سیستمەکە دەڕوات، لەبەر ئەوەی یاساکە بەهێزە، ئێمە دەبێت یاسا زیاتر بەهێز بکەین، تا ئێستا ئێمە ناڵێین دژ بە یاساین، بۆ نموونە کە کامێرا دادەنێین هاوار دەکەین، کە کامێراش دانانێین بە نارێکی دەڕۆین و ژیانی خەڵك دەخەینە مەترسییەوە.

هاوکات د. جوتیار نەریمان لەبارەی دیدگای گرووپە توندڕەوەکان بەرامبەر پێکەوەژیان، پێی وایە پێش هەموو شتێك بابەتی پێکەوەژیان و توندوتیژی دوو چەمکی بەرامبەر بە یەکن، دەبێت بە یەکەوە بیانناسین، ئەگەر بڕوانینە کۆمەڵگەی مرۆیی، لە حاڵەتی ئاساییدا مرۆڤەکان ڕەگێکی توندوتیژیان تێدایە، ڕەگی توندوتیژی لە ناو هەموو کۆمەڵ و گرووپێکدا هەیە، بەڵام توندوتیژییەکە لە ئاستێکی زۆر لاواز و کزە، واتە لە سەر ئاستی کۆمەڵگە کاتێک دەڕوانیتە گرووپە جیاوازەکان، کەمجار بووە گرووپێکی کۆمەڵایەتی بەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی نەکەوێت، هەندێک ناو و ناتۆرە و ڕق و کینە لەو ئاستە زیاتر نییە، کاتێک ئەگەر سەرنج لە گەلان دەدەین، گەلانی غەیری خۆیانیان بە ناوێکی تا ڕادەیەک سووک و کەم سەیر کردووە، بۆ نموونە وشەی عەجەم لە عەرەبیدا واتا لاڵ، لەبەرئەوەی عەرەب کاتێک بۆ یەکەمجار لەگەڵ گەلێکی تری غەیری خۆیان مامەڵەیان کردووە وەکو کەسانێکی نائاسایی بە

چاوێکی سووک سەیریان کردوون، ناویان ناون عەجەم. یۆنانییەکان غەیری خۆیان ناوناوە بەربەر، کە هەمان واتای هەیە. ڕووسەکانیش لەفزێکی هاوشێوەیان هەیە، غەیری خۆیان هەر وەکو لاڵ و نەزان و گێل سەیر کردووە. توندوتیژی لە سەرەتاکانیدا بەم جۆرەیە، لەڕاستیدا کاتێک مرۆڤ گرووپێکی تر دەبینێت کە لە هاوشێوەی خۆی نین، جا هاوشێوەییەکە ئایینی، کۆمەڵایەتی، یان دابونەریت، یان شکڵ و شێوە و پێست، هەر یەکێک لەمانە، یان زمان بێت، ئاسان قبووڵی ناکات، بەڵام هەرگیز هەوڵی کۆمەڵکوژی و لەناوبردنیان نادات، بەڵکو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، کڕین و فرۆشتنیان لەگەڵدا دەکات، بەڵام بە هەر حاڵ بە غەیری خۆیانیان دەزانێت، بەو شێوەیە.
دەشڵێت، لە ناو کوردەواری خۆماندا ئەگەر سەرنج بدەین ئەم حاڵەتە توندوتیژییە سەرەتاییە هەبووە، ئێمە نابێت نکۆڵی لێبکەین، بۆ نموونە جاف و گۆران، کورد و گۆران، ئەوە هەبووە، بۆ نموونە سەیری ڕشتەی مرواری بکە، بزانە چی بە یەک دەڵێن، نوکتەیان لەسەر یەکتر کردووە، بەڵام هەرگیز نەگەیشتووەتە ئاستێك شمشێر لە یەکتر بەرز بکەنەوە، یەکتری بکوژن.
بە کورتی و پوختی دەمەوێت بگەم بەم خاڵە، توندوتیژی لە حاڵەتێکی سەرەتاییدا لەناو هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەیە، کۆمەڵگەکە ئایینی، یان خێڵەکی، یان نەتەوەیی، یان هەر شتێک بێت، ئەم توندوتیژییە ناگاتە ئاستی یەکتر بڕین، بەڵام کەی دەگاتە ئەو ئاستە کاتێك ئەم توندوتیژییە لە لایەنی سیاسییەوە قۆزرایەوە، کورت و پوخت بابەتەکە هەر ئەوەیە و لەوە زیاتر نییە.
د. جوتیار لەبارەی توندوتیژی ئایینی و پێکەوەژیانی ئایینی و گرووپە توندڕەوەکان دەڵێت، گرووپە توندڕەوەکان لەبەر ئەوەی گرووپی سیاسین بێگومان ئەو توندوتیژییە سادەیە کە لە ئاستی کۆمەڵگەدایە بەرەوی پێدەدەن بۆ ئاستێکی بەرزتر، بۆ نموونە تۆ لە کۆمێنتەکاندا دەیبینی، دەبینی خەڵک چۆن مامەڵە لەگەڵ دیاردەیەکی دەکەن، چی توندوتیژییەک لە کۆمێنتەکاندا دەبینێت، ئەمە هەر ئەو توندوتیژییە سەرەتاییە سادەیەیە، بەڵام گرووپەکان دەتوانن ئەمە بقۆزنەوە، کە دەڵێین گرووپەکان مەبەست تەنیا گرووپە توندڕەوەکان نییە، سیاسەت و دەوڵەتیش دەتوانێت ئەوە بکات، جاری وا هەیە سیاسەتی دەوڵەتێك دەخوازێت بۆ نموونە لە شوێنێکدا پەلاماری گرووپێک بدات، وەک دەوڵەتی عوسمانی کە بەرامبەر ئێزدییەکان کردویەتی، دێت ئەم هەستە دەجووڵێنێت.
دەوڵەتی عێراقی سەدام کاتێک دەیویست کردارێک بەرامبەر کورد بکات، سوودی لە ئەنفال بینی، بە هەرحاڵ ئەو زەمینەیەی کە هەیە دەتوانێت بیڕەخسێنێت.
سەبارەت بە دونیابینی گرووپە

توندڕەوەکان، ناوبراو دەڵێت، دونیابینی گرووپە توندڕەوەکان زۆر ئاسایی و ڕوونە، ئەوان غەیری خۆیانیان قبووڵ نییە، ئەوان کۆمەڵگەیەکی یەکدەستیان دەوێت کە حاکمیەت ڕێک بە دەستی خۆیانەوە بێت، تەنیا بەو ئایدۆلۆژیایەی خۆشیان، چونکە بیرمان نەچێت بۆ نموونە داعش گرووپێکی سونی ئیسلامییە، بەڵام ئەم گرووپە غەیری خۆی و غەیری ئەو چوارچێوە فیکرییە عەقیدەییەی خۆی، هیچ یەکێك لە گرووپەکانی تری قبووڵ نییە، تەنانەت سەلەفییە جیهادییەکانی هاوشێوەی خۆشی. زۆر ئاساییە ئەمانە کاتێک دەسەڵات بگرنە دەست تێڕوانینیان ئەوەیە کە هەموو گرووپەکانی غەیری خۆیان بسڕنەوە، ئێمە بینیمان لە سووریا لەگەڵ گرووپە جیهادییەکانی تری وەک (بەرەی نووسرە) و ئەوانی تر، کە تاڕادەیەك هاوشێوەی یەکن لە ڕووی عەقیدەیی و فیکر و مەنهەجی سەلەفیشیان هەر یەکشتن، بەڵام ئەوەندەی خوێن لە نێوان ئەواندا ڕژا، لە نێوان غەیری ئەوانیشدا هەر ئەوەندە ڕژا، بەو شێوەیە، ئێمە نموونەی گرووپی توندڕەومان لەبەر دەستدایە لە مێژوودا، بۆ نموونە گرووپە شیعەکانیش ئەگەر سەرنج بدەین لە مێژوودا، با باسی ئێستا نەکەین، باسی ڕابردوو بکەین، سەفەوییەکان کە هاتن لە ئێراندا چەند مەزهەبی شیعە هەبوو، بۆ نموونە شیعەی زەیدی هەبوو لە تەبەرستان و لە زۆر شوێن هەبوون، سونی شافیعی هەبوو، حەنەفی شەرقی ئێران حەنەفی بوو، شیعەی دوانزە ئیمامی و شیعەی ئیسماعیلی، زەردەشتی، مەسیحی هەبوون، سەفەوییەکان کە هاتن هەر هەموویان لەناوبردن، ئەوە هیچ سوننەیان کۆمەڵکوژ کرد، لە قۆناغی دووەمدا شیعەکانیان پاکتاو کرد، شیعەی زەیدی و شیعەی ئیسماعیلی لە ئێران نەماون، هەموویان کۆمەڵکوژ کران، شیعەش بوون، ئاوایە، سیاسەت کاتێک هاتە ناو ئایینەوە بێگومان لێکەوتەی ترسناکی هەیە.

**کەموکورتیمان هەیە لە پرۆگرامی خوێندن، پرۆگرامەکان دەبێت لەجیاتی گێڕانەوەی جەنگێکی مێژوویی وەکو (فلان، یان فلان)، پرۆگرامێکی پابەند بە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی بێت**

زەردەشتییەکان، ئێستا ژمارەیەکی زۆر کەم لە ئێران ماونەوە، ئەوە شتێکی سەیرە، زەردەشتییەکان تا هاتنی سەفەوییەکانیش لە ئێراندا مابوون، لە سەردەمی سەفەوییەکاندا کۆمەڵکوژ کران، ڕاویان نان بۆ هیندستان. بە گشتی گرووپە توندڕەوەکان غەیری خۆیانیان قبووڵ نییە، بێگومان هەموو

جیاوازییەک ڕەت دەکەنەوە، تەنانەت جیاوازییەکە ئەگەر لە ئاستێکی زۆر بچووکی ئیجتیهادیشدا هەبێت.
د. جوتیار باسی لەوەش کرد ئەگەر ئێستا سەیری ئەم گرووپانە بکەین، کە لە لای خۆشمان هەن، بە نزیکەیی بوون بە گرووپی چەند کەسی، واتا ناوەکە ناوێکی گەورەیە بۆ نموونە ناوی سەلەفیەت، بەڵام سەیر دەکەیت بوون بە دەیان فیرقەی پێنج کەسی و شەش کەسی و دە کەسی، کە غەیری خۆیان هەمووی بە کافر و زەندیق دەزانن، بێگومان ئەمانە دەسەڵاتیان نییە، ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت حوکمی تەکفیر لە کتێبە فیقهییەکاندا زۆر مەترسیدارە، ئەوانە جێبەجێ دەکەن، ئەوە ڕوونە، موجامەلە ناکەین، حوکمی تەکفیر (ارتداد) حوکمی کوشتنە، بۆ کۆمەکوژییە، ئەوانە هەمووی جێبەجێ دەکەن، ئێمە کەسانێک دەناسین ڕۆژانە بەریاندەکەوین، کە خۆی و پێنج شەش کەسێک، ئەوانە تەنیا خۆیان بە ئەهلی قیبلە و ئیسلام دەزانن، ئەوە هیچ ئێزدی قبووڵ نییە، مەسیحی قبووڵ نییە، ئێمەی موسڵمانیشی قبووڵ نییە.

**دەبێت هەوڵ بدەین گوتاری ئایینی، پیاوی ئایینی، گوتارێکی نەرموونیان بێت، گوتارێك دوور بێت لە ڕق و کینە، نزیک بێت لە مرۆڤایەتی**

لێکەوتەکانی بیری توندڕەوی جێگەی تێڕامانە، دیارترینیان ئەوەیە کە کۆمەڵگە بەرەو پەرتەوازەبوونێکی زۆر بێ مانا دەبات، بەرەو ئایندەیەکی زۆر مەترسیدار دەیبات، گرووپی بچووک بچووک دروست دەکات کە ئەم گرووپە بچووکانە هەموویان شەڕیانە، ئەوە نییە بڵێیت هاوپەیمانییەک هەیە لە نێوانیاندا، هەموویان لەگەڵ هەموویان شەڕیانە، ئەمە ئاژاوەیەک دروست دەکات، هەرچەندە یۆنانییەکان کاتی خۆی بڕوایان وابوو کە ئاژاوە نەزم دروست بکات، هەر ئەفسانەکەشیان وا بوو، کە دەریایەک هەبووە بە ناوی کاوەس، کاوەس واتا ئاژاوە، زیۆس لەوێوە دروست بووە، لەو کەفی دەریایەوە هاتووەتە دەرەوە، واتا نەزم لە بێ نەزمییەوە دێتە دەرەوە، جا ئەم بێ نەزمییە کەی نەزممان پێدەدات، دیار نییە. بە هەر حاڵ ئەوە لێکەوتەکانیەتی، بێگومان پەرتەوازەبوونێکی زۆر بێ مانا و تێکبەربوون و خوێنڕشتنی لێ دەکەوێتەوە. لەبارەی چارەسەرییەکانەوە، د. جوتیار دەڵێت، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمانە ڕێگەچارەی زۆر هەیە، بەڵام لە هەموو ئەوانە گرنگتر پلانی دەوڵەتە، دەوڵەت دەبێت پلانی هەبێت، لە پێش هەموویانەوە و لەسەروو هەموو ئاستەکانەوە (یاسایە)، یاسا زۆر گرنگە، بەڵام پێموایە پێش یاسا، کولتوور گرنگترە، کولتووری پێکەوەژیان پەرەی پێ بدرێت، هەر ئەوەی کە ئەو توندوتیژیانە

لە ئاستە زۆر سەرەتاکەیدا بهێڵرێنەوە، زۆر گرنگە ئەوە نەبزوێنرێت (الفتنە نائمە لعن اللە من أیقظها). تۆ سەیری کۆمەڵگە ئەورووپیەکانیش بکە، کە ڕەشێک دەبینن وەک دوژمن سەیری دەکەن، بەڵام لەوێ یاسا بەستوونیەوە، ناتوانن هیچ بکەن، ئەگەر یاسا نەبێت بێگومان ئازاریان دەدەن، دەبێت ئەو توندوتیژییە لە ئاستە سەرەتاییەکەیدا بهێڵرێتەوە و کولتووری پێکەوەژیان بەردەوام پەرەی پێ بدرێت و پەکنەخرێت.

ئێمە کەسایەتی ئایینی زۆر باشمان هەیە، بەڵام ئەمانە پەراوێز خراون. باسی میدیا کرا، میدیا و دەسەڵات ئەمانە ناهێننە پێشەوە، لەبەرئەوەی ڕەنگە لە دیدگای سیاسیدا پێچەوانەی ئەوان بیر بکەنەوە، کەسانێکی تر زەق و گەورە دەکرێن، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕۆڵێکی خراپیان هەیە لەمەدا، کە لەگەڵ خۆشیاندا ناتەبان، ئێستا نامەوێت ناوی کەس بێنم، کەسانێک هەن کە لەگەڵ خۆشیاندا ناتەبان، خۆی دەڵێت ئەوەندە ڤیدیۆی خۆم سڕیوەتەوە، لەبەرئەوەی لەگەڵ قسەکانی خۆیدا کۆک نییە، ئەمە قبووڵی جیاوازی ناکات، واتا خۆی گەیشتووە بەوەی کە ئەو قسەیەی هەڵەیە، ئەمە شتێکی زۆر باشە و پێشکەوتنە، بەڵام ئەوەی هەڵەیە ئەوەیە کە بە ڕەهایی خۆی بە ڕاست دەزانێت، بۆ نموونە ئیمامی غەزالی کتێبێکی هەیە (الوجیز) لە فیقهدا، دەڵێت ئەگەر تۆ ئیجتیهادت کرد، دوو کاسە ئاوت لایە بۆ دەستنوێژگرتن، گومان دەکەیت یەکێکیان پیس بووە، با بڵێین ئەمەیان پاکە، دەڵێت بەمە دەستنوێژ دەگریت، دوای نیوەڕۆ بۆت دەردەکەوێت، کە نەخێر ئەمەیان پیسەکە و ئەوی دیکەیان پاکەکە بووە، دەڵێت ئەو نوێژە پێویست ناکات بیکەیتەوە، بۆ؟ چونکە ئیجتیهادت کردووە، ئەمەشیان هەر ئیجتیهادە، ئیجتیهاد بە ئیجتیهاد بەتاڵ نابێتەوە، واتا مرۆڤ دەبێت بگاتە ئەو ڕاددەیەی کە لە کۆتاییدا تۆ گەیشتووی بە گومانێک و نەگەیشتووی بە یەقین.

## لە دانانی یاساکاندا دەبێت بەردەوام ڕەچاوی پێکەوەژیان و و اقیعی کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵگە بکەین و بیپارێزین

جا ئەوە کێشەکەیە کە ئەم بەڕێزانە خۆیان بە حەقی ڕەهاکە دەزانن، تەنانەت کاتێک بۆیان دەردەکەوێت ڕای خۆشیان هەڵەیە، بە ڕەهایی تازەکەیان بە حەقتر دەزانن.

کێشەکە ئەوەیە چەند کەس کۆنەکەی پێگەیشتووە و بڕوای پێی هەیە، ئایا پەشیمان دەبێتەوە و دەچێتەوە سەر ڕاکەی.

کێشەکە ئەوەیە، ئەم کەسە بهێنیت

و گــەورەی بکـەیت، بخـەیتـە بـەرچـاوی خـەڵـک، بـــەردەوام لـە تـەلـەفـزیـۆن و لایڤەکاندا بانگی بکەیت، بـەڵام دەیـان مامۆستای بەرێزمان هەیە، مامۆستـای ئایینی، کەسانی پاك، لێبوردە، بۆ ئەمانە نەهێنرانە پێشەوە، بۆچی لە بەرنامەکاندا ئـەو کـەسـانـەی فـیـکـری لـێـبـوردەیـیـان هەیە، بۆچی ناهێنرێن و ناخرێنە بەرچاوی خـەڵـک. خـەڵـکی سـادە دوای قـەرەباڵغی دەکـــەون، دوای ئـەوە دەکـــەون کـە کێ دەبـیـنـرێـت، پێـمـوایـە دەوڵــەت خـۆی لـە هەموو ڕوویەکەوە بەرپرسیارە.

**ڕەگی توندوتیژی لە ناو هەموو کۆمەڵ و گرووپێکدا هەیە، بەڵام توندوتیژییەکە لە ئاستێکی زۆر لاواز و کزە**

لە کۆتاییدا د. جوتیار دەڵێت، لایەنێکی گرنگ لایەنی ئابووریە، عادەتەن گرووپە توندڕەوەکان وەکو ئاگرێك لە ژێر پووشدا، بـــەردەوام لـە تـاریـکـیـدا ئـیـش دەکـەن، دۆخی ئـابـووری شـوێـنێـک خـراپ دەبێت، یـان قـەیـرانـێـکی ئـابـووری ڕوودەدات، هــەوڵ دەدەن ئـیـسـتـیـغـلالی خـەڵـک بۆ ئـەوە بـکـەن، کـە ئـایـین چـارەسـەری زۆر باشی پێیە بۆ مرۆڤ، هەموو ئایینێک بێ جـیـاوازی چـارەسـەری زۆر بـاشی پێیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئـەم حـاڵـەتـانە، بۆ نموونە هەر یەکێک لەو کێشانەی کە کۆمەڵگەی مرۆیی تووشی دەبێت، تاک تووشی دەبێت، ئایین چـەنـدین چـارەسـەری بـۆ دانـاوە، بـەڵام کێشـەکـە ئـەوەیـە ئایین شـمشێری دوو دەمـە، واتـە دەتـوانـیـت خـراپ، یان باش بەکاری بهێنیت، ئەوەش دەکەوێتە سـەر ڕۆڵی زاناکان و نوخبەکانمان، ڕۆڵی دەوڵەتە کە ئەم باشانە بهێنێتە پێشەوە.

بیرمەندان

ئایینناسی

# مەلا ئەفەندی هەولێری زانایەك لە لوتكەدا

هاوكار عەبدوڵڵا شێخ وەسان

مەلا ئەفەندی، یاخود مەلا فەندی یەكێكە لە زانا هەرە گەورەكانی كوردستان و عێراق، پایە و زانستی ئەم زانایە هێندە مەزنە ڕەنگە ئێمە لەم نووسینە كەمەدا نەتوانین حەقی خۆی پێ بدەین. لە كاتی خۆی مزگەوت و حوجرەكەی بووەتە ناوەندێكی زانستی جیهانی فێرخوازان لە هەموو ناوچەكانی عێراق و كوردستان و وڵاتانی دەوروبەر ڕوویان تێكردووە. ئەم زانایە هیچ پایەیەكی سیاسی نەبووە، وەلێ هەرچی سیاسەتمەداری دەوڵەتی عوسمانی و ئینگلیز و عێراق و دەوروبەر پرس و ڕاوێژیان پێ كردووە. لێرەدا هەوڵ دەدەین گرنگترین وێستگەكانی مەلا ئەفەندی بە كورتی بخەینە ڕوو.

**كورتەیەكی مێژوویی سەبارەت بە بنەماڵەی مەلا ئەفەندی**

ئەم بنەماڵە زانستپەروەرە، زیاتر لە (٤٠٠) ساڵ لە شاری هەولێر و دەوروبەری بە تایبەتی و هەموو كوردستان بە گشتی، خەریكی بڵاوكردنەوەی زانست و ئایین بوون(١). هۆی هاتنی ئەو بنەماڵە بۆ هەولێر مەلا ئیلیاسی باپیرە گەورەیان بووە، كە لە

شاری (سولەت ئاباد)ی نزیك (سنه) دادەنیشت، شا ئیسماعیلی سەفەوی دەیویست پیاوە ناسراوە ئایینییەکان بە زۆرەملێ بکاتە شیعە، ناچار مەلا ئیلیاس ڕادەکات و ئێران جێدەهێڵێت و لەگەڵ خزمێکی خۆی کە ناوی محەممەد کوڕی حەیدەر پیرەدینە، باپیرە گەورەی مەلایە حەیدەریەکانی ماوەرانە، ئاوارە بوون و هاتوون بۆ باشووری کوردستان. مەلا محەممەد لە هەریر دەمێنێتەوە و مەلا ئیلیاس دێتە هەولێر، سوڵتانی عوسمانی لەو کاتەدا سولەیمان قانوونی بووە، زۆر ڕێزی لێ دەنێت. ژمارەیەك گوندی پێ بەخشیون(٢).

**مەلا فەندی هەولێر**

ناوی ئەبووبەکر کوڕی مەلا عومەری کوڕی مەلا ئەبووبەکری کوڕی مەلا عوسمانی کوڕی مەلا ئەبووبەکری کوڕی مەلا عومەری کوڕی مەلا ئەبووبەکری کوڕی شەمسەدینی کوڕی شەهابەدینی کوڕی مەلا خدری کوڕی مەلا ئیلیاسە. ناسراوە بە (گچك مەلا)، واتا مەلا گچکە. ئەگەرچی مەلا ئەفەندی بچووك نەبووە، بەڵام مەلا ئەبووبەکر ئەفەندی باپیری بەژنی کورت بووە، بۆیە پێیان وتووە (گچك مەلا)، ئەو نازناوە لە باپیریەوە بۆ ئەو جێماوە، ساڵی (١٨٦٧)ز لە هەولێر لە گەڕەکی قەڵات لە دایك بووە.

لە تەمەنی بیست ساڵی لەلای باوکی خوێندنی زانستی مەلایەتی تەواو کردووە، ساڵی ١٨٩١ کە باوکی کۆچی دوایی دەکات، تەمەنی نەگەیشتووەتە ٣٠ ساڵ، لەم تەمەنە بووەتە جێنشینی باوکی و سەرۆکی زانایانی هەولێر و دەوروبەری و جێگای باوکی پڕ کردووەتەوە. هەموو کاتێکی خۆی بۆ وانەوتنەوە لە مزگەوتی گەورەی قەڵات تەرخان کردووە. لە هەموو لایەکی کوردستان فەقێ و موستەعیدی بۆ خوێندن و زانست و فێربوون ڕوویان کردووەتە هەولێر تاوەکو لای مەلا فەندی بخوێنن، لە ماوەی وانەوتنەوەیدا لە ١٨٩١ تا ١٩٤٢، پتر لە (٣٠٠) سێ سەد فەقێ و موستەعید و مەلا وانەیان لەلای خوێندووە(٣).

مەلا فەندی زانای ناودار و کەسایەتییەکی ناسراوی کورد، تەنیا زانای ئایینی نەبوو، بەڵکو لە پاڵ ئەم پایە بەرزەی، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و خاوەن هەستێکی نەتەوایەتی و چاکەخواز بووە، لە سەردەمی دەسەڵاتدارانی عوسمانی، بە تایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بە فەرمانی سوڵتان بە فەرمی کرا بە ناوبژیوان بۆ کوژاندنەوەی شەڕی نێوان خێڵ و هۆزە کوردییەکان، لە پاداشتی ئەو کارە باشە سوڵتان مەدالیای (حامی الحرمین الشرفین)ی پێدا، کە بەرزترین و بە بەهاترین مەدالیای دەوڵەت بووە لەو سەدەمەدا.(٤)

ژمارەی ئەوانەی ئیجازەی مەلایەتی پێداون گەیشتووەتە نزیکەی سەد مەلا،

جگە لەمەش یارمەتی فەقێ و موستەعید و دەستکورتەکانی مزگەوتەکە و دەوروبەری هەولێری داوە، هیچ دێیەك نەبوو لە دەوروبەری هەولێر مەلا و موستەعید و کتێبی ئەوی تێدا نەبێت.(٥)

مامۆستا حەمەساڵح فەرهادی لەبارەی شێوەی مەلا ئەفەندی دەنووسێت: "مەلا ئەفەندی شێوەی ئاسایی بووە، بەژن و باڵای ڕێك و کەمێکیش گۆشتن بووە، جوببەی لەبەر دەکرد و مێزەرێکی بچووك و بێ لفکەی لەسەر دەناو لە جل و بەرگدا پۆشتە و ڕێك بووە، لە ساڵەکانی کۆتایی ژیانیشیدا گۆچانی بە دەستەوە دەگرت، بەڵام کوڕ نەبووبووەوە".(٦)

### گوندەکانی مەلا ئەفەندی

نووسەر هادی ڕەشید جاوشلی لە کتێبی (لەگەڵ کاروانەی فەلەك) دەنووسێت: "گەورەترین خاوەن گوند مەلا ئەفەندی بوو، کە ناودارترین کەس بوو لە هەولێر، کە کاتی خۆی خاوەنی نزیکەی (٤٠) گوند زیاتر بوو، لە دانیشگای خۆی لە قەسری خۆی بوو لە باداوە".

هەروەها مامۆستا حەمەساڵح فەرهادی لە بارەی ئەو گوندانەی کە مەلا ئەفەندی خاوەندارێتی کردوون، دەنووسێت: "خۆی خاوەنی چەند گوندێکی بە پیت و بەرەکەتی دەشتی هەولێر بوو، وەك: ماجید، حەسەن بەگ، جەیدەلەك، منارە، چالووك، باداوە، بەردێنە، باغەمرە، ...هتد، ئەو گوندانە کاتی خۆی لە ١٧١٥ بە فەرمانی سوڵتانی عوسمانی دراونەتە مەلا ئەبووبەکری دووەم".(٧)

ئینجا شەقڵی دەغڵەکەی دەکردە پێنج بەش، سێ بەش بۆ جوتیارەکە دادەنرا، بەشەك بۆ خاوەن زەوییەکە بەشێکیش بۆ سەپان و تێلەگەکێش و ئەو کەسانەی کە بە بەرهەمهێنانی ماندووبوون. یەکێك لەو شەقڵچییانە ناوی (مەلا مەعروف) بوو، کە خزمی مەلا ئەفەندی بوو، یەکێکی تریش ناوی (مەلا عەزیز) بوو، کە ئامۆزای شێخ محەممەدی چۆلی بوو(٨).

مەلا ئەفەندی هەروەکو بۆ خوێندنی مەلایەتی بە پەرۆش بووە، بۆ کردنەوەی قوتابخانەی میریش پشتیوانی کردووە، کاتێك لە دوای هاتنی ئینگلیزەکان بۆ هەولێر لە ١٩١٨ بە چەند مانگێك قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە شاری هەولێر کرایەوە. (٩)

### ئەو زانایانەی کە ئیجازەیان لە مەلا فەندی وەرگرتووە

مەلا ئەفەندی پسپۆڕ بوو لە هەموو زانستەکان، کە خوێندنیان باو بوو لەناو چینی مەلا و فەقێیان، بە تایبەت لە ئەستێرەناسیدا دەستێکی باڵای هەبوو، کتێبی دانراوی خۆی لەو بابەتە هەبووە، فەقێیان لە حوجرەکانی مزگەوتەکان کە کۆتاییان بە قۆناغەکانی خوێندن دەهێنا بۆ پەرەپێدانی زانیاری دەهاتنە لای مەلا ئەفەندی، ماوەیەك دەمانەوە و ئیجازەی مەلایەتییان لەلای ئەو وەردەگرت.(١٠)

مامۆستا حەمەساڵح فەرهادی کە (مەلا سادق)ی باوکی و مامی (مەلا سەعید) فەرهادی لای مەلا ئەفەندی ئیجازەی زانستیان وەرگرتووە، لە بارەی پایەبەرزی زانستی مەلا ئەفەندی لە کتێبی (کسپەی دەروون) دەنووسێت: "نزیکەی (٥٠) ساڵ دەرسی وتووەتەوە و سەدان زانای ئایینی لای ئەو دەرسیان خوێندووە و سوودیان لە زانستەکانی وەرگرتووە و زیاتر لە (١٠٠) مەلاش خوێندنیان لای ئەو تەواو کردووە". "خەرجی هەموو ئیجازەکانیش ئەو خۆی دابینی کردووە، یەکەم مەلا ئیجازەی لای مەلا ئەفەندی وەرگرتبێت (مەلا محەممەدی پەرچەمی) بووە و دوا مەلاش (شێخ قادری شێخ لەتیفی گردەشینەیی) بووە".

هەروەها مامۆستا تاهیر بەحرکەیی لە کتێبی (مێژووی زانایانی کوردا) لە بارەی مۆڵەتپێدراوەکانی مەلا فەندی دەڵێت: "مەلا ئەفەندی کە ساڵی (١٨٩٠) باوکی کۆچی دوایی کرد، خۆی تەمەنی سی و دوو ساڵ بوو، لە جێی دانیشت، لەو بەروارەوە و لە پێشدا کە باوکی لە ژیاندا بوو تا کۆچی دوایی خۆی (٣٧٠) ئیجازەی مەلایەتی داوە".

کتێبخانەی مەلا ئەفەندی

کتێبخانەی مەلا ئەفەندی لە کۆشکی باداوە یەکجار گەورە بووە، هەزاران کتێبی بە نرخ و چاپکراو و دەستنووسی تێدا بووە، کە لە باوك و باپیرانی بۆی مابووەوە، لەگەڵ هی خۆی ژمارەی (٢٧٠٠) کتێب بووە، لە دوو بەش پێکهاتبوو، بەشێکیان دەستنووس بوون، کە ژمارەیان ٧٠٠ دەستنووس بووە، بەشەکەی تری چاپکراو، بەشێك لە کتێبەکانی پێکهاتبوون لە کتێبی زمانەوانی و زانستی ڕێزمان و ڕەوانبێژی و ڕۆشنبیری و قورئان و فەرموودەکانی نەبەوی.(١١)

مێژووی ئەم کتێبخانەیە بۆ نزیکەی (٥٠٠) ساڵ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە، لە باپیرە هەرەگەورەی ئەم بنەماڵەیەوە، کە مەلا ئیلیاس بووە، تا کۆچی دوایی زانای گەورە (ڕەشاد موفتی) ساڵی ١٩٩٢، ئەم بنەماڵە زانستییە مەلای باشیان لێ نەبڕاوە و بەردەوامیش کتێبیان بۆ زیاد کردووە، تا لە سەردەمی مەلا ئەفەندیدا بووەتە یەکێك لە کتێبخانە هەرە گەورەکانی کوردستان و سەدان کتێبی دەستنووس و چاپکراوی بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی و هەندێکیشی بە کوردی تێدا بووە. ئەو کتێبخانەیە لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٩ دوای نزیکەی (١٧) ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی کۆچی دوایی مەلا ئەفەندیدا، کەوتە بەر شاڵاوی تاڵان و بڕۆ، دوای سوتاندنی کۆشکەکە. ئەم کتێبخانەیە چەندین شتی نایاب و بەڵگەنامەی مێژوویی تێدا بووە و فەوتاوە، یەکێك لەوانە نامەیەکی سەلاحەدینی ئەیوبی بوو، کە بۆ سوڵتان موزەفەری زاوای ناردبوو(١٢).

**کۆشك (قەسر)ی باداوە**

لە ١٩١٣-١٩١٤ دروستکراوە، یەکێك بوو لە کۆشکە هەرە بەناوبانگەکانی هەولێر، کە لە دوو نهۆم پێکهاتبوو، نهۆمی سەرەوە تایبەت بوو بۆ ماڵ و منداڵ و خێزانی، نهۆمی خوارەوەش تایبەت بوو بە میوانان. ئەو قەسرە باخچەیەکی گەورە و کتێبخانەیەکی گەورەشی هەبوو(١٣).

**مەلا فەندی زانای ناودارو کەسایەتییەکی ناسراوی کورد، تەنیا زانای ئایینی نەبوو، بەڵکو لە پاڵ ئەم پایە بەرزەی، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و خاوەن هەستێکی نەتەوایەتی و چاکەخوازبووە**

کە دەچوویە ناو کۆشکەکە دەرگایەکی گەورەکە تاقێکی لەسەر بوو، باوەشی پێدا دەکردی و لە ژوورەوە لە دەستەچەپدا پارکێکی گەورە هەبوو، ئینجا ڕەز و باخێکی گەورە بە داری (زی) دەورە درابوو، ئینجا حەوزێك بەرامبەر دیوەخان بوو، دوو ژووری دیکەی میوانانی بەدوادا دەهات و لە هەردوو چیندا تارمییەکی گەورەی هەبوو، بە دەرگایەکی داری گەورە دەڕۆیشتییە ژووری، لەلایەکەی دیکە چوار ژوور هەبوو بۆ پاسەوان و قاوەچی و شوفێر و قاوەلێنان تەرخان کرابوون. لە ناوەڕاستیشدا پێبلەقەیەك هەبوو، کە بۆ چینی یەکەم پێی بەسەر دەکەوتن و لەلای ڕاستدا ژوورێکی گەورەی هەبوو، بۆ پێشوازی میوانان و ژوورێك بۆ نانخواردن، هۆڵێك لە دوای ئەو ژوورانە هەبوو لەگەڵ ژوورێکی دیکەی گەورە، ئەم ژوورە ڕووی لەلای ماڵ بوو، کە لای (حەرەم) شوێنی ئافرەتانی پێ دەوترا و بە مەمەڕێك دەڕۆیشتیە ئەو بەشە، کە ژوورێکی پێشوازی هەبوو لە تارمەکە ڕووی لە گومەت و ناوشاری هەولێر بوو، پێش ئەوەی بڕۆیتە ناو کۆشکەکە داروباری وەك لیمۆ و پرتەقاڵ دەورەی حەوزێکی ئاوی دەدا، کە لە مەڕمەڕ دورستکرابوو، نافورەیەکی تێدابوو، حەوشەیەکی لێبوو، چێشتخانەیەکی گەورەی هەبوو، کە لە بینایەکی سەربەخۆ پێکدەهات، ئەویش پێنج ژووری تێدابوو، کە ئاشپەز و خزمەتگوزارەکان کاریان تێدا دەکرد. لای ئافرەتان نهۆمی سەر زەوی بوو، بریتی بوو لە هۆڵێکی گەورە و دوو ژوور و لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا نەردیوانێك هەبوو، گەرماوێکی تێدا بوو لەوێوە پەیژەکە دەبوو بە دوو بەش و لەسەرەوە لەپێش هۆڵێکی گەورە یەکیان دەگرتەوە و بەو ژوورە دەچووە سەر تارمە و بەلایەکی دیکەی دەڕۆیشتە ژوورەکانی ناوەوە و لەلای چەپدا دوو ژوور هەبوو، بەرامبەریش هەروا دوو ژووری دیکەی لێبوو، دوای ئەوانەش ساڵەیەکی گەورەی بە ناو (عروس)، دوای ئەمەش دوو ژووری دیکە

و گەرماوێك هەبوو، کۆشکەکە کە لە دار و ئاوێنە دروستکرابوو، ڕەز و بێستانێکی گەورە، کە زەیتوون و ترێ و لیمۆ و زەردەلوو و جۆرەها داری دیکەی تێدابوو، ترێ بەشێکی زۆری ڕەز و باغەکەی داگیر کردبوو، لەگەڵ گوڵ و گوڵەباخدا لە دەرەوەی کۆشکەکە کۆدەبوونەوە و ژوورەکانیش هەموویان بە نەخش و نیگار ڕازابوونەوە.(١٤)

لە سەردەمی عوسمانییەکان چەند دەسەڵاتدارێکی دەوڵەتی عوسمانی سەردانی کۆشکی باداوە-یان کردووە، وەکو (حجال پاش سفاح و عون الله طاطعی و سلێمان نەزیف)، چەند سەرۆك و دەسەڵاتدارێکی تری عێراقی وەکو (نووری سەعید، یاسین هاشمی، ڕەشید عالی گەیلانی ...هتد) سەردانیان کردووە.(١٥)

عوسمان موفتی یەکێك لەو کەسانەیە کە کۆشکی باداوەی دیوە، لەمبارەوە دەڵێت: کۆشکی باداوە زۆر سەیر و سەمەرە بوو، لە لایەنی بیناسازی و نەخش و نیگارییەوە، سەبارەت بە بیناکە دەبووە دوو بەش، بەشێك لە (حەرەم)یان پێ دەوت، لە دواوە سەربەخۆ بوو، بەشی پێشەوەش دیوەخانی میوانان بوو، هەر بەشێکیشی پتر لە (٥٠-٦٠) ژووری گەورە و بچووکی تێدابوو، ڕەزێکی گەورەش کە چەندان جۆرە میوەی لێ چێنرابوو(١٦).

**هاتنی بەریتانیا بۆ هەولێر و هەڵوێستی مەلا فەندی بەرامبەریان**

دوای گەیشتنی سوپای بەریتانیا بۆ کەرکوك و پردێ، سەبارەت بە هاتنی بەریتانیا بۆ شارەکە لە کەرکوکەوە نامەیەك ئاراستەی کاربەدەستان و دانیشتوانی هەولێر کرا، لەو کاتەدا گەورە پیاوانی هەولێر بۆ دوو بۆچوون دابەشبوون، بەرەیەکیان بە توندی داگیرکاری بەریتانیایان بۆ شارەکە ڕەت کردەوە، دیارترینیان (سەید عەبدوڵڵا پاشا نەقیب، ڕەشید ئاغا، عەلی پاشا دۆغرەمەچی، ئەحمەد پاشای دزەیی، پیرداود ئاغای دزەیی، جەمیل ئاغای گەردی) بوون. بەرەی دووەم بە سەرۆکایەتی (مەلا فەندی، ئەحمەد عوسمان، ئیبراهیم بایز ئاغای دزەیی) بوون، هەڵوێستیان نەرم بوو، سەرەتا بەشی زۆری کەسایەتییە دیارەکان لەگەڵ بیرۆکەی بەرگری بوون، بەڵام گرووپی دووەم ڕوونیان کردەوە لەبەر ئەوەی سوپای عوسمانی لە زۆربەی ناوچەکان پاشەکشەی کردووە و لە شکستدایە، بۆیە ئەوانیش ناتوانن بەرەنگاری سوپایەکی پێشکەوتووی وەك بەریتانیا بکەن، لە کۆتاییدا بۆچوونی دووەم زیاتر خۆی سەپاند و بڕیاردرا بەرەنگاری داگیرکاری بەریتانی نەکرێت.(١٧)

**ڕۆڵی مەلا ئەفەندی لە دەنگدانی هەولێر بۆ مەلیك فەیسەڵ و ویلایەتی موسڵ**

مەلا ئەفەندی ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە سەرخستنی ڕاپرسییەکی بۆ دانانی (مەلیك فەیسەڵی کوڕی حوسێن)، هەروەها پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لە نێوان بنەماڵەی مەلا فەندی و بە تایبەتی (مەلا عومەری باوکی) لەگەڵ شەریفی مەککە هەبووە، کە هۆکاری دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ کاتی بەجێگەیاندنی مەراسیمی حەج. هەروەها (مەلا فەندی) ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە کاتی دەنگدان کە خەڵکی هەولێر دەنگ بە مانەوەیان لەگەڵ عێراق بدەن(١٨).

**مەلا ئەفەندی هەروەکو بۆ خوێندنی مەلایەتی بە پەرۆش بووە، بۆ کردنەوەی قوتابخانەی میریش پشتیو انی کردووە**

**دوورخستنەوەی شێخ مەحموود بۆ هیندستان و ڕۆڵی مەلا ئەفەندی لە گەڕانەوەی بۆ کوردستان**

لە کاتی دوورخستنەوەی شێخ بۆ هیندستان و بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی لە زۆرلاوە، دانیشتوانی هەولێر و بە تایبەتی پیاوماقوولانی لەوانە، (مەلا فەندی، محەممەد موفتی هەولێر، مەلا محەممەدی کۆیە) بە مەبەستی ئازادکردنی شێخ ئیمزایان کۆکردەوە و یادداشتێکیان پێشکەش کرد. لەلایەن خۆیەوە مەلا فەندی بۆ چەند جارێك داوای ئازادکردنی شێخ مەحموودی لە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا کرد. لە زۆر دیدار و کۆبوونەوەکانی لەگەڵیاندا ئەم داوایەی دووپات دەکردەوە.(١٩)

**مەلا ئەفەندی ڕێگری لە کۆمەڵکوژی عەنکاوە دەکات**

لە ١٩١٧ ڕووداوی کوشتنی بە کۆمەڵی مەسیحییەکان لەلایەن هەندێك لەو کەسانەوە کە نەشارەزا بوون لە ئیسلام لەم بوارە وا دەزانن ئەمە وەك جیهاد وایە. ڕووداوەکەش لەوە سەرچاوەی گرتووە کاتێك سوپای تورك لە پاشەکشە بووە لە بەرامبەر ئینگلیز لەو سەردەمە هانی هەندێک خەڵکی دەوروبەری شار دەدەن کە مەسیحیەکان پیاوی ئینگلیزن، دەبێت لە ناو بچن.(٢٠)

شاعیر و نووسەر کەریم شارەزا لەم بارەوە دەڵێت: ڕوو دەکەنە باداوە، ئەو ڕۆژەش هەینی دەبێت، کاتێك مەلا ئەفەندی لە خوتبەی هەینی مزگەوتی قەڵا دەگەڕێتەوە لە مەسەلەکە دەگات و بە هەموو جۆرێك خەڵکەکە سارد دەکاتەوە و پێیان دەڵێت: ئەو دیانانەی لەگەڵمان دەژین، ئایینی ئیسلام فەرمانمان پێ دەکات بیانپارێزین و دەبێت پارێزگاریان لێ بکەین، بۆ ئێوارەش لەگەڵ هەموو سەرۆك عەشیرەت و دەمڕاستی

بنەماڵەکانی هەولێر و دەوروبەریدا کۆ دەبێتەوە و گەلێك ئامۆژگاریيان دەکات و لەو جۆرە شەڕ و کارەساتانە دووریان دەخاتەوە.(٢١)

هەر لە بارەی ئەم ڕووداوەوە نووسەری مەسیحی (جەمال مەرقەس) عەنکاوە لە وتارێکیدا بە ناوی (مەلا فەندی لە ویژدانی هەموو خەڵکی عەنکاوە دەمێنێتەوە، دەنووسێت: حاشا هەڵنەگرە مەلاکان ڕۆڵێکی زۆر گەورەیان هەبووە بۆ مانەوەی شاری عەنکاوە لە مێژوودا، دەبێت بە ڕێز و سوپاسەوە بۆ ئەم باسە بڕوانین، بە تایبەتی زانایانی ئایینی هەولێر، بە تایبەتی تریش زانای گەورەی هەولێر مەلا فەندی کە لە سەرووی پێناسەکردنە. لێرەدا دەمەوێت هەڵوێستێکی مەلا فەندی لە بارەی عەنکاوە بخەمە ڕوو، کاتێك عوسمانییەکان دەیانەوێت گوندی عەنکاوە لەسەر زەوی بسڕنەوە، خەڵکەکەی پەرت و بڵاو بکەن، مەلا فەندی یادی بەخێر هەڵوێستێکی مەردانە و یەکلاکەرەوانە بەرامبەر عەنکاوە و خەڵکەکەی دەنوێنێت، مەترسی لە ناوبردنی عەنکاوە دوور دەخاتەوە. من دەمەوێت ئەم هەڵوێستە بۆ نەوەی نوێ و نەوەکانی داهاتوو بخەمە ڕوو، بۆ ئەوەی بزانم ئەو مەلایە چ هەڵوێستێکی مەردانەی نواندووە، دەبێت بڵێم ئێمە و نەوەی داهاتوو مەسیحییەکانی عەنکاوە قەرزاری ئەو پیاوە مەزنەین، بۆیە پێویستە لە هەموو بۆنەکاندا ناوی ئەو بهێنین، پێشنیاز دەکەم ناوی ئەو لە قەداسی ڕۆژی یەك شەممەی هەموو هەفتەیەك بهێنرێت، بە نیەتی ئەوەوە بپاڕێنەوە و نوێژ بکەین. پێویستە ئێمەی مەسیحی، موسڵمان، ئێزیدی و سابیئییەکان مەلا فەندی بکەینە نموونەی بەرزی بەها مرۆڤییەکان، کە ژیانی خۆی بۆ خزمەتکردنی شار و خەڵکەکەی تەرخان کرد.(٢٢)

### بیرو بۆچوونی زانایان و نووسەران سەبارەت بە مەلا ئەفەندی

**مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس:**

ئەبووبەکر ناسراو بە (مەلا گچك)، زانایەکی بەهرمەند و گەورە بووە، یەکێك بووە لەو کەسانەی لە هەولێر خزمەتی زانست و ئایینی کردووە. بە کورتی و بە پوختی مەلا فەندی زانایەکی گەورە بووە، پەناگەی زانایان بووە، ئومێدی غەوارە و غەریبان بووە، یارمەتیدەری چەوساوان بووە، هەر زانا و ئینسانێکی بەڕێز تووشی مەینەتی بووبێت بە هانایەوە چووە و کێشەکانی بە شێوەیەکی شەرعی بۆ چارەسەر کردووە. مەلا فەندی خاوەن ڕەوشتێکی بەرز بووە، عەقڵی لە سەرووی زانست بووە، کەسێکی هەتا بڵێی ڕێکوپێك و بە ئەدەب و هەیبەتدار بووە، هەروەها یەکێك بووە لەو کەسانەی قسەی لێ وەرگیراوە، یەکێك بووە لە پیاوماقوڵەکان، هەروەها وەك خۆرێك وابووە بۆ هیدایەتدانی خەڵك، بەوە

ناسراوە کە کاروباری عەقڵی زۆر کردووە و هیمەتێکی بەرزی هەبووە(٢٣).

**محەممەد ئەمین زەکی:**

مەلا ئەفەندی بە زانست و بەخشندەیی ناسراوە، سەرقاڵ بووە بە تەدریس لە مزگەوتی گەورەی هەولێر، پیاوێکی پڕ زانست بووە، لە خوداناسی و چاکەکاریدا پلەیەکی بەرزی هەبووە، هەموو حکومەتەیەك لە دوایەکەکانی عێراق، هەروەها کاربەدەستان ڕێزی زۆریان گرتووە. کۆمەڵێك بەرهەمی هەیە، کتێبخانەکەی لە کۆشکی باداوە شاری هەولێر بە هەزاران کتێب ئاوەدانە.(٢٤)

## مەلا فەندی بۆ چەند جارێك داوای ئازادکردنی شێخ مەحموودی لە دەسەڵاتدار انی بەریتانیا کرد

**بزووتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی و ناردنی مەلیك بۆ لای مەلا ئەفەندی**

ساڵی ١٩٤١، کاتێك ڕەشید عالی گەیلانی لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەماندا بڕیاری دا، وەسی مەلیك فەیسەڵ، عەبدولئیلاه خاڵی بوو لا ببرێت. ڕەشید عالی گەیلانی نەیدەویست مەلیك فەیسەڵ و خانەوادەی بکوژێت، چونکە لە ئەنجامەکەی دەترسا، بۆیە لە ژێر چاودێری لە بەغداوە ڕەوانەی هەولێریان دەکا، ئەو دەمە ڕەشید عالی گەیلانی بە تەلەفۆن پەیوەندی لەگەڵ مەلا ئەفەندی دەکا و داوای لێ دەکات کە مەلیك فەیسەڵ لە ژێر چاودێری ئەودا بێت. ئەوەبوو خانەوادەکەی و مەلیك فەیسەڵ ڕۆژی ١٩٤١/٥/٢٨ لە بەغدا بە شەمەندەفەر بەڕێ دەکەون ڕۆژی ١٩٤١/٥/٢٩ دەگەنە کەرکوك و پاشان بە ئۆتۆمبێل دێنە هەولێر.

بەر لە گەیشتنیان، مەلا فەندی کۆشکی باداوەیان بۆ چۆڵ دەکات و ئەو کەسانە لەوێ دێڵێتەوە کە لەوێ خزمەتیان بکەن، هەروەها زۆر بە توندیش ڕووبەڕووی ئامر حامیەی هەولێر دەبێتەوە، کاتێک دەیەوێت بیانبات بۆ ناو معەسکەر.(٢٥)

هەر سەبارەت بەم ڕووداوە ئەمیرە بەدیعە نەوەی مەلیك لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا بە ناوی (وريشة العروش) بەم شێوەیە باسی هاتنیان دەکات بۆ لای مەلا ئەفەندی: "ڕۆیشتین بۆ لای یەکێک لە مەلا هەرە گەورەکانی شاری هەولێر، ئێمە نەچووینە ماڵە بە ناوبانگەکەی کە لە ناوەڕاستی هەولێر بوو، بەڵکو چووینە دەرەوەی شار لەوێندەر لە یەکێك لە خانووەکانی ماینەوە، لە نێو باغ و باخچەی ڕازاوە، ئێمە بۆ ئەوە نەچووبووین تەماشای دار و درەختی گوێز و چوالە بکەین، نەچووبووین بۆ ئەوەی تام لە بەروبومی خۆخ و سێو وەربگرین، ئێمە نەچووبووین بۆ ئەوەی لە ژێر سێبەر و سایەی درەختەکانی ئەوێ بحەسێینەوە، وەك خەڵکانی تر دەهاتن بۆ ئەم مەبەستە،

بەڵكو هاتبووین چاوەڕێی چارەنووسی نووسراوی خۆمان دەكرد. لە ماڵی مەلا فەندی كە دەكاتە باوكی پەرلەمانتار (عیزەدینی مەلا فەندی) چەندان ڕۆژ ماینەوە"

"نازانم شەوەكە شەوی بەختەوەری بوو، یان بەدبەختی و قوربەسەری بوو، یەك لە كودەتاچییەكان هاتن داوایان لە مەلا فەندی كرد مەلیك فەیسەڵی دووەمیان تەسلیم بكات، ئەویش وڵامی دایەوە "بە زاتی خودا من مەلیك فەیسەڵتان تەسلیم ناكەم هەتا ئەگەر تەنانەت بشم كوژن" كاتێك كە زانیان ئەو هەر سوورە لەسەر بڕیارەكەی پشتیان هەڵكرد و ڕۆیشتن.(٢٦)

**مەلا ئەفەندی لە بیرەوەری بیانییەكاندا**

دەبلیو ئار هی، حاكمی سیاسی بەریتانی لە هەولێر لە كتێبی (دوو ساڵ لە كوردستان) دا دەنووسێت: لە هەموو زانایان بەڕێزتر (مەلا فەندی) بوو، كە زۆر جار لە گوندەكەی (باداوە) سەردانم دەكرد، كە ئەو گوندە شانۆی ئەو دانوستانەبوو لەگەڵ سەرۆكە دزەییەكاندا كرا. باداوە شوێنێكی جوانە، بێستان و كەپری مێو دەوریان داوە. مەلا فەندی ڕۆژی لە مزگەوتی گەورەی هەولێر بەسەر دەبات، ئێوارانیش دەچێتەوە ماڵەكەی. مەلا فەندی باڵای كورتە و شێوەیەكی هەڵۆیی هەیە و كاری لە خواترسانە. هەرگیز دەستی ناسكی وەك دەستی ئەوم لە ژیانمدا نەدیوە، ئەو هەمیشە جبەیەكی شۆڕی ڕەنگ خۆڵەمێشی لەبەر دەكات كە دەگاتە سەر پێیەكانی، تەربوشێكیش لەسەر دەنێت كە بە قوماشێكی موسڵی (موسلین)ی شینی كاڵ دەورە دراوە. ئەو لە هەموو كوردستاندا ڕێزی هەیە و خەڵكەكەی بە قسەكانی دڵخۆش دەبن و دەگەشێنەوە وەك گەشانەوە بە بۆنی گوڵان، ئەمەش هەمووی لەبەر زانست و لەخوداترسی. ئەو پێشكەوتنخوازە، ئەو بڵاوكراوانەی كە لە میسر و توركیاوە دێن دەیانخوێنێتەوە، قسەكردنەكانی زیرەكانەن و بابەتە سیاسی و زانستییەكان لە خۆ دەگرێت.

ڕۆژێكیان دەربارەی باری سەرنجی خۆی لەسەر ئەو بارودۆخەی خۆی لە میزۆپۆتامیا هەیە پرسیارم لێ كرد، لە وەڵامدا وتی: هەموو كەسێك شەیدای ئەوەیە نیشتمانی (دایك)ی ئازاد بێت، بەڵام ئێمە ئێستا بە هەر حاڵ ئێرەیی بەرامبەر یەكتر بە خراپترین شێوە لێكی كردووین، كەسێكیش نییە شایەنی حوكمڕانی بێت، دەمانەوێت ئێوە كاروبارەكانمان بەڕێوە ببەن تا ئاشتی و ئاسایشمان بۆ دەگەڕێتەوە و دەتوانین حوكمی خۆمان بكەین(٢٧).

**مەلا فەندی لە بیرەوەری (ای ام هاملتۆن) لە كتێبی (ڕێگایەك لە كوردستان)**

هاملتۆن لە بارەی مەلا فەندی دەڵێت: (مەلا فەندی) کە خواپەرستێکی دەوڵەمەندە بڕێکی زۆری لەو بەرهەمە هەیە و خەڵك بە مرۆڤێکی پاك و ژیر باسی دەکەن(٢٨).

**مەلای فەندی لە دیدی مەلای گەورەدا**

مەلای گەورەی کۆیە و مەلا ئەفەندی هەولێری دۆستایەتی و برادەرایەتییەکی زۆریان لە نێواندا هەبووە، لە بەشێکی زۆر بۆچوونەکانیان هاوڕابوون و پرس و ڕاوێژیان بە یەکتر کردووە. مەلای گەورە کوڕەکەی خۆی (مەسعود محەممەد) بە مەبەستی خوێندن دەنێرێت بۆ ماڵی مەلا ئەفەندی و چەند ساڵێك لەوێ بەسەر دەبات.

**کاتێك عوسمانییەکان دەیانەوێت گوندی عەنکاوە لەسەرزەوی بسڕنەوە، خەڵکەکەی پەرت و بڵاو بکەن، مەلا فەندی یادی بەخێر هەڵوێستێکی مەردانە و یەکلاکەرەوانە بەرامبەر عەنکاوە و خەڵکەکەی دەنوێنێت، مەترسی لە ناوبردنی عەنکاوە دوور دەخاتەوە**

خۆشەویستی مەلای گەورە و مەلا ئەفەندی بە جۆرێك بووە هەتا کاتێك مەلا ئەفەندی کۆچی دوایی دەکات و مەلای گەورە بە هەواڵەکە دەزانێت ئەو کات لە کۆتایی تەفسیرەکەیدا دەبێت و دەنووسێت: "لەو چەندانە؛ وەفاتی (حەزرەتی مەلا ئەبووبەکر ئەفەندی) هەولێری؛ سعات شەشی شەوی پێنج شەمووی ڕابردی؛ (إنا لله)؛ ئەگەر وەفاتی ئەو زاتە لە ئەسنای تەفسیرم دابا؛ موحەقیق لەبەر ئەلەم پێم تەواو نەدەکرا".(٢٩)

لە بارەی پایەی زانستی مەلا ئەفەندی دەڵێت: "خانەدانی عیلم ئەبێ وەکی حەزرەتی (مەلا ئەبووبەکر ئەفەندی) هەولێری بێ، خانەدانی عیلم، عالم، عەلامە، ساحێبی سەروەت و سامان، لەسەر ئەو هەموو حاڵەش متەوازیع، (کەریمو التەبع)، ئاڵای عیلمی بۆ وڵات هەڵگرتییە، عیززەتی پێدایە، خودا لەگەڵ عزز و جاهو ئەولادی دەوامی بدا".(٣٠)

**مەلا ئەفەندی لە شیعری شاعیراندا**

بەشێکی شاعیرانی کورد شیعریان بۆ مردنی مەلا ئەفەندی و پایە زانستییەکەی نووسیوە، لێرەدا تەنیا ئاماژە بە دوو شاعیر دەکەین.

پیرەمێرد ئەم شیعرەی لە ساڵی ١٣٦١ی هیجریدا بە بۆنەی کۆچی دوایی (مەلا فەندی) گوتووە.

ئایینی ئیسلام دەری خستووە
دوای مردن گیانی وەلی زیندووە

وەلی سیفاتی خودای تێدایە
نائبی نەبی و لە بەند ڕەهایە

بە هیدایەتی خودا مەحفووزە
نەبی مەعسوومە، وەلی مەحفووزە
سیفەتی پایەیی وەلێتی سیانە
عیلم و ئەدەب و زیکری سوبحانە

جگە لەوەی ئەو، بابی هەژار بوو
چاکە و بەخشندەی هەزار هەزار بوو

نیوشیعری دوایی تەئریخی خشتە
مەدرەسەی مەلای هەولێر بەهەشتە

بە حیسابی ئەبجەد دەکاتە ١٣٦١ کۆچی مانگی کە ساڵی مردنی مەلا گچکەیە(٣١)

شێخ ڕەزا لە شیعرێکی درێژدا بە زمانی تورکی مەدحی مەلا فەندی دەکات، دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لێرەدا تەنیا چەند دێرێکی تورکی و کوردییەکەمان داناوە:

بو شفق کیم فلك لکەء دامانیدر
پایمال ایتدیکی مظلوملرك قانیدر
آە مظلوم، نسیم چمن مفخرتی
دهن زخم جطر خونچەء خندا نیدر
مطلع جدی، چراگاە حمل، خانەء تور
بر طاقم جانورك عرصەء جولانیدر
اوستنە قونمش اسد سرتنە بینمش
سرطان
روز و شب ملعبەء عالم حیوانیدر

**واتا:**

ئەم شەفەقە کێیە، خاڵی ڕۆشنکەرەوەی فەلەکە
خوێنی ئەو زۆرلێکراوانەیە کە پاماڵ کراوە
ئاهی مەزڵومان نەسیمی باغی خۆهەڵکێشانیەتی
زاخاوی برینی جەرگ غونچەی خەندانیەتی
دەرکەوتنی (جدی) چراگەی (حمل) خانەی (ثور)
مەیدانی جەوەلانی دەستەیەك جانەوەرانن
(أسد) نیشتووەتە سەری، (سرطان) سواری پشتی بووە
ڕۆژ و شەو وازیخانەی عالەمی حەیوانییەتی(٣٢)

**مەلا ئەفەندی بە زانست و بەخشندەیی ناسراوە، سەرقاڵ بووە بە تەدریس لە مزگەوتی گەورەی هەولێر، پیاوێکی پڕزانست بووە، لە خوداناسی و چاکەکاریدا پلەیەکی بەرزی هەبووە**

**کۆچی دوایی مەلا ئەفەندی**

مەلا ئەفەندی لە ڕۆژی پێنج شەممەی ٢٢ی مانگی زیلحیجەی (١٣٦١ك)

١٩٤٣/١٢/٣١ز کۆچی دوایی کرد. ئەگەرچی ئەوسا میدیاکان و تەنانەت هۆیەکانی گواستنەوە و گەیاندنیش وەکو ئێستا نەبوونە، بەڵام وەکو دەڵێن هیچ هەواڵێك لە شاری هەولێر وەکو هەواڵی کۆچی دوایی مەلا ئەفەندی وا بە خێرایی بڵاونەبووەتەوە. خەڵکی هەولێر بە لەدەستدانی ئەو زانا و کەسایەتییە بەرز و دڵسۆزەی شارەکەیان، زوو خۆیان گەیاندە باداوە و بەشداریی ڕێورەسمی بە خاك سپاردنیان کرد لە باداوە.(٣٣)

بە پێی سەرچاوەکان ڕێورەسمەکە زۆر گەورە بووە، بەم بۆنەیەوە خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە و چەندین نووسراوی گەورە پیاوان و دەسەڵاتداران و سەرۆك هۆز پرسە و ماتەمی خۆیان پێشکەش بە بنەماڵەکە کرد، جگە لەمە کۆچی دوایی کاری کردە سەر هەستی شاعیرانی کورد و عەرەب.(٣٤)

---

**پەراوێزەکان:**

١-کسپەی دەروون، حەمەساڵح فەرهادی، ل: ٤.

٢-مێژووی زانایانی کورد، مەلا تاهیر بەحرکەیی، بەرگی یەکەم، ل: ٣٩.

٣-ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی ١٠، ل: ٤٦١٩.

٤-مێژووی ناودارانی کورد، قانع قادر عوسمان، ل: ٩٠.

٥-ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دەیەم، ل: ٤٦١٩.

٦- کسپەی دەروون، حەمەساڵح فەرهادی، ل: ٤.

٧-هەمان سەرچاوە، ل: ١٩.

٨-ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دەیەم،ل:٤٣٦٠.

٩-هەمان سەرچاوە، ل: ٤٦٢٠.

١٠-مێژووی زانایانی کورد، مەلا تاهیر بەحرکەیی، بەرگی یەکەم، ل: ٣٩.

١١-ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی ١٠، ل: ٤٦٢٢.

١٢-کسپەی دەروون، حەمەساڵح فەرهادی، ل: ٣١.

١٣-هەمان سەرچاوە، ل: ١٦.

١٤- ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دەیەم، ل: ٤٣٦٢.

١٥- هەمان سەرچاوە، بەرگی دەیەم، ل: ٤٦٢٠.

١٦- هەمان سەرچاوە، بەرگی دەیەم، ل: ٤٣٦٣.

١٧-هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٢٦)دا نەهرۆ محەممەد عەبدولقادر، ل: ٧٠.

١٨-هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩٣٠ مەهدی محەممەد قادر، ل: ١٣١ و ١٦١.

١٩-هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٢٦)دا ماستەرنامەی نەهرۆ محەممەد عەبدولقادر، ل: ١٦٦.

٢٠-ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی چوارەم، مێژووی هاوچەرخ، ل: ١٥٥٦.

٢١- هەمان سەرچاوە، بەرگی دەیەم، ل: ٤٣٦١.

٢٢-ئەم وتارە لە ساڵی ٢٠١١ لە ماڵپەری عەنکاوە (ankawa.com) بڵاوکراوەتەوە بە عەرەبی (ملا افندي في ضمير كل عنكاوي) ئێمە بەشێکمان وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی.

٢٣- علماؤنا في خدمة العلم والدين، عبدالكريم محمد المدرس، ل: ٣٤.

٢٤-مشاهير الكرد وكردستان، فى العهد الاسلامى، الجزء الأول، محمد امين زكى: ٨٤.

٢٥-ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی چوارەم، مێژووی هاوچەرخ، ل: ١٥٥٩.

٢٦-مذكرات وريثة العروش، أميرة بديعة، بقلم: فائق شيخ علي، ل: ١٣١.

٢٧-دووساڵ لە کوردستان، دابلیو. ئار. هێی، وەرگێڕانی: لوقمان بایپر، ل: ١٧٠.

٢٨-هەولێر لە یاداشت و بیرەوەری گەڕێدە و نووسەرە بیانییەکاندا، کۆیی، ل: ١٧٣.
٢٩- تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورە، بەرگی دەیەم، ل: ٧٢٣.
٣٠-هەمان سەرچاوە، بەرگی دەیەم، ل:١٨.
٣١-دیوانی پیرەمێرد، بەرگی یەکەم، ل: ٣٥٩.
٣٢-شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ل: ٢١٨.
٣٣-کسپەی دەروون، حەمەساڵح فەرهادی، ل: ٣٤.
٣٤-ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دەیەم، ل: ٤٦٢٤.


---

## سەرچاوەکان:

١-هەولێر لە یاداشت و بیرەوەری گەڕێدە و نووسەرە بیانییەکاندا، هۆشیار محەممەد ئەمین کۆیی، نووسینگەی تەفسیر، ٢٠١٣.
٢-هەولێر لە ساڵانی، ١٩٢٦-١٩٣٩، د. مەهدی محەممەد قادر، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانە حاجی هاشم، ٢٠١٣.
٣-کسپەی دەروون، حەمەساڵح فەرهادی، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر، ٢٠١٢.
٤- دوو ساڵ لە کوردستان، دابلیو. ئار. هێی، وەرگێڕانی: لوقمان باپیر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر، ٢٠١٦.
٥-علماؤنا في خدمة العلم والدين، عبدالكريم محمد المدرس.
٦-تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، مەلای محەممەدی جەلیزادە، بەرگی دەیەم، ٢٠٠٩.
٧-مذكرات وريثة العروش، أميرة بديعة، بقلم: فائق شيخ علي، مركز البحوث والدراسات الستريتيجية العراقي – لندن، الطبعة الأولى، ٢٠٠٢.
٨-مشاهير الكرد وكردستان، في العهد الاسلامي، محمد امين زكي، الجزء الأول، مطبعة التفيض الاهلية، ٢٠١٦.
٩-مێژووی زانایانی کورد، مەلا تاهیر عەبدوڵڵا بەحرکەیی، بەرگی یەکەم، کۆڕبەندی هزری ئیسلامی، ٢٠١٠،
١٠-بووژانەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، محەممەد عەلی قەرەداغی، بەرگی دووەم، ١٩٩٩.
١١-هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٢٦)دا ماستەرنامەی نەهرۆ محەممەد عەبدولقادر، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٨.
١٢-دیوانی پیرەمێرد، پیداچوونەوەی: ئومێد ئاشنا، بەرگی یەکەم.
١٣- دیوانی پیرەمێرد، پیداچوونەوەی: محەممەد ڕەسوول (هاوار).
١٤- شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ژیانی، پەروەردەی، بیروباوڕی و شیعری، د، موکەڕەم تاڵەبانی، دەزگای پاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، ٢٠١٠.
١٥- ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی چوارەم، هەولێر لە بیستەکاندا، مێژووی هاوچەرخ، ٢٠٠٩.
١٦- ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دەیەم، کەسایەتی ناودارەکان، ٢٠٠٩.
١٧- هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩٣٠ مەهدی محەممەد قادر، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر ٢٠٠٨.
١٨- ماڵپەڕی عەنکاوە ankawa.com
١٩- مێژووی ناودارانی کورد، قانع قادر عوسمان، چاپی یەکەم، ٢٠١٩.

ڕانانی کتێب

ئایینناسی




# فیقهی پێکەوەژیان نامسوڵمانان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا

## ڕانانی: ئلیاس تاهیر

(فقه التعایش) غیر المسلمین في المجتمع الاسلامي حقوقهم و واجباتهم لە نووسینی نووسەری بەناوبانگی ئێرانی (روح الله الشریعتی)یە، کە عەلی دەهر جەزائیری کردوویەتی بە عەرەبی. نووسەر لە ١٩٦٨ لە ئەردستانی ئێران لە دایک بووە، لە ژیانی ئەکادیمیدا دوو بواری گرنگی کۆ کردووەتەوە، یەکەمیان خوێندن لە حەوزەی زانستی کە زانستەکانی شەرعی و فیقهی تێدا دەخوێنرێت، لەگەڵ گرنگیدان بە زانستە سیاسییەکان، دووەمیان خوێندنی بەشی یاسا و بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لەم بوارەدا لە پسپۆڕی یاسای گشتی نێودەوڵەتی (القانون الدولی العام). بەم هۆکارە نووسەر مەیدانی نووسین و گرنگیدانی بە بوارەکانی یاسا و شەریعەت لە زۆر کاتدا بەیەکەوە بەستووە و کتێب و توێژینەوەی زۆری بەردەست خستووە.

پێکەوەژیان وەک یەکێک لە گرنگترین بوارەکانی گرنگی پێدان لە لایەن هەموو ئایینەکانەوە، پێگەیەکی گرنگ لە بابەتە سەرەکی و ئامادەکانی ڕۆژانەی ئەم ئایینانە داگیر دەکات، چونکە دەکرێت، بڵێین پێکەوەژیان دەبێتە چەقی فەلسەفە و هۆکاری دابەزینی ئایین و دانانی پەیڕەوی بۆ ژیانی مرۆڤ لەلایەن ئەم ئایینانە.

لەبەر ئەمەیە نووسەر لە دووتوێی ئەم پەرتووکەدا بە شێوەیەکی زۆر ورد باس لە پێکەوەژیانی نێوان موسڵمانان و شوێنکەوتوانی ئایینەکانی تر دەکات لە کۆمەڵگەیەکی موسڵماندا، مافیان دیاری دەکات و ئەرکەکانیان ڕوون دەکاتەوە، لە پێشەکی ئەم پەرتووکەدا بە هەندێک پرسیاری گرنگ دەستی پێ کردووە، گونجاوە بڵێین نووسەر هەر لە سەرەتاوە ویستویەتی ڕێگەی سەلماندنی گرنگیدانی ئایینی ئیسلام بە پێکەوەژیان بچەسپێنێت، کە پرسیویەتی ئایا لەو هەزار و چوار سەد ساڵەی تەمەنی ئیسلام کامە کۆمەڵکوژی کردووە دژی کەمینەکان، یان ئایینەکانی تر بە هۆی جیاوازی ئایینەوە؟ لە چ کاتێکی مێژوودا ئەمە تۆمار کراوە؟ ئایا ئەو پاراستنەی کە موسڵمانان لە خۆیان کردووە بەرامبەر هێرشی دوژمنانیان لە کاتی هێرشکردنە سەریان، دەکرێت بە کوشتار و کۆمەڵکوژی بناسێنرێت؟ زۆرێک لەم پرسیارانەی کە نووسەر بە ڕوونی تێیدا بە دیوێکی تر و بە ناڕاستەوخۆ وتویەتی کە ئایینی ئیسلام ئایینی پێکەوەژیانە زیاتر لەوەی بەرنامە و بڕیاری کوشتن و لەناوبردنی ئایین و کەمینەکانی تر بێت.

لەم پەرتووکەدا نووسەر بە گرنگیدان بە لایەنەکانی (فیقهی، مافی شیکردنەوە، مێژوو، گێڕانەوە، بەدواداچوون) هەوڵی شیکردنەوەی داوە بۆ ڕوونکردنەوەی بنەما گرنگەکانی پێکەوەژیان.

نووسەر لە کتێبەکەدا دابەشکاری کردووە بۆ چوار بەش و پاشکۆیەک، کە هەر بەشێک بە شێوەیەکی ڕوون و ورد پێشەکی و ناوەڕۆک و دەرەنجامیشی هەیە، هەموو بەیەکەوە تەواوکەری بیر و تێگەیشتنی نووسەرە بۆ بابەتی پێکەوەژیان.

لە بەشی یەکەمی ئەم پەرتووکەدا نووسەر هەوڵی داوە چەمک و بابەتە گشتییەکانی پەیوەست بە پێکەوەژیان ڕوون بکاتەوە، کە دابەش کراوە بۆ دوو تەوەری سەرەکی. لە تەوەرەی یەکەمدا نووسەر دابەشکاری کردووە بۆ ئەوانەی باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام نەهێناوە بۆ دوو دەستە، یەکەمیان ئەو بێباوەڕانەی کە هاووڵاتین، واتە نیشتەجێی ژێر دەسەڵاتی موسڵمانانن، دووەمیان بێباوەڕانی دەرەکی، ئەوانە دەگرێتەوە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی دەژین.

ئەوەی پەیوەندی بە بێباوەڕانی دەرەکی هەیە، دەکرێت بە دوو بەشەوە، لە ڕووی مامەڵە لەگەڵکردن، ئەوانەی کە پەیماننامەیان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی

دەبێت، یاخود دژایەتی نەکەن، ئەوانە بە پێی هەندێک بنەما و ڕێوشوێن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و بە شێوەیەکی ئاسایی دەردەکەوێت، بەڵام ئەو بێباوەڕانەی دژایەتی موسڵمانان بکەن ئەوا بە گشتی هیچ پاراستنێکیان نییە و زۆر کات توندوتیژی جێگەی پەیوەندی دەگرێتەوە. بەڵام بێباوەڕانی نیشتەجێی دەوڵەتی ئیسلامی جۆری پەیوەندی و مامەڵەیان جیاوازە، کە ئەمانیش دەکرێن بە دوو دەستە، یەکەمیان خاوەن (ئایینە ئاسمانییەکان) (أهل الذمة)، دووەمیان پەنادراوان (المستأمنين)، سەبارەت بە توێژی یەکەمیان، کە بریتین لە خاوەن کتێبە ئاسمانییەکان بە پێی گرێبەستێک بە پێدانی سەرانە بە دەسەڵاتی ئیسلامی پێکەوە لەگەڵ موسڵمانان دەژین و مافی هاووڵاتیبوونیان بە دەست دەهێنن، بەڵام دەستەی دووەم کە کتێبی ئاسمانیان نییە، یا هەرچەندە نووسەر وردتر شی کردووەتەوە و باسی کردووە، بەڵام پوختەی تێڕوانینی ئەمەیە کە ئەوانیش دەتوانن بە هەر جۆرێک گرێبەست لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی پێکەوەژیان هەڵبژێرن و مافی هاووڵاتیبوون بە دەست بهێنن، نووسەر لەم تەوەرەدا بەڵگە و بابەتی زۆری خستووەتەڕوو بۆ سەلماندنی هەبوونی باوەڕی پێکەوەژیان لە لای موسڵمانان لەگەڵ هەموو ئایین و ئایینزاکانی تری ناو کۆمەڵگە بە مەرجێک هەبوونی پەیماننامە و ڕێککەوتنی ڕوون و ئاشکرا لە نێوان هەردوولا کە گرنگترین خاڵ تێیدا دژایەتی نەکردنی ئایینی ئیسلامە، یاخود شکاندنی بنەما سەرەکییەکانی لە کۆمەڵگەدا. هەروەها نووسەر لەم بەشەدا گرنگی زۆری داوە بە تیۆری یەکسانکردن و وشەی (أهل الذمه) و (المستأمنين) بە چەمکی هاووڵاتیبوون بە مانا و مەبەستە نوێیەکەی لە سەردەمی ئێستادا، کە نووسەر پێی وایە لە کۆتاییدا هەموو بە گشتی دەبنەوە هاووڵاتی و یەکسانن لە بەردەم یاسا و لەناو کۆمەڵگەدا.

لە تەوەری دووەمی ئەم پەرتووکەدا، نووسەر باس لە بابەتی بنەما دەرەکییەکانی پەیوەندی نێوان موسڵمانان و خاوەن ئایین و بیروڕا جیاوازەکان دەکات، لە شەش بنەمای سەرەکیدا کۆیان دەکاتەوە، کە هەموو ئەم بنەمایانە تێڕوانینی دینی ئیسلامن بۆ جۆری پەیوەندی بە ئایینەکانی ترەوە و وەک نووسەر پێداگری کردووە، دەبێت بەرپرسانی موسڵمانان و دەسەڵاتداران پێوەی پێویست بن، بنەماکانیش بەم شێوە ڕێکخراوە .

**بنەمای یەکەم:** ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتداری بە سەر موسڵماناندا، مەبەست لەم بنەمایە ئەوەیە کە لە کاتێکدا موسڵمانان شوێنکەوتوانی ئایینەکانی تر بەیەکەوە دەژین لە یەک کۆمەڵگەدا و تێیاندا موسڵمانان دەسەڵاتیان هەیە، نابێت غەیری

موسڵمانان دەسەڵات و بە پرسیاریەتی سەرپەرشتیاریان هەبێت لەسەر موسڵمانان، دەبێت ئەمە ڕەچاو بکرێت لە هەموو بوارەکانی مامەڵە و گرێبەستێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، سیاسی، دادوەری، سەربازیش، هەر یاسا و ڕێککەوتنێکیش هەبێت پێچەوانەی ئەم بنەمایە، بە هەڵوەشاوە ئەژمار دەکرێت و کاری پێ ناکرێت.

**بنەمای دووەم:** بانگەواز کردن بۆ ئیسلام:

پشتبەست بەم بنەمایە نووسەر لەگەڵ پێکەوەژیان و ڕێزی ئایین و پێدانی مافی هاووڵاتیبوون بە شوێنکەوتوانی ئایینەکانە لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا، هەروەک بە پێویستی دەزانێت بە زمانی شیرین و بەڵگەی جوان و زانستی بەبێ هیچ مەرج و زۆرلێکردنێک موسڵمانان بانگی ئەوانی تر بکەن بۆ ناو ئایینی ئیسلام و هاتنە نێو ڕێزی موسڵمانان، کە نووسەر ئەمە وەک ئەرکێکی گرنگ و پاشان پیرۆز دەبینێت و پێویستە پەیڕەو بکرێت بە بەرنامەی ڕێکوپێک و چاودێری ورد، چونکە لە ئایینی ئیسلامدا زۆرلێکردن نییە، تەنیا بانگکردن و ڕوونکردنەوەی بنەماکانی ئایین ڕێگە پێدراوە.

**بنەمای سێیەم:** نزیککردنەوەی دڵەکان و دروستکردنی ڕێز و خۆشەویستی نێوان موسڵمانان و ئەوانەی تر کە پێکەوە دەژین، لەم بنەمایەدا نووسەر پێداگری کردووە لە هەبوونی بەرنامە و پلانی تۆکمە لەلایەن دەسەڵات و موسڵمانانەوە بۆ دروستکردنی شێوازێک لە خۆشەویستی، یاخود ڕێز، یاخود سۆز و بەزەیی لە نێوان هەردوولادا بۆ ئەوەی پێکەوەژیان چەسپاو بێت، لە مامەڵەی ورد و ئاسایی ڕۆژانەدا جیاوازی لە نێوان موسڵمانان و ئەوانی تردا نەبینرێت و پێکەوەژیان پەیوەست بکرێت بە کۆی مامەڵەی ڕۆژانە، هاوکاری پاڵپشتی یەکتری ببێتە سیمای ڕاستەقینەی کۆمەڵگە و ئاشتی بەر قەرار بێت.

**بنەمای چوارەم:** بنەمای چاکەکردن بەبێ بەرامبەر، مەبەستی نووسەر لەم بنەمایە دەرخستنی چاکەخوازی و دڵسۆزی و مرۆڤبوونی موسڵمانانە و پێی وایە زۆر پێویستە موسڵمانان گرنگی بە هاوکاری ئەوانی تر بدەن، هەموو کات ئامادە بن بۆ دەستگرتن و پاڵپشتیکردن و سوود گەیاندن بە هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بە بێ گوێدانە جیاوازی و ئایین و بیروڕا، لەمانەش هاوکاری پێدانی خۆراک، جلوبەرگ، شوێنی مانەوە، هاوکاری پزیشکی و هەر بوارێک کە پێویستە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە هەر کێشە و ناخۆشییەک لە ژیانیدا.

**بنەمای پێنجەم:** دادوەری و یەکسانی، ئەم بنەمایە وەک نووسەر جەختی لەسەر دەکاتەوە پەیوەستە بە ماف و ئەرک کە یاسا دیاری دەکات، یاخود عورف کە لە کۆمەڵگەدا پەیڕەوی دەکرێت، کە پوختەی مانای ئەم بنەمایە ئەوەیە نابێت

هیچ کات موسڵمانان بە هۆی ئەوەی کەسی بەرامبەری خاوەن دیدگا و ئایینێکی ترە هیچ زیادەڕەوییەک لە بەدەستهێنانی مافێک، یان یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەک بە هەر شێوەیەک بێت، بکات.

**بنەمای شەشەم:** بنەمای پەیوەستبوون بە بەڵێنەکان، نووسەر لەم بنەمایەدا شیکردنەوەی کردووە بە فەرموودەیەک کە تێیدا بە گشتی فەرمان کراوە کە دەبێت موسڵمانان لەسەر بەڵێن و پەیمانەکانیان بن، بەم شێوەیە پێکەوەژیان ئەوەی پێویستە کە دەبێت کەسانی دەسەڵاتدار و خاوەن پلەوپایە هیچ کات شوێن و پێگەیان بەکارنەهێنن بۆ زۆرلێکردنی بەرامبەر، دەبێت هەموو کات بە هەر شێوەیەک بێت بەڵێن و پەیمانەکانیان لەگەڵ بڕوادارانی ئایینەکانی تر و بێباوەڕەکان بەجێ بگەیەنن و دوور بن لە پێچەوانەبوونی وتە و کردەوەکانیان و هەر مافێک دروست بێت لە پەیمان و بەڵێنێک دەبێت وەک خۆی جێبەجێ بکرێت.

## پێکەوەژیان دەبێتە چەقی فەلسەفە و هۆکاری دابەزینی ئایین و دانانی پەیڕەو بۆ ژیانی مرۆڤ لەلایەن ئەم ئایینانە

بەشی دووەمی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ بابەتی مافی شوێنکەوتوانی ئایینەکانی تر لەلای موسڵمانان، لەم بەشەدا نووسەر بە سێ تەوەری سەرەکی باسی لە مافی شوێنکەوتوانی ئایینەکانی دەرەوەی ئیسلام کردووە، جیاکاری کردووە لە نێوان مافی خاوەن کتێبە ئاسمانییەکان و ئەوانەی ئایینێکی ئاسمانیان نییە لە لایەک، ئەوانەی بە کاتی داوای مانەوەی ژیان دەکەن لە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانان لە لایەکی ترەوە، بەم شێوەیە ڕوونی کردووەتەوە:

**تەوەری یەکەم: مافی شوێنکەوتوانی کتێبە ئاسمانییەکان، لەم تەوەرەیەدا** نووسەر بە چوار خاڵی سەرەکی مافەکانی خاوەن کتێبە ئاسمانییەکانی دیاری کردووە، کە ئەوانیش (مەسیحییەکان، جوولەکە، زەردەشتییەکان)ن، کە نووسەر ئەمانەی دیاری کردووە وەک ئەو ئایینە ئاسمانییانەی کە لە ئیسلامدا دان پێدانراون، لە خاڵی یەکەمدا باس لە مافە کولتووری و ئایینییەکان دەکات، وەک هۆکارێکی گرنگ و گەورەی پێکەوەژیان ئاماژەی بۆ دەکات، کە سەرچاوەی سەرەکی ئەم مافە ڕێگە پێدانە بە ئەنجامدانی عیبادەت و پەیڕەوکردنی ڕێنماییە ئایینییەکانی تایبەت بە خۆیان، لە ناویشاندا هەبوونی موڵکداری و پەرستگاکانیان و چاککردنەوە و تازەکردنەوەی ئەو پەرستگایانە و ڕێکخستنی بۆنە و یادە ئایینییەکانیان.

لە خاڵی دووەمدا: نووسەر چووەتە سەر

باسی مافە سیاسییەکان، کە دەتوانێت ئەم خاڵە وەک بابەتێکی دیار و جێگەی مشتومڕ لە نێوان زاناکان ببینێت، کە جیاوازی زۆری لەسەرە، بەڵام نووسەر زۆر بە ڕوونی بە هەبوونی بەڵگەی تەواو ئەوەی دەرخستووە کە خاوەن کتێبە ئاسمانییەکان دەتوانن بەشداریی سیاسییان لە دەسەڵاتی ئیسلامدا هەبێت، ئەگەر لە پێگەیەکدا نەبێت کە تەنیا بڕیار بە دەست بن بتوانن بڕیارێک دەربکەن پێچەوانەی بنەماکانی ئیسلام بێت.

لە خاڵی سێیەمدا مافە دادوەرییەکانی خاوەن کتێبە ئاسمانییەکان شی کراوەتەوە و نووسەر بە کورتی ئاماژەی بەوە کردووە کە لە دەسەڵاتی ئیسلامدا هەموان دەتوانن پەنا بۆ دادگا ببەن و هیچ جیاوازییەک لە نێوان هیچ کەسدا ناکرێت، هەموان هاووڵاتین و یاسا و پەیماننامە هەیە، کە ئەمانەی ڕێکخستووە، ڕێگەش دراوە دادگای تایبەت بە خۆیان هەبێت بۆ ئەو بابەتانەی کە جیاواز بن لە نێوان ئایینی ئەوان و ئایینی ئیسلام بۆ پاراستنی ماف و شکۆیان، کەواتە یەکسانی دادوەری لە کۆمەڵگەی ئیسلامدا گشتییە و جیاوازی لە نێوان تاکەکان و (هاووڵاتییان)دا ناکرێت لە بەردەمی یاسا.

لە خاڵی چوارەمدا مافە ئابووری و بازرگانییەکان ڕوون کراوەتەوە، کە نووسەر بە گشتی لە دوو ئاراستە دیاری دەکات، ئاراستەی یەکەمیان ئەوەیە هەر شتێک ڕێگەپێدراو بێت لە لایەنی ئابووری (بەکارهێنان، یاخود بازرگانیکردن) ئەوە بۆ خاوەن کتێبە ئاسمانییەکانیش ڕێگە پێ دراوە و هیچ جیاوازییەک لەم بوارەدا نابینرێن، ئاراستەی دووەم ئەو بابەتانە دەگرێتەوە، کە لە ئایینی ئیسلامدا قەدەغە کراون و ڕێگەپێدراو نین، وەک خواردنەوە کحولییەکان و گۆشتی بەراز و ... تاد، کە نووسەر پێی وایە تەنیا مەرجی نهێنی بوون، یاخود بڵێین بە ئاشکرا مامەڵەکردن و کڕین و فرۆشتن و بەکارهێنان پێوە نەکرێت، ڕێگە پێدراون، وەک مافێکی کەسی و ئایینی تایبەت بە خۆیان سەیر دەکرێت و دەتوانن سوودی لێ وەرگرن.

لە خاڵی پێنجەم و کۆتاییدا بابەتی مافە کۆمەڵایەتییەکان وەک مافێکی دیار و بەهاداری خاوەن کتێبە ئاسمانییەکان باسی لێوە کراوە و نووسەر جەخت دەکاتەوە لەوەی کە پێکەوەژیان لە کۆمەڵگەدا پێویستی بە هەبوونی پاڵپشتی تەواو هەیە بۆ بەجێگەیاندنی مافە کۆمەڵایەتییەکان، کە بە تەواوی پەیوەستن بە مامەڵەی ڕۆژانەی نێوان هاووڵاتییان و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی هەموو تاکێکەوە هەیە، لەوانە مافەکانی جیاوازی نەکردن، ڕێزگرتن، ئازارنەدان، چارەسەرکردن، مافی فێربوون، گەڕان و گەشتکردن ... تاد.

نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمانە

سیمای گشتی کۆمەڵگەن و نابێت دەستکاری بکرێن و بشێوێنرێن و ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵگە تێکبچێت و ژیانکردن تێیدا بە سەختی بێت و دڵەڕاوکێ لە نێوان هاووڵاتییاندا هەبێت.

### تەوەرەی دووەم: مافی هاووڵاتییان کە کتێبی ئاسمانیان نییە

نووسەر بە ڕوونی جیاوازی کردووە لە نێوان خاوەن کتێبە ئاسمانییەکان و ئەو هاووڵاتییانەی ئایینێکی ئاسمانیان نییە، کە شێوازی بەدەستهێنان و پەیڕەوکردن لە مافەکان و ڕێنماییە ئایینییەکانیان دەبێت بە پێی دەستوور و یاسای کۆمەڵگە بێت و زۆربەی بیروڕاکانیان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ڕێگەپێدراو نییە.

بە نموونە نووسەر پێی وایە کاتێک هاووڵاتییەک ڕەزامەندی دەربڕیوە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بژیت، دەبێت لە ڕووی دادوەرییەوە ملکەچی تەواوی یاسا و دادگاکانی دەوڵەت بێت، چونکە ئەو هیچ ئایینێکی دانپێدانراوی لەم دەوڵەتەدا نییە، هەروەها لەلایەنی ئابووری و بازرگانی دەبێت ڕێنمایی تایبەت بەم بوارە جێبەجێ بکات، لە مافی کۆمەڵایەتی و ئاسایشدا سوودمەند دەبێت، وەک مرۆڤێک مافەکانی تایبەت بە بوون و ژیان و کارکردنی هەیە، پاراستن و ڕێزگرتنی لەسەر کۆمەڵگە و لایەنی ئاسایشی وڵاتە.

تەوەرەی سێیەم: مافی ئەوانەی بە شێوەی کاتی لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا دەژین، کە بریتین لە دیپلۆماتکار و کونسوڵ و نێردە دیپلۆماسییەکان و کۆمپانیاکان و بازرگانان ... تاد.

**نووسەر لە دووتوێی ئەم پەرتووکەدا بە شێوەیەکی زۆرورد باس لە پێکەوەژیانی نێوان و موسڵمانان شوێنکەوتووانی ئایینەکانی تردەکات لە کۆمەڵگەیەکی موسڵماندا**

نووسەر ئەم بابەتەی بە کورتی و پوختی باس کردووە و هەموو ماف و ئەرکەکانیان لە کۆمەڵگەدا دەبەستێتەوە بە پەیماننامە و ڕێککەوتنەکانی نێوان دەسەڵاتی موسڵمانان و وڵاتانی خاوەن ئەم هاووڵاتییانە، دەبێت بۆ هەموو بابەتێک پشت بە ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتنانە ببەسترێت و بکرێت بە سەرچاوەی پەیوەندی مامەڵەی نێوانیان.

بەشی سێیەم تایبەتە بە پەیماننامە لەگەڵ ئەوانەی لە دەرەوەی ئایینی ئیسلامن، هەرچەندە نووسەر ئەم بابەتەشی کردووە بە سێ تەوەرەی سەرەکی، بەڵام لەبەر ئەوەی لەگەڵ بەشی پێشوودا لێکچوون و یەک مانایی هەیە، بۆیە بە شێوەیەکی کورت و پوخت بیر و بۆچوونی نووسەر ڕوون دەکەینەوە.

لە تەوەرەی یەکەمدا نووسەر باسی خاوەن کتێبە ئاسمانییەکانیان دەکات

(أهل الذمة) پێی وایە دەبێت ڕێککەوتن و پەیمانی نێوان ئەمان و موسڵمانان بە شێوەیەکی بەردەوام بێت و لە سیفەتی کاتی دوور بێت، تەنانەت ئەگەر ساڵانی زۆری بە سەردا تێپەڕێت و چەند نەوەیەکی بە دوادا هاتبێت، دەبێت هەموو پەیوەستی پەیمان و ڕێککەوتن بن، لەبەر ئەوەی خاوەن کتێبە ئاسمانییەکان بەم شێوەیە دەبن بە هاووڵاتی ئاسایی، یاخود هاووڵاتی ڕاستەقینە و هەموو ماف و ئەرکێکی یاسایی دەیانگرێتەوە و دەبنە هەڵگری ناسنامەی وڵات.

بەڵام تەوەرەی دووەم کە تایبەتە بە گرێبەستی پاراستن، ئەوانە دەگرێتەوە کە خاوەن کتێب نین، بەڵکو ئایین و بیروباوەڕی تریان هەیە، بە بڕوای نووسەر ئەمانە وەک هاووڵاتی مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت و تەنیا مافی ژیانێکی سادەیان هەیە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا کە لە زۆر کاتدا مافی دەرخستن و پەیڕەوکردنی بیروباوەڕیشیان پێ نادرێت و هیچ مافێکی سیاسیشیان نییە، یان بۆ ئەم مەبەستە نووسەر زۆر گفتوگۆی کردووە و بەڵگەی بۆ بۆچوونەکانی هێناوەتەوە.

لە تەوەرەی سێیەم و کۆتاییدا نووسەر باس لە گرێبەستی تایبەت دەکات، کە ئەمەیان بە گشتی لە دوو لایەندا دەردەکەوێت، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو هاووڵاتییانەی ئەم گرێبەستە دەکەن بە زۆری نوێنەری خودی خۆیان نین، بەڵکو نوێنەر و زمانحاڵی وڵاتێک، یاخود ڕێکخراوێکن.

لایەنی دووەم ئەوەیە ئەم هاووڵاتییانە بۆ ژیان لە ناو کۆمەڵگە نەهاتوون، بەڵکو بۆ کارێکی دیاریکراو و تەنیا ئەوەش جێبەجێ دەکەن و بە حاڵەتی شاز و دەگمەن نەبێت تێکەڵی کۆمەڵگە نابن، لەم حاڵەتەشدا ڕێککەوتن و پەیماننامەکە هەموو شتێکە و پەیڕەوی دەکرێت.

**بەشی چوارەم**

سزای تاوانی ئەوانەی کە لە وڵاتی موسڵماناندا دەژین و موسڵمان نین. نووسەر لەم بەشەدا بە هەمان شێوەی بەشەکانی تر بە سێ تەوەری پوخت، جۆری تاوان و سزای پێویست بەرامبەر ئەو تاوانانەی بۆ ناموسڵمانان دیاری کردووە، کە ڕوانینی نووسەر بە شێوەیەکە پێکەوەژیان لە کۆمەڵگەدا پێویستی بەڕوونی و دیاری سزاکانیش هەیە بەرامبەر تاوانەکان .

لەم بەشەدا نووسەر تاوانەکانی کردووە بە چەند بەشێکەوە، تاوانەکانی پەیوەست بە ئاسایش و سەروەری وڵات، تاوانەکانی پەیوەست بە بواری ئابووری و ئاسایشی خۆراک، تاوانەکان بەرامبەر خودی تاکەکانی کۆمەڵگە و بە موسڵمانان، یاخود هەڵگرانی بیر و باوەڕی ئایینەکانی تر، یاخود تاوانەکانی تر کە لە یاسادا دیاری کراون دەگونجێت هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگە بەهۆی بەردەوامی ژیانی ڕۆژانەوە تووشی ببێت ڕاستەوخۆ، یاخود ناڕاستەوخۆ بەبێ ویست ...هتد.

هەموو ئەمانە بە جۆرێک سزای خۆیان هەیە کە سەرچاوەکەی بریتییە لە یاسای گشتی لە وڵات و پەیماننامە و ڕێککەوتنەکانی نێوان لایەنەکانی کۆمەڵگە و هەموو ئەمانەش ڕوونن و هەموان بە ناوەرۆکی ئاشنان.

نووسەر بە پاشکۆیەک کۆتای بە نووسینەکەی دەهێنێت و پەرتووکەکەی تەواو دەکات. لەم پاشکۆیەدا گرنگی داوە بە مامەڵە و پەیوەندی موسڵمانان بە پێباوەڕانەوە بە هەموو بیر و باوەڕە جیاوازەکانەوە لە کۆمەڵگەی موسڵمانان‌اندا، لەبەر ئەوەی ئایینی ئیسلام لە بەشێکی گەورەی ڕێنمایی و فەرمانەکانیدا گرنگی داوە بە پەیوەندی تاک لەگەڵ یەکتری، واتە ئەو پەیوەندییە سروشتییەی کە مرۆڤەکان پێکەوە دەبەستێتەوە زیاتر پەیوەندی بە خودی تاک و هەست و بیر و هۆشی کەسییەوە هەیە و ئایینی ئیسلام زۆر بە بایەخەوە دەڕوانێتە پەروەردەی ڕۆحی تاک و ئامادەبوونی بۆ توانای دروستکردنی پەیوەندی دروست و پاشان کۆمەڵگەی خۆشگوزەران و ئارام کە تێیدا پێکەوەژیانی ڕاستەقینە سیمای دەرکەوتووی ژیان بێت .

نووسەر لەم پاشکۆیەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە مانا و مەبەستی سەرەکی هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ ڕێکخستنی ژیان و پاراستنی مرۆڤ و بەدەستهێنانی مافە، بە تایبەت بۆ هەموو تاکێک لە هەر شوێن و پێگە و تەمەن و ڕەگەز و ئایینێک بن، لە گرنگترین بوارەکانی ئەم پەیوەندییە بواری ئابوورییە، کە ئایینی ئیسلام جەختی کردووەتەوە لە پاراستنی سەروەت و سامانی هەموو ئەوانەی لە کۆمەڵگەی موسڵمانان‌اندا دەژین و کار دەکەن، هەر وەک چۆن دەبێت ڕێزی هەموو تاکێک لە ڕووی کولتوور و ڕۆشنبیرییەوە پارێزراو بێت، بە هەمان شێوەش بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و دادوەریش جارێکی تر جێگای سەرنج و گرنگی پێدانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە و دەبێت هەموان پێوەی پابەند بن .

**نووسەر لەم تەوەرەدا بەڵگە و بابەتی زۆری خستووەتەڕوو بۆ سەلماندنی هەبوونی باوەڕی پێکەوەژیان لە لای موسڵمانان لەگەڵ هەموو ئایین و ئایینزاکانی تری ناو کۆمەڵگە**

لە کۆتاییدا نووسەر بە پوختەیەک سەرنجی خۆی لە دەرەنجامدا دەرخستووە و نووسیویەتی کە ئایینی ئیسلام لە بەرنامەی خۆیدا بەها و ڕێزێکی گەورەی بۆ مرۆڤ داناوە و یاسا و ڕێسای زۆری ڕێکخستووە بۆ بەهێزکردنی پێگەی تاک و بەرەودان بە تواناکانی دامەزراندنی پەیوەندییەکی دروست لە نێوان هەموو تاکێکی هاووڵاتی لە کۆمەڵگەدا، ئەمانەش

هەموو بۆ قووڵکردنەوەی چەسپانی شێوازی پێکەوەژیان و ئاشتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە، کە بە دانپێدانان بە ئایین و مانەوەی ئەم هاووڵاتییانە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا دەست پێ دەکات و بە جەختکردنەوە لە پاراستنی ماڵ و ژیان و ئازادییان تێدەپەڕێت، بە سزادانی ئەوانەش کۆتایی دێت ئەگەر بەبێ هیچ هۆکارێک ئازاریان پێ بگەیەنن و هەتا پێکەوەژیان ڕاستەقینە بێت و ئاشتی و خۆشگوزەرانی سیمای گشتی کۆمەڵگە بێت.

لە کۆتایی ئەم پوختە باسەدا لە ناوەرۆکی ئەم پەرتووکە گونجاوە ڕاستییەک بوترێت و سەرنجی وردی بخرێتە سەر، ئەویش ئەو جیاوازییە سروشتییەیە کە خودا مرۆڤی لەسەر دروست کردووە، وەک یاسایەک لە ژیانی هەمواندا بوونی هەیە، ناتوانرێت دان بەوەدا بنرێت کە مرۆڤێکی وا هەبێت بڕوای وا بێت دەبێت جیاوازییەکان نەهێڵرێن، یاخود جوانی جیاوازبوون بشاردرێتەوە.

لە ڕاستیدا واقیعبینی یەکێکە لە گرنگترین پایەکانی دامەزراندنی عەقڵی سەلیم لە لای مرۆڤ، واقیعیش سەلماندویەتی هەموو کات پێویستە مرۆڤی بەرامبەرت کە جیاوازە لە ڕووی (ئایینی – نەتەوەیی- ڕەگەزی- ڕەنگ و زمان....هتد) مافی ئەوەی هەبێت بە هەمان شێوەی تۆ هەڵبژاردن بۆ جۆری جیاوازییەکەی خۆی بکات، تەنانەت ببێتە سیمایەکی دیاری ژیانی ڕۆژانەی، کە بێگومان بە مەرجی هەبوونی یاسا، یاخود ڕێککەوتنی تایبەتی لەم بوارەدا جیاوازییەکان دەبنە ڕەنگدانەوەی دروستبوونی کۆمەڵگەیەک، کە دەکرێت نموونەیی بێت و ژیان تێیدا بە مانای خۆی بەرجەستە بکرێت.

## نووسەر لەگەڵ پێکەوەژیان و ڕێزی ئایین و پێدانی مافی هاووڵاتیبوون بەشوێنکەوتووانی ئایینەکانە لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا

لەبەر ئەمە گرنگە هەموو مرۆڤێک، یاخود تاکێکی کۆمەڵگە باوەڕی تەواوی بۆ دروست بێت، کە بەبێ توانای یەکتر قبووڵکردن و دامەزراندنی بنەما ڕاستەقینەکانی پێکهێنانی پردی پێکەوەژیان و مانا و مەبەست و فەلسەفەی ئایینەکانیش، بەتایبەت ئایینی ئیسلام بەدی نایەت و ناتوانرێت بنەماکانی جێبەجێ بکرێن.

# زاراوەناسی

# ئایینناسی

# پێکەوەژیان

## ئامادەکردنی: وەرزنامەی ئایینناسی

پێکەوەژیان لە ڕووی زمانەوانییەوە لە دوو وشە پێک دێت، یەکەمیان پێکەوەیی کە واتای بە یەکەوە بوون دەگەیەنێت لە هەمان شوێن و هەمان کاتدا، وشەی دووەم ژیانە کە مانای درێژەدان و بەردەوامیە بە ئەو پێکەوەبوونە، بەم شێوەیە مانای چەمکی پێکەوەژیان بریتییە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵێک لە خەڵک (هاووڵاتییان) لە شوێنێکی دیاریکراو کە هۆکارە بنەڕەتییەکانی ژیان وەک مانەوە و هاوکاری و بەرژەوەندی هاوبەش پێکەوەی بەستوون و بەیەکەوە دەژین، بێ گوێدان بە جیاوازی ئایین یاخود هەر بیروباوەڕێکی تایبەتی و جیاواز کە بوونی هەبێت .
هەروەها پێکەوە ژیان واتای پەیوەندییەکی هاوبەشە لە نێوان دوو لایەن یان زیاتر، سەرەڕای هەبوونی جیاوازی لە نێوانیان بە هۆی ئایین یاخود لایەنگری و بیرکردنەوەی تایبەت، کە تێیدا دانپێدانانی یەکتر و قبووڵکردنی بەرامبەر خاڵی گرنگ و دیاری ئەم پەیوەندییە.

پێکەوەژیان لەسەر چەند بنەمایەکی سەرەکی دادەمەزرێت، یەکەمیان چەسپاندنی بیروباوەڕی یەکتر قبوولکردنە کە زیاتر پەیوەندی بە پێگەیاندنی تاک هەیە لە کۆمەڵگادا، دەبێت وەک کولتوورێک لە ناخ و هەستی تاکەکانی کۆمەڵگە دروست بکرێت، دووەمیان دروستکردنی پێکهێنانی بەرژەوەندی هاوبەشە لە ژیانی ڕۆژانەدا کە تاکەکان بە یەکەوە دەبەستێت، سێیەمیان هەبوونی ڕێسا و یاسای گشتییە لە کۆمەڵگادا کە دەبێتە سەرچاوەی دامەزراندنی ژیانی پێکەوەیی و چاودێری وردی ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتییان.

پێکەوەژیان لە ئایینی ئیسلامدا لە بنەڕەتدا بە تێڕوانین لە مرۆڤبوون دەست پێ دەکات و بە دارنینی مرۆڤ لە هەر بیروباوەڕێک کە هەیە، گرنگی و پلەوپایەی مرۆڤ وەک خودی خۆی کراوەتە بنەمای پێکەوەبوون و یەکتر قبوولکردن، واتە جەخت کراوەتەوە لەسەر گرنگیدان بە کەسێتی مرۆڤەکان بۆ مامەڵەی ڕۆژانە پێش ئەوەی سەیری ئایین و بیروباوەڕ بکرێت.

گرنگیدان بە بەهێزکردنی سۆز و هەستی مرۆڤ بۆ وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی ژیان و کاری هاوبەش و پێگەیشتن لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕامیاری هۆکاری سەرەکی بوون و برەودانن بە پێکەوەژیان و ڕێگای دامەزراندنی بنەماکانی دەست پێکردن و چەسپاندن و بەردەوام بوونی ئەم پێکەوە بوونەن .

لە پێکەوەژیاندا تەنها یەک کۆمەڵگە و هەبوونی یاسا لەو کۆمەڵگەیەدا مەرج نین بۆ چەسپاندن یاخود دروستبوونی ئەم پێکەوەبوونە، بەڵکو لایەنەکانی هەست و سۆز بۆ یەکتر و هەبوونی باوەڕ بە گرنگی بەرامبەر و پێویستی هاوکاری و ڕێزی خودی مرۆڤەکان لە ژیاندا، مەرجە سەرەکییەکانی پێکەوەژیانی ڕاستەقینەن لە کۆمەڵگادا و بنەمای بەردەوام بوونی دادەڕێژێت.

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین لە گۆڤاری ئایینناسی

ئایینناسی گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە، دەخوازێت خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژوویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی بکات.

## ڕێنمایی نووسین و وەرگێران

**١. ڕێنمایی نووسین**

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.
٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.
٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.
٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.
٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.
١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.
١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.
١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ گۆڤاری ئاییناسی پارێزراوە.
١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنیردرێتەوە.
١٤.پادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

**٢. شێوازی نووسینی پەراوێزو سەرچاوە:**

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.
-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمانشێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.
-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.
-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

**کتێب**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).

نمونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبداللە سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).

تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.

نمونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).

گۆڤار و توێژینەوە

-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).

نمونە: حضرتی، حسن و دیگران (١٣٩٥)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان سیاسی نهضت آزاد اسلامی"، فصلنامە ژرفا پژوە، سال چهارم، شمارە ١٠، ل (لاپەڕە).

ڕۆژنامە

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی رۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).

نمونە: کەنعان مەکیە (٦-٢٠٢٠/٣/٧)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.

ماڵپەڕ

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.

نمونە: Adler, Katya(٢٠٢٠/٣/٢), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks", https://www.bbc.com/news/world-europe-٥١٦٥٧٠٨٤, (accessed: ٢٠٢٠/٣/١١).

نمونە: ئومێد ڕەفیق فتاح (٢٠٢٠/٣/٦)، "مەترسییەکانی رۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ٢٠٢٠/٣/١٤).

نمونە: الساقل، فراس (٢٠٢٠/٣/٣)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٦).

نمونە: محمد قراسویی، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامی، ابعاد

و مؤلفه¬ها"، ١٢٤٣٨٩/http://alwaght.com/fa/News/، (قابل دسترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).
تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.
تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.
تێبینی٣: ئەگەر بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**
-چاوپێکەوتنی (ناوی دیدارکەر) لەگەڵ کەسی دیدارکراو، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.
نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.
ڤیدیۆ
-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.
نمونە: یوتیوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**
-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.
-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.
-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی












































CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی














































CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

































CFS

گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

# وەرزنامەی
# ئایینناسی

ژمارە (٦) ساڵی دووەم، نیسانی ٢٠٢٤